هاوکاری

الـتـضـامـن

رۆژنامەیەکی هەفتانەی گشتییە
لە دەزگای هاوکاری چاپ و بلاوکردنەوەی کوردی دەردەچێ
لە « دار الحرية » چاپ دەکرێ
وزارة الاعلام
دار التضامن للطباعة والنشر الكردية
بغداد ـ شارع الجمهورية ـ ساحة الخلانی
تلفون (٦٨٣١١ ، ٦٨٣١٢ ، ٦٨٣١٣)

HAWKARI, TEL 68311, 68312, 68313

ساڵی ١٩٧٠ دامەزراوە — ١٩٧٥/١٢/٢٦ ژمارە (٢٩٧) — « ١٢ » لاپەڕە « ٢٥ » فلس

سەروکی فەرماندە سەری لە بنکەیەکی ئاسمانی داوە

بەیانی ڕۆژی چوار شەممەی ڕابوردو سەرۆکی فەرماندە بەڕێز احمد حسن البکر بۆماوەی چوار سەعات لە بنکەیەکی ئاسمانیدا ماوەتەوە ، لەم سەردانەدا ، سەرۆکی فەرماندە هەڤال کامل یاسینی نوێنەری مەکتەبی عەسکەری حیزبی بەعسی سوشیالستی عەرەبی و جێگری فەرماندەی هێزی ئاسمانی لەگەڵدا بو

سەرۆکی فەرماندە پیرۆزبایی جەژنی سەری ساڵی ئەکات

بۆ ایەتی ڕاستگۆو هاوپەیمانی گەلی عیراق جوانترین دەسکەوتەکانی شۆڕش

لە پیروزبایی یەکەی سەرۆکی فەرماندەدا

٥ خاکی عەرەب لەکۆنەوە خاکی بۆ ایەتی ئایین و بڕوا بووە ٥ بۆ ایەتی ڕاستگۆو هاوپەیمانی گەلی عیراق جوانترین دەسکەوتەکانی شۆڕشن

سەرۆکی فەرماندە کاك احمد حسن بەکر لەنامەیەکی پیروزبایی کردندا کە بەبۆنەی جەژنی سەری ساڵەوە ئاراستەی کردوە وتویەتی : نەتەوەی عەرەب مان دلێرانە توانیویەتی ڕووبەڕووی ئەو تەقەللاجە بەڵانە ببێ کە بۆ تێکدانی یەکێتی، نەتەوەیی و ریزی ڕۆلەکانی دراون • ئەمەش نەواوی نامەکەیە :

هاوولاتینە :

یادو بۆنەی جەژنی سەری ساڵ بەهەل ئەزانم بۆ ئەوەی پیرۆزبایی لەهەمووتان بکەم و هیوادارم ڕۆژی بەختەوەر و ساڵێکی نوێ بەسەر بەرن کەهەمووی خێر و خۆشی و ئاشتی بێ •

شادمانم کە بەتایبەتی پیرۆز سروشتی دەرون فراوانی و بایی لەبراو ڕۆڵانم هاوولاتیانی خواستی تەوی ساغی کردۆتەوە کە ئەتوانێ ڕووبەڕووی هەموو تەقەلایەکی نایەسندانە ببێ کە بۆ تێکدانی یەکێتی نەتەوەو ریزی ڕۆلەکانی لەدرێن ••• ئیمرۆش دلێرانە بەرەنگاری پیلانی چەپەڵی ئیمپریالیزم و زایونزم ئەبێ کە ئەیانەوێ تۆڕی فیتنەی تیرەگەرایەتی و ئایینی لە لوبنانی عەرەبدا بچێنن •

برایینە :

برایەتی و هاوپەیمانی ڕاستوڕەوانی ئیمرۆی گەلی عیراق بە نەتەوەو ئایینە جۆربە جۆرەکانیەوە جوانترین دەسکەوتی شورشە جوامێرانە کەتانە (شۆڕشی حەفدەی تەمووز) وە ئەوکۆڕانەی بەسەرولاتدا دێن بەروبۆمی ئەوشوڕشەن •

هاوولاتینە

داوا لە خوای گەورە ئەکەم کە ئەم ڕۆژانە بەخێر و خۆشی و بە خێرو خۆشی بەسەر ولاتەکەمان دا بپەڕێ و نیشتمانمان ئەوەندەی تر بە هێز ببێ •

سلاوی خواتان لێ بێت •••

احمد حسن بکر
سەرکۆمار

سەرۆکی کۆریا پیرۆزبایی میللی کردنی بەشی بێگانە لە نەوتی بەسرادا ئەکات

لەبروسکەیەك دا بۆ سەرۆبەکر

سەرکۆمار کاك احمد حسن بکر ئەم بروسکە پیرۆز بایيەی لە بەڕێز کیم ئیل سۆنگ سەرۆکی کۆماری دیموکراتی گەلی کوریاوە پێ گەیشتوە بەبۆنەی میللی کردنی بەشە نەوتی بی تانە لە کۆمپانیای نەوتی بەسرادا :

هەڤالی بەڕێز احمد حسن بکر
سەرکۆماری عیراق

بە بۆنەی هەنگاوە ڕەواکەی ئەم دواییەتانەوە سەپارەت بە میللی کردنی بە شە نەوتی مۆزنۆ بۆلەکانی بێ کانە لە کۆمپانیای نەوتی بەسرادا گەورەترین پیرۆز بایيتان لێ ئەکەم •

بەم پێیە ئەلی عیراق بوو بەتاکە خاوەنی سامانی نەوتی خۆی •• بەم بۆنەیە شەوە ئێمە پشتگیری کردنی خۆمان ڕائەگەیەنین •

هەنگاوە ڕەواکانی کۆماری عیراق هەنگاوی ئەوڕشکێنانەی بایەخ دارن لە تێکۆشانی گەلی عیراقدا لە بێناو دەستخستنەوەی سامانی نەوت و پاراستن و داکۆکی کردن لە دەسەلاتی ئەتەوە •

گەلی کوریا لەم ڕووەوە شان بەشانی گەلی عیراق ئەوەستێ و پشتگیری ئەواوەتی خەباتی ڕەوای ئەلی عیراق ئەکات •

لە قولایی دلەوە هیوا دارم کە پتر سەرکەوتن بە دەست بهێنن لەو خەباتەدا کە گەلی عیراق ئەیکێڕێ لە بێناو بنیات نانی کۆمەڵی نوێ لە ژێر ئالای سەربەخۆیی و بەکڕا چوونی ئیمپریالیزم و بە سەر کردایەتی ڕەوای سەرۆکی بەڕێز کاك احمد حسن بکر •

کیم ئیل سونگ

بریارنکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

دامەزراندنی هەردوو وەزارەتی بازرگانی دەرەوە و ناوخۆ

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بریاری هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتی ئابوری و دامەزراندنی هەردوو وەزارەتی بازرگانی دەرەوەو ناوخۆیی دائەمەش تەواوی بریارەکەیە :

بەپێی ناوەڕۆکی بڕگە (١)ی وەختی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆبونەوەی ڕیککەوتی ٢٤ـ١٢ـ١٩٧٥ ئەم بریارەی دا :

١ ـ وەزارەتی ئابوری هەڵئەوەشێنرێ و ئەم دوو وەزارەتە لەشوێنی دائەنرێن :

أ ـ وەزارەتی بازرگانی دەرەوە •

ب ـ وەزارەتی بازرگانی ناوخۆ •

٢ ـ ئەم بریارە لەگەڵ دەرچوونی کاری پێ ئەکرێ و وەزیرەکان ناوڕۆکەکەی جێ بەجێ ئەکەن •

احمد حسن بکر
سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

هەروەها ئەم مەرسومە جمهوری یەش لەم بارەیەوە دەرچوو :

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

مەرسومی جمهوری

بەپێی ناوەڕۆکی بڕگە (د)ی بەندی پەنجاو هەشتی دەستوورِی وەختی ئەمەی خوارەوەمان بریاردا :

١ ـ حکمت عزاوی وەزیری بازرگانی دەرەوە و جێگری وەزیری بازرگانی ناوخۆ ئەبێت •

٢ ـ دکتور فوزی القیسی وەزیری دارایی ئەبێت •

لەڕۆژی بیست و دووی مانگی ذی الحجەی ساڵی ١٣٩٥ی کۆچی بەرامبەر بە بیست و چواری مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٧٥ی زایین لەبەغدا نووسرا •

احمد حسن بکر
سەرکۆمار

وە دەربارەی ئەم بریارانەی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ، کاك حکمت عزاوی وەزیری بازرگانی دەرەوە ئەواو وتی : ئەم هەنگاوە ، هەنگاوێکی لەپارو لەچێگای خۆی دایەتی چونکە ڕەوتی ئابوری و کۆمەلایەتی ولات ئەپارێزێ هەروەکو لە ڕاپۆرتەکەی هەشتەمین کۆنگرەی قطری حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب بریاری لەسەر دراوە •

ئا•د•ع

جەژنی پیرۆزی لە دایك بوونی

دوێنێ ڕۆلەکانی گەلی عیراقمان لە هاوولاتینە مەسیحیەکان ، ئاهەنگی جەژنی پیرۆزی لەدایك بونیان گێڕا ، جەژنی ئەمسالیش لە ولاتەکەماندا لەسای کاروانی بەرەوپێشەوە چووی شۆڕشگێرانەی پڕ لە دەستکەوتەی مەزن و پیرۆزە بۆ گەلی عیراقمان •

لەم بۆنە پیرۆزەدا ، گەرمترین پیرۆزبایی هەموو ئیش کەرانی هاوکاری چاپ و بلاوکردنەوەی کوردی و دەستەی نوسەرانی ڕۆژنامەی (هاوکاری)و گۆڤاری (بەیان) بەهەموو لایەك ئەگەیەنین و ساڵی تازەمان ساڵی پتەوبونی بەهێزتری برایەتی کوردو عەرەب و کە مایەتیە پراکان بێ بۆ دەسکەوتەی شورشگێرانەی زیاتر بە سەرکردایەتی حیزبی بەعسی سوشیالستی عەرەب لە عیراقی برایەتی و خۆشەویستی و ناوەدانیاو بۆبێشەوە •

ـ هاوکاری ـ

شۆڕشگێرانی عومەمان زیانیکی گەورەیان لە دوژمن داوە

عەدەن : ئا•د•ع : لە ١٦ و ١٧ی ئەم مانگەدا شۆڕشگێرانی بەرەی ڕزگاری هێنەری عومەمان زنجیرە هێرشێکیان بردۆتە سەربنکەو ئوردوگاکانی بێگانە لە ناوچەی ڕۆژئاوا لە زەفار ••

وە لە بەیاننامەیەکدا کە لەم ڕۆژانەدا بلاوکراوەتەوە وتراوە : (٧٢) سەربازی دوژمن لە ناوبراوەو فرۆکەیەکی هەلیکۆپتەر کە لەسەر خاکی فرۆکەخانەی صرفیت بووە تێك شکێنراوە •

هەروەها لەئەنجامی ئەم هێرشانەدا (١٦) بنکەو سەنگەرێکی تۆپی (٨١) ملمو مەخفەرێکی چاودێری کردن ویران کراون • شورشگێرانیش بە ساغ و سەلامەتی ئەڕاونەتەوە بۆ بنکەکانیان •

لە لایەکی ترەوە بەرەی گەلی ی ڕزگاری هێنەری عومەمان داوای لە ڕێکخراوو سیستەمە نیشتمانپەروەرەکانی عەرەب کردوە کە کۆمەك بە خەباتی گەلی عومەمان بکەن بۆ بەرەنگاری کردنی هێزی دەستدرێژی کەرو داگیرکەران •

وە لە بەیاننامەیەکی لیژنەی تەنفیزی کۆمیتەی ناوەندی بەرەدا وتراوە : ئەو هێزانەی بێگانە کە ئێستا لە عومەمان بەکڕ شورشگێڕاندا ئەچن تەنیا جۆرە کانیەوە جوانترین دەسکەوتی شورشە جوامێرانە کەتانە (شۆڕشی حەفدەی تەمووز) وە ئەوکۆڕانەی بەسەرولاتدا دێن بەروبۆمی ئەوشوڕشەن •

هاوولاتینە

داوا لە خوای گەورە ئەکەم کە ئەم ڕۆژانە بەخێر و خۆشی و بە خێرو خۆشی بەسەر ولاتەکەمان دا بپەڕێ و نیشتمانمان ئەوەندەی تر بە هێز ببێ •

سلاوی خواتان لێ بێت •••

احمد حسن بکر
سەرکۆمار

هیندستان کومپانیای (شل)ی میللی کرد

حکومەتی هیندستان هەموو کاروبارێکی کومپانیای نەوتی (شل)ی میللی کرد •

ڕۆژی چوارشەممەی ڕابوردو قسەکەرێك بەناوی وەزارەتی نەوت و کیمیاگەری یەوە لە دلهی وتویە لەدوای گفتوگۆیەکی دورو درێژ ئەم ڕێکەوتنە مۆرکرا • وە وتویە لەمانگی داهاتودا ئەنجومەنی پەرلەمان ئەم بریاری میللی کردنە مۆر ئەکات ئینجا بەدرێژی بلاو ئەکرێتەوە •

وەکو زانراوە کومپانیای شل گەورەترین کومپانیایە کە هیندستان میللی ئەکات •• دینسانەوە ساڵی بار کومپانیای (ئاسو)و (ستاندر)ی ئەمەریکایی میللی کرد •

بروانە ل ـ٢ـ

سەرۆك بەکرو بایەخدان بەدەوری کولیجەکانی بەرێوەبردن و ئابوری لە بێناوی گەشەکردن دا ئەسلمێنێ

- سەروك بەکرو هەڤال صدام حسین چون بۆ کولیجی بەرێوە بردن و ئابوری لە زانکوی مستنصریە •
- بانگ کردنی کۆمەڵی مامۆستایان بۆ ئەوەی بە کردەوە بەشداری ژیانی ئابوری ولات بکەن •

سەرۆکی فەرماندە احمد حسن البکر لە گەڵ ماموستا صدام حسین جی گری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممەی ڕابور دوو چوون بۆ سەردانی کولیجی بەرێوەبردن و ئابوری لە زانکۆی مستنصریە لە بەغدا •

سەرۆکی فەرماندە ئەلیك بایەخی بە کۆلیجەکانی بەرێوە بردن و ئابوری دا وتی ئەم کۆلیجانە لێ پرسینەوە یەکی گرنگی میژوییان لە ئەستۆدایە لە بێناوی بەشداری کردنیان لە ڕوی مسوگەر کردنی بێویستی و نەخشەو بەرنامەی کەشە کردنەوە کە ئیستاو دوا ڕوژ دەستی بێ ئەکرێ ••

سەرۆکی فەرماندە وتی : کۆلیجەکانی بەرێوە بردن و ئابوری لە زانکۆکانی ولات دا چالاکیەکی کەورە ئەنوێنن لە بێناوی نەخشەی سیاسەتی ئابوری ولاتدا • وە هۆیەکی گەورەی ڕابەرێنی پیشەسازی و کشت و کاڵ و شارستانیتی یە •

سەرکۆمارو مامۆستا صدام بە ئامادە بونی مامۆستا غانم عبدالجلیل وەزیری خوێندنی بالاو لیکۆلینەوەی زانستی لە گەلی دکتور سلطان الشاوی سەرۆکی زانکۆی مستنصریەو مامۆستایان عەمیدی زانکۆ ئەندامانی کۆمەڵی دەرس وتنەوە (مامۆستایان) کۆبونەوە •• ناوبراوان بێویستی یەکانیان پیشکەش بە سەرۆك کردو سەرکۆمارو ماموستای جێ گر بیروڕای خۆیان لەو بارەیەوە دەربڕی ••

سەر کۆمار فەرمانی دا بیۆیستی یەکانی زانکۆ جێ بەجێ بکرێ • وە داوای لە کۆمەڵی مامۆستایان کرد کە بە کردەوە هاو بەشی ژیانی ئابوری ولات بکەن و زۆر تر بایەخ بە لیکۆلینەوەی زانستی بدەن •

هەروەها داوای لێ کردن کە جەماوەر بە هۆشیاری ئابوری هۆشیار بکەنەوە بەرامبەر بەرنامەی کە شە کردن و داخوازی هاو ولاتیان بەپێی ڕابورتی سیاسی هەشتەمین کونگرەی حزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب •

دکتور سلطان الشاوی سەرۆکی زانکۆی مستنصریە زۆر بێ خۆشحالی خۆی بەرامبەر بە سەردانەکەی سەرۆك و جێ گری سەرۆك نیشان دا ووتی ئەم سەردانە یەکێکە لە ئاواتە کانی زانکۆ کەمان چونکە ئەمە بەلگەی ئەوەیە کە سەرکردایەتی حزب و شورش سورن لە سەر هاندانی زانست و زاناکان وە بەتایبەتی لە زانکۆ کانا •

ئێمە دلنیاین لەوە کە ئەم سەردانە ئەبێتە هۆی گۆڕانێکی گەورە لە زانکۆ کەماناو بەرنامەی کەشە کردن پێشتر ئەخات •

ئەم سەردانە چوار سەعاتی خایاندو لە کۆتایی سەردانە کەدا هەردو بەڕێز سەرۆکی فەرماندە احمد حسن البکر و مامۆستا صدام حسین جێ گری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش زانکۆیان بەجێ هێشت و هەر وەکو بەختیار هاتن کران لە کاتی گەڕانە وەشیانا بەڕێزەوە لە لایەن مامۆستایان وەزیری خوێندنی بالاو لیکولینەوەی زانستی و سەرۆکی زانکۆی مستنصریەو عەمیدی کولیجی بەرێوە بردن و ئابوری و جێ گری سەرۆکی مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراق و مامۆستایانی زانکۆی جەماوەرێکی زۆری قوتابیانەوە بەڕێ کران •

Institut kurde de Paris

تیشك

دلیر

جولانەوەی زایونیستەکان توشی زنجیرە نوشوستیەکی نێو دەولەتان بووە ، وە لە هەمولایەکی جیهانەوە دەنگی بیزاری روبەرویان بەرز ئەبێتەوە ، ئەم روداوە خۆی لە خۆیدا بنچینەیەکی سروشتی رەسەنی فەلسەفەی زایونیستەکانە ، کە جولانەوەیەکی رەگەزایەتی فاشیستیە بیرو قەوارەیان دژی مرۆڤایەتیەو دژی هەمو ئەوگەلانەیە کە داوای ئازادیو سەربەستی ئەکەن ، کومەلی کشتی ئەتەوە یەکگرتوەکان بڕیارێکی بە زۆری ٨٤ دەنگ دەرکردو داوای لە هەمو دەولەتان کرد کە یارمەتی سەربازی ونابوری بەزایونیستەکان نەدەن چونکە بیچەوانەی هەمو بیروباوەڕێکی مرۆڤانە دژی نەتەوەی عەرەب راوەستاوەو بەردەوام خاکی عەرەبی داگیر کردوە •

ئەم بڕیارە بە دەسکەوتێکی تری نەتەوەی عەرەب دا ئەنرێ لە ریگخراوی دەولەتانا ، هەروەها بەلگەی ئەوەیە کە دەولەتانی جیهان پشتگیری خەباتی رەوای نەتەوەی عەرەب ئەکەن لە دژی زایونیستەکان

جگە لە وەش هەمو دەولەتان بیزارن بەرامبەر بە کردەوەی زایونیستەکان •

ئەم بڕیارە لیدانێکی دیبلوماسیانەی تازەیە کە بەر پەرچی هەمو جۆرە جولانەوەیەکی زایونیستەکانو قەوارەی دوژمنانەیان رانەوەستێ •• هەروەها لە گوشەیەکی ترەوە ئەگەر سەرنجی باری ئەنجامی ئەم بڕیارە بدەین بومان روون ئەبێتەوە کە ئەم بڕیارە رویەکی ئەو بڕیارانەی پیشووە کە ریکخراوی دەولەتان دەری کردوە کە زایونیستەکان شیوەیەکی رەگەزایەتی فاشیستین •

ریکخراوی دەولەتان سورە لە سەر هەلوێستی خۆی بەرامبەر جولانەوەی زایونیستەکان وبەرەنگاری سیاسەتی دوژمنکارانەیان ئەوەستێ چونکە لە دژی جولانەوەی ئازادیخوازانەی عەرەبو مافی نەتەوایەتیو میژوی گەلی عەرەبی فەلەستین رانەوەستن •• وە بەم بڕیارە هەمو دەولەتانی سەربە ریکخراوەکەی هۆشیار کردۆتەوە کە زایونیستەکان چەپەل ترین شیوەی رەگەزایەتیو دوژمنکارانەن ••

ئەم داخوازیەی کومەلی کشتی سەربەنەتەوە یەکگرتوەکان کە داوای لە هەمو دەولەتان کردوە یارمەتی سەربازیو ئابوری بە زایونیستەکان نەدەن ئەمە شان بە شانی بڕیاری کومەلی کشتیە کە زایونیستەکانی بە جولانەوەیەکی رەگەزایەتیو وقەوارەی زایونیستەکانی بە بنچینەی جولانەوەی رەگەزایەتیو فاشیستیەتی داناوە •

لایەنە رونـاکەکانی بڕیاری میللی کردنی ئەم دوایـیە

ـ دلشاد ـ

شورشی ١٧ی تەموز لە ماوەی ساڵانی رابوردوا چەندکۆمەڵە دەسکەوتێکی پیشکەوتنخوازانەی هێنایە دی کە قوولی کۆڕانە شورشگیریەکانی وڵاتەکەمان ئەسەلمێنن لە ناو هەمو دەزگاکانی دەولەتیو کۆمەڵدا •• وەکو چاک کردنی مەسەلەی زەوی‌زار بە شیوەیەکی وابنەرەتیوچارەسەرکردنی ئاشتیو دیموکراتیانەی مەسەلەی کوردو میللی کردنو دامەزراندنی بەرەی نیشتمانیو چەندەها دەسکەوتی گرنگی تر •• وەکو زانراوە شورش گەلی رەسەنلەستوری هەندێک دەسکەوتەدارا ناوەستێ بەلکو هەمیشە بەرەوپیشەوە وبۆبەدەس هێنانی دەسکەوتی زۆرتر مەل نەنێ تاکو هەمو ئاواتەکانی جەماوەری زەحمەتکیش بەدی دێنێتو کۆمەڵگایەکی بەختیاربێک دێنێو هەمو شوێنەوارێکی دەست بەسەرا گرتنو چەوساندنەوە ئەسرێتەوە ••

سەرکردایەتی حیزبی لەوڵاتەکەمانا وزۆر کردنی مەسەلەی فەلەستین لەناوبەرنو بەعسی سوشیالیستی عەرەب بەرهەم بەهەمو شێوەیەك•• خاکی عەرەب بکەن بەجێگای رمبازی خۆیان ، ئەوانەی دەستیان بەقەوارەی زایونیستە کانەوە گرتوە وەکو حزبی کەتایبی کونەپەرست لەلوبنانو ریژیمی گومان لیکراوی سوریا•

ئەم بڕیارەی میللی کردن وەڵامدانەوەی ئەو دەستەپاچەیو خۆبەدەستەوەدانەیە کە هەندێك لە ریکخراوە ورەبەر دراوەکان بەدەستیکەل کردن لەگەل ئیمپریالیزمو زایونیستەکان ئەیانەوێ خاکی عەرەب بکەنە مولکای گفتوگوو خۆبە دەستەوەدانو پردێکی گەورە لە نێوان خۆیانو ئیمپریالیزمی ئەمەریکادا ببەستن • میللی کردن چەکی پەلامارداندە بۆسەر بەرژەوەندیە کانی ئیمپریالیزم لە نیشتمانی عەرەبا ، وەپیویستە هەمو ریگایەکی خەباتگوزاری باوەرکردن بە خەباتو جەنگی رزگاری گەلی درێژخایەن بگیرێتەبەر چونکە ئەمانە تاکە ریگای سەرکەوتنو بەدی هێنانی ئاواتو ئامانجی نەتەوەی عەرەبن •

کۆژرانی یاریدەدەری باڵیوزی ئەمەریکا لە یۆنان

ڕۆژی ٢٤ـ١٢ ریچارد ویلش یاریدەدەری تایبەتی باڵیوزی ئەمەریکا لەیونان لەبەر دەرگای ماڵەکەیدا کوژرا ویلش لە ناهەنگیك ئەگەڕایەوە کە باڵیوزی ئەمەریکا جاك کوپینش سازی کردبوو •

ویلش سەرۆکی بەکێڕیکیراوانی دەزگای جاسوسی ئەمەریکایە لەیونانو لەکاتێکدا لەئوتومۆبیلەکەی دانەبەزی دەستڕێژی لێکراوەو سێ گوللەی پێوە نراوەو یەکێکیان دلی پێکاوەو لەخەستەخانەدا مردوە !

ئەوانەی تەقەشیان لێکردوە سێ کەسی رووپۆش بوون لە ئوتومۆبیلێکی رەش‌دا •• پولیسی یونان ئەلێ ویلش ژنو منالەکانی لەگەڵا بووە بەڵام هەر خۆی پێکاوە •

ویلش لەمەوبەر پلەی دیپلوماسی هەبووە لە پیرۆز کواتیماڵاو قبرصو شەش مانگ لەمەوبەر بوو بە یاریدەدەری تایبەتی باڵیوزی ئەمەریکا لەیونان ئەو پلەیەش تەنیا ئەدرێ بەو کەسانەی لەدەزگای (سی•ئای•ئەی) ئەمەریکا دان •

پاشماوەی شورشگێرانی عومەمان

هەرەشە لەگەلی عەرەبی عومەمان ناکەن بەڵکو مەترسین بۆسەر هەمو ناوچەی خلیجی عەرەب •

بەیاننامەکە ئەڵێ : گەلی عومەمان درێژە بە خەباتو تێکوشانی ئەدات تاوەکو دواسەربازی بێگانە خاکی عومەمان بەجێ ئەهێڵێو عومەمان رزگاری ئەبێو جێگای دیاری کراوی خۆی لە کۆمەڵی عەرەبدا بەدەست ئەهێنێ •

ئەم دایك بونی کۆماری دیموکراتی لاوس

هەفتەی رابردو ، وەزیری ڕاگەیاندنی فێتنام ، لە دامەزراندنی کۆماری دیموکراسی لاوس پاش هەلوەشاندنەوەی حکوومەتەهاوبەشی یەکەی ئەم دووایی‌یە « شۆڕشی نیشتمانیو دیموکراسی لە وڵاتدا بەرپا بووەو ئێستا لاوس وڵاتێکی دیموکراسی سەربەخۆیەو بەرەوچەسپاندنی ریژیمی سوشیالیستی ئەڕوات » •

ئەم بڕیارە مێژوییە بەکێك بووە لە ئەنجامەکانی کۆنگرەی جەماوەری گەل کە بزووتنەوەی (باسیت لاو) ڕێکی خست‌و لە هەموو ناوچەکانی وڵاتدا خۆبیشاندانی فراوان سازکرا بۆ کۆڕینی فەرمانی پاشایەتی ، ئەوە بوو (ئەلینۆ لاوما کاست) بەشی (سوفانانوفا) و (سوفانگ قانمانا) کە لە سالی ١٩٥٩وە کرابو بە مەلیکی لاوس وازی هێنا • دیسانەوە بڕیارەکە حکوومەتە هاوبەشیەکەی ئەم دووایی‌یەشی هەلوە شاندۆتەوەو (ئەلینۆ لاوما کاست) بەشی سیاسی لە بزوتنەوەی باسیت لاوس ، دەسەڵاتی تەواوی بەسەر وڵاتدا گرتووە ، پاش ئەوەی ماوەی شەش مانگە هەوڵ ئەدات بۆ جێ بەجێ کردنی ئەم مەبەستەو ئەوە بوو سەرەك وەزیرانی پێشووی لاوس ئەمیر (سوفانانوفا) و (رومەتە هاوبەشیەکەی لاوس توانای بەرهەلستی کردنی بیری کۆڕینی حکوومەتیان نەماو بەهاری ڕابردوو زوربەی سەرکردەی تاقمە ڕاست ڕەوەکان کشانە دواوەو وردە وردە ریژیمی وڵات لە بەکرێ گیراوەکانی ئەمریکا پاك ئەبۆوە •

لێرەوە ، بزوتنەوەی باسیت‌لاو دەورێکی مەزنی لە بەربەرەکانی هێزە ڕاست ڕەوو ئیمپریالیستەکاندا بینیوە ، سەرەڕای سەرنەکەوتنی ئەو عەموو یارمەتیەی لە لایەن ئەمریکاوە ئەدرا بە نۆکەرەکانی تا جلەوی حکوومەتی لاوسو باراستنی بەرژەوندی‌یە بۆ کەنەکانی ئەمریکا بگرنەوە دەست •

لە دوای سەرکەوتنی باسیت لاو بە سەرهێزە کۆنە بەرستەکانو سەرکردە ڕاست ڕەوەکانی سەر بەوڵاتانی ئیمپریالیست ، ئەو هێزانە کشانە دواوەو هیچ دەورێکیان ج لە ڕوی سیاسیەوە یاخود عەسکەریەوە نەما ، بەڵکو زوربەیان وڵاتیان جێ هێشتو چوونە ئەمریکا ، ئەمەش ئەوە ئەگەیەنێ کە بزووتنەوەی باسیت‌لاو دەسەڵاتی تەواوی بە سەر وڵاتدا گرت هەر بۆیەش دەستی کرد بە پاك کردنەوەی ریژیمی سیاسیو عەسکەری •

بەپێی بڕیاری کۆنگرەکە ئەمیر (سۆفان فۆنگ) سەرۆکی بزووتنەوەی باسیت‌لاو کراوە بە سەرۆکی کۆماری دیموکراسی لاوس (کیسۆت برۆفیمارن) بەسەرەك وەزیران •• هەروەها (سوفانا فونگ) مەلیکی پێشو کراوە بە راوێژکەری سەرەك کۆمارو سەرەك وەزیرانی پێشان (سوفا نوما) کە برای (سۆفانا فۆنگ)ە کراوە بەراوێژکەری سەرەك وەزیران • بەم جۆرە شۆڕشی رزگاری خوازو پێشکەوتنخوازی لاوس سەرکەوت کە بە گرنگترین روداوی ئەم دووایەی سەدەی بیستەم ئەژمێر درێ •

شایانی باسە ، حکوومەتی نوێ لە ٣٩ ئەندام پێك هاتووە کە زور بەیان ئەندامن لە کۆمیتەی ناوەندی بزووتنەوەی باسیت لاودا هەروەها لیژنەی بالای وڵات لە ئەنجوومەنی میللی بەرزو ئەنجوومەنی ئەتەوایەتی پێك هاتووە کە یەکەمیان بریتی‌یە لە ٤٢ ئەندام بە سەرۆکایەتی سوفانا فونگ و دووەمیشیان ٦٤٢ نوینەری هەرێمو ئەتەوەو چینەکانی ڤەملی تێدایە •

ئەمەو •• کۆماری دیموکراسی لاوس رایگەیاندووە کەوا بەپوەندی لە گەڵ وڵاتە سوشیالیستی وبێ لایەنەکاندا پتەو ئەکات‌و سیاسەتێکی ئاشتی خوازانەوبێ لایەن ئەگرێتە بەر جگە لەوەی کە دوا لە ئەمریکا ئەکات ڕێز لە حکوومەتی لاوس بگرێت‌و چیتر دەس ئەخاتە کاروباری ناوەوەی •

ریژیمی سوریا وهێزی کەتائیب خەریکی ریکخستنی کودەتان لەلوبنان

- پارێزگاری ناوچەی ژوورو چۆن کوژراوە ؟!
- باری تێکڕای لوبنان بەرەو گرژبوون ئەچێ !
- شەڕێکی خوێناوی لە زەحلە •
- ڕێکاکانی لوبنان پڕەمەترسین •
- ریژیمی سوریا لەگەڵ پێر جومەیلدا باسی کودەتاکەیان کردوە !

بێروت : ئا•د•ع : ڕۆژی ٢١ـ١٢ پارتیو هێزە نیشتمانی و پێشکەوتن خوازەکانی لوبنان رایانگەیاند کە مەکتەبی دووەمی لقی نیستخباراتی عەسکەری لەشکر بەرپرسیارە لە کوشتنی شیخ قاسم عماد پارێزگاری ناوچەی ژوورودا • وە بەیاننامەیەکی ئەو پارتیو هێزانە وتویەتی : کاتی ئەوە هاتووە کە دەستێکی دلێرانە لە ئەخشەو جمەوجۆلی پیلان گێڕان بوە شێنرێ •

وە لەشکری لوبنان کەمارۆو ئابلۆقەی ئەو ناوچانە ئەدات کە هێزی نیشتمان پەروەرانی تیادایە بۆ ئەوەی زەمینەی دابەش کردنی لوبنان خۆش بکات •

هەروەها شەڕێکی خوێناوی ڕۆژی ٢٢ـ١٢ لە شاری زەحلە هەڵگیرساوەو هەمو ڕێکاکانی هاموشۆ کردنی لوبنان پڕ مەترسین •

لە لایەکی ترەوە ڕۆژی ٢٢ـ١٢ ڕاگەیەنراوە کە پارتی بەکێکی کیراوی (الکتائب)و ڕێژەی سوریە لەریکی رەنگ ڕشتنی کودەتایەکی عەسکەرین لە لوبنان دایە دەکاری چەند ئەفسەریك کە سەربەشەهابی‌یەکانن بۆ دەست گرتن بەسەر لوبنان دا •

وە چەند سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو بڵاویان کردەوە کە کولونیلی خانەنشین کراو سامی خطیب دەوری دەڵالی ئەبینێ لە نێوان ریژیمی سوریاو ئەو ئەفسەرانەدا •• وە بەپێی ئەو هەواڵانەی گەیشتون کاربەدەستانی ریژیمی سوریا لە دوایەدا لە شام لەگەڵ پێیر جومەیلو سەرکردەکانی پارتی کتائب باسی چونیەتی هەڵسوڕاندنی ئەم کودەتایەیان کردوە •

ئەم کودەتایەش بۆ ئابلۆقەدانی بژوتنەوەی نیشتمانی لوبنانو بزوتنەوەی بەرگری فەلەستینەوە بۆ زەمینە خوش‌کردنی ئەم ئەخشەیەیش کودەتاچی‌یەکان وانیازیان بووە کە سەرکوماری ئێستا سلیمان فرنجیە لەسەرکار لابەرنو بەسەرپەرشتی ئەمەریکا دەست بکەن بەراوە دوونانی ئەو هێزانەی بە خوبەدەستەوەدانو بەلایەکاخستنی کێشەی فەلەستین قایل نابن •

بەرەڵلاکردنی ئەمو کیراوە باعەتەکانی روداوەکەی «فینا»

چەکدارەکان دران بە دەست کاربەدەستانی جەزائیرەوە

پایتەختەکان ٢٣ ئاژانسەکان : البیضاء بە ڕۆژنامە نوسەکانی ئەو چەکدارانەی کەئەندامانی‌وتوە : روداوەکە کۆتایی پێ ریکخراوی (ئوبك) یان بەهاتو هەمو بارمتەگیراوەکان بارمتەگرتبو ڕۆژی سێشەممەی‌بەرەڵلا بون •

ئاژانسی رویتەر وتویە : لە کاتی گفتوگۆ کردن لەگەڵ چەکدارەکانا جەزایر داوای لە چەکدارەکان کردوە کە دوای بەرەڵلا کردنی بارمتەگیراوەکان دەسەودایەرەی فرۆکە کەشی بەرەڵلا بکرێ • سەردەستەی چەکدارەکان رویشتوەو کە گەڕاوەتەوە فرۆکەوانێکی لەگەڵ خۆیدا هێناوە •

کومپانیای فرۆکەوانی نەمسا لە فینا هەواڵی گەیشتنی فرۆکەکەی بۆ پایتەختی جەزایر بڵاو کردەوە ، هەروەها وتویە هەشت کەس لە بارمتەگیراوەکان لە لیبیا بەرەڵلا کراوون ، دوای گفتوگویەکی زۆر کە لەگەڵ چەکدارەکانا کراوە ، دوای ئەوە فرۆکەکە چوە بۆ فرۆکەخانەی جەزایر•• ئیتر هۆی گەڕانەوەی فرۆکەکە نەزانراوە •

هێزەکانی رزگاریخوازی گەل لەموزامبیق

یاخی بونێکی چەکدارەیان تێك شکاند

رادیوی (لۆرنکۆ) لە زمان ڕۆژنامەی (نۆتیسیاسە)وە کە لە لۆرنکۆ دەردەچێ وتویەتی : « ئەندامانی کۆمەڵێکی چەکدار کە جل‌و بەرگی عەسکەری یان لە بەرکردبو لە کاتی سەرکوت کردنی یاخی بونەکەیاندا کوژرانو برینداربونو بەدیل گیران •• ڕۆژنامەکە وتویەتی ئەم کردەوەیە قارس کردنە بۆ هێزە چەکدارەکانو هێزەکانی پۆلیسو گەل • هەروەها وتویەتی هێزەکانی میلیشیاو هێزەکانی رزگاریخوازی گەلی موزامبیق بەرەنگاری یاخی بو نەکە بون بۆ ئەوەی‌تاوانبارەکان بەدیل بگرێ •

ئەوەی شیاوی باسە موزامبیق باش پێنج سەدە ژێر دەستی پورتوگال لە ٥ی حوزەیرانی ڕابوردوا سەربەخۆیی وەرگرت ڕاستەوخۆ دەسەڵاتی ئەم وڵاتە درا بەدەستی بەرەی رزگاریخوازی موزەمبیق کە شەڕی پارتیزانی درێژی خوکمی پورتوگال هەڵگیرساندبو •

سەرۆك ساموڕا ماشیل بەکەم سەرکۆماری موزامبیق لە کاتی بونی بە سەرکۆ ماردا وتی وڵاتانی بەرەی سوشیالیستی هاوبەیمانی سروشتی موزامبیقن • هەروەها سەرکەوتنی بەرە لە وەرگرتنی سەربەخۆیی موزامبیق‌دا سەرکەوتنێکە بۆ سوشیالیزمی جیهانی •

موزامبیق کەوتۆتە کە نارێ ڕۆژ هەڵاتی ئەفریقا ، ژمارەی دانیشتوانی دەگاتە نۆ میلیون کەس‌و پێوانەی خاکەکەی ٨٠٠ر٠٠٠ کیلومەتری چوار گۆشەیە •

لە مانگی تشرینی یەکەمدا حکومەت ریکخراوێکی بە ناوی خزمەتی نیشتمانی ئاسایشی گەلی دا مەزراندوە بۆ ئەوەی مانەوەی دەسەڵات لە دەستی کرێکاران‌و جوتیاران دابپارێزێ ئەورێکخراوە لە ژێر چاوە دێری سەر کۆماردایەو راستەوخۆ بەرامبەر بەو بەر پرسە •

خەباتی درێژ خایەن لە نێوانی سەربەخۆیی‌دا زیانی زۆر گەورەی لە ئابوری موزامبیق داوە • ئەمە شتێکە کە سەرۆك ماشیل لە وتاری دەرکردوە•• موجیکا فەرماندەی کرلیجی بەرزی جەنگی‌یەو هاوکاری لەگەل یاخی بوانا کردوەو ئارەزایی دەربڕیوە دژی میری سەبارەت بە بۆردومان کردنی بنکەی مورون •

وە خاتوون پیرۆن دوای کۆتایی هاتنی‌یاخی بونەکە ئەراوەتەوە بارەگاکەی خۆی لەکەرەکێکی پایتەختدا • وەرادیوی بوینس ئایرس قسەیەکی جەنەرال فیدلای بڵاوکردەوە کە وتویەتی : هەموو سەرکردەکانی لەشکر لەژێر فرمانی میری‌دان‌و هێمنی‌و ئاسودەیی لەولاتدا جێگیر بۆتەوە •

وەکو زانراوە چەند کەسانێکی سیاسی ئەرجەنتین وەکو خوان کارلوس ئونجانیا کە سەرۆکی پێشوی ئەرجەنتینە بشتگیری یاخی بوانیان کردوە •

یاخی بونی ئەفسەرانی ئەرجەنتین چی بەسەر هات ؟!

بوینس ئایرس : ئاژانسەکان :

لە بەیاننامەیەکی رەسمی‌دا کە ڕۆژی ٢٢ـ١٢ لە بوینس ئایرس پایتەختی ئەرجەنتین بڵاوکرایەوە راگەیەنرا کە یاخی بوونەکەی ئەفسەرانی بنکەی ئاسمانی (مورون) کۆتایی هاتووەو یاخی‌بوانیش خۆیان دایە دەست فەرماندەی هێزی ئاسمانی •

سەرچاوەیەکی لەشکری وتی : سێ ئەفسەر کەنوێنەری یاخی بوان بوونو داوای لابردنی خاتوون پیرۆن‌یان ئەکرد وتوویژیان لەگەل کاربەدەستانی دەولەتدا کردوە دەربارەی ڕۆیی هێنان بەو یاخی بوونە !

ئەوەی شایانی باسە فرۆکەکانی سەر بە دەولەت بۆ ماوەی دوو سەعات یاخی بووانی بوردومان کردوەو دوو فرۆکەو شوێنی نیشتەوەی فرۆکەکانیان کە تاول کراوە • بەپێی ئەوەی ئاژانسەکانیش یاخی بووان ڕێگای ڕۆژنامە نووسان دابە کەسەر لە بنکەی مورون بدەن •

وە چەند سەرچاوەیەکی تر بڵاویان کردەوە کە جەنەرال جورج فیدیلا فەرماندەی گشتی هێزەکانی زەوی فەرمانی گرتنی جەنەرال رودلفو موجیسکای دەرکردوە•• موجیکا فەرماندەی کرلیجی بەرزی جەنگی‌یەو هاوکاری لەگەل یاخی بوانا کردوەو ئارەزایی دەربڕیوە دژی میری سەبارەت بە بۆردومان کردنی بنکەی مورون •

وە خاتوون پیرۆن دوای کۆتایی هاتنی‌یاخی بونەکە ئەراوەتەوە بارەگاکەی خۆی لەکەرەکێکی پایتەختدا • وەرادیوی بوینس ئایرس قسەیەکی جەنەرال فیدلای بڵاوکردەوە کە وتویەتی : هەموو سەرکردەکانی لەشکر لەژێر فرمانی میری‌دان‌و هێمنی‌و ئاسودەیی لەولاتدا جێگیر بۆتەوە •

وەکو زانراوە چەند کەسانێکی سیاسی ئەرجەنتین وەکو خوان کارلوس ئونجانیا کە سەرۆکی پێشوی ئەرجەنتینە بشتگیری یاخی بوانیان کردوە •

Institut Kurde de Paris

خوێن ڕێژەکانی موخابەراتی ئەمەریکاو

پیاوکوژە تاوانبارەکانی

لە واشنتۆن هەر ڕۆژە پەردە لە سەر تاوانێك لادەبرێ، ئەمجارە نۆرەی موخابەراتی مەرکەزی یە کە گەورەترین ڕێکخراوی جاسوسی و خەراپکاری یە لە دنیاداو خەڵکی ئەمەریکا لە کردەوە چەپەڵەکانی ئەم دەزگایە توڕەیی و بێزاری خۆیان ئاشکرا کردوە •

لەم بارەیەوە (ستانلی کارنو) پەیامنێری گۆڤاری (لونوفیل ئوبزیر فاتور) ئەم لێکۆڵینەوەی خوارەوەی ئامادە کردوە :

ئێمە بەرەو ڕوی دوژمنێکی ترسناك بونیەوە کە ئامانجی سەرەکی ئەوەیە بە هەرزێگایەك داو بە هەر شێوەیەك و هەر نرخێك بێ بەسەر دنیادازاڵ بێ • بۆ گەیشتنی بەو ئامانجە ڕێو شوێنێکی دیاریکراویش نیە ، ئەوڕێو شوێن و ڕەفتارە مرۆڤایەتیانەکەتا ئیستاش لەلای خەڵك پەسندن ، کۆن بون • ئێمە ئەگەر بمانەوێ ئەمەریکا بە نۆرو دەسەڵاتەوە بمێنێ ،دەبێ ، چاو بە ناوەڕۆك و شێوەی ئەم ڕێو شوێنانەدابخشێنینەوە کەبە درێژای ڕۆژگار شانازیمان پێوە کردون •

ئەمە بنچینەی بیروباوەڕی پێك هاتبو ، بەرهەمی ئێمەیە کە لە ساڵی ١٩٥٤ لێکۆڵینەوەیەکی دورو درێژ ئەوکاتەی گەرمەی شەڕی بوو کە لە مانگی ئایاری سارد (الحرب الباردة) بو، ڕابوردوەوە لیژنەیەك بە کۆمەڵێك بسپۆرو لێ زان ئامادەیان کردو پاشان دایان بە سەرۆك ئایزنهاوێر •

بێ گومان ئەم پیشەکی یەی بیروڕای زاڵبون بە سەردنیادا زۆر باش ڕاستی ئەوڕاپورتە دراماتیکی یە دەردەخا کە هەفتەی ڕابردو ئەنجومەنی پیرانی ئەمەریکا لە بارەی ئەو ئەخشەو پلانانەوە بڵاوی کردەوە کە موخابەراتی مەرکەزی بۆ پیاو کوشتن ڕێکی خستوون • ئەم ڕاپورتە کەئە ٣٤٧ لاپەڕەی فولسکاب وژەنرال (ڕونیە چایدر) فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارە کانی شلی ئامادەی کردون • ئەمەی دویی چونکە یارمەتی ئەمریکای ئەدا بۆ ئەوەی ئەهێڵێ (سالڤادۆر ئەلینده) ببێتە سەرکۆمار •

ئەم ڕاپورتە پڕە لە داستانی ئەوتۆ کە پیاو سەرسام دەکاو پڕە لە بەڵگەی ئاشکرا لە سەر چەشنی بیرکردنەوەو ئەخلاق و ڕەفتاری پیاوەکانی موخابەراتی ئەمریکا کە ئەو هەمو پیلان و پیاوکوشتنەیان ڕێك خستوە •

ئەوانە هەمیشە ئامادەبون هەمو چەشنە بیرو باوەڕو ئامانجێك بێ شێل بکەن بۆ ئەوەی ئامانجی خۆیان بەدی بێنن و لایان وابو خەڵکی ئەمریکا دەبێ هەموری و شوێنێکی ئەخلاقی و مرۆڤایەتی بۆ ئەو مەبەستە بخەنە ژێر پی یان • هەر بۆیەش پاتریس لۆمۆمبایان لەناوبردو پیرۆز بایێیان لەو تاقمە کرد کە ئەو تاوانەیان بە ئەنجام گەیاند هەر لە بەر ئەوەش پیاو کوژو تاوانبارەکانی (مافیا)یان لە باوەش گرت بۆ ئەوەی بتوانن (فیدیل کاسترۆ) بفەوتێنن •

بێجگە لەوە ئەو زانایانەشیان بەکار هێنا کە دەزگای موخابەرات بۆ دروست کردنی شتی ژەهراوی و چەکی زۆر کوشندەی وەك ئەوە کە (جیمزباند) لە فلیمەکانیدا دروستی دەکردن ، لە دەوری خۆی کۆ کردبونەوە •

ئەم بارەیەوە (ستانلی کارنو) پەیامنێری گۆڤاری (لونوفیل ئوبزیر فاتور) ئەم لێکۆڵینەوەی خوارەوەی ئامادە کردوە :

ئێمە بەرەو ڕوی دوژمنێکی ترسناك بونیەوە کە ئامانجی سەرەکی ئەوەیە بە هەرزێگایەك داو بە هەر شێوەیەك و هەر نرخێك بێ بەسەر دنیادازاڵ بێ • بۆ گەیشتنی بەو ئامانجە ڕێو شوێنێکی دیاریکراویش نیە ، ئەوڕێو شوێن و ڕەفتارە مرۆڤایەتیانەکەتا ئیستاش لەلای خەڵك پەسندن ، کۆن بون • ئێمە ئەگەر بمانەوێ ئەمەریکا بە نۆرو دەسەڵاتەوە بمێنێ ،دەبێ ، چاو بە ناوەڕۆك و شێوەی ئەم ڕێو شوێنانەدابخشێنینەوە کەبە درێژای ڕۆژگار شانازیمان پێوە کردون •

ئەمە بنچینەی بیروباوەڕی پێك هاتبو ، بەرهەمی ئێمەیە کە لە ساڵی ١٩٥٤ لێکۆڵینەوەیەکی دورو درێژ ئەوکاتەی گەرمەی شەڕی سارد (الحرب الباردة) بو، ڕابوردوەوە لیژنەیەك بە کۆمەڵێك بسپۆرو لێ زان ئامادەیان کردو پاشان دایان بە سەرۆك ئایزنهاوێر •

بێ گومان ئەم پیشەکی یەی بیروڕای زاڵبون بە سەردنیادا زۆر باش ڕاستی ئەوڕاپورتە دراماتیکی یە دەردەخا کە هەفتەی ڕابردو ئەنجومەنی پیرانی ئەمەریکا لە بارەی ئەو ئەخشەو پلانانەوە بڵاوی کردەوە کە موخابەراتی مەرکەزی بۆ پیاو کوشتن ڕێکی خستوون • ئەم ڕاپورتە کەئە ٣٤٧ لاپەڕەی فولسکاب

بێزاری و نارەزای خەڵك

ئەم شێوەیە کە وڵاتە یەکگرتووەکان لە کێشەی سیاسی‌دا بەکاری دەهێنن ئەمریکای توشی دوگرفتاری گەورە کرد ، یەکەم تێوەگلانی شەڕی ڤیتنام و ئەوی تریان مەسەلەی (ووتر گیت) • لەمەردوو مەسەلە کەدا بناخەی سیاسەتی واشنتون لەسەرئەوە دامەزرابوو کەبۆ گەیشتن بەئامانج لە هەموڕێگایەك کەڵك وەردەگیرێ • سەروك جونسون بەو بیانوەئەمریکای توشی شەڕی ڤیتنام کرد کە کۆیا قازانجی ئەمریکا کەوتۆتە مەترسی یەوە سەروك نیکسونیش لەمەسەلەی (ووترگیت کەوتوتە مەترسی یەوە سەروك خەڵکی ئەمریکای خستە ژێر بێ بەیانوی پاراستنی هێمنایەتی و ئاسایشی ئەمریکا •

ئەم ڕەفتارە ناشیرینە تەنیارق و بێزاری خەڵکی ئەمریکای ئەجوڵاند ، بەڵکە پالی پێوەنان کە داوا لە حکومەت بکەن بەدراستکردنی وەڵامی خەڵك بداتەوە • بەم جۆرە لێکۆڵینەوەی تاوانەکانی موخابەراتی مەرکەزی لە بارەی کوشتن و لە ناوبردنی هەندێ سەرۆك و پێشەوای وڵاتانەوە کە بەلیژنەی دەکەسی لە ئەندامانی ئەنجومەنی سەنا بەسەرۆکایەتی (چورسن) سپێڕرابوو یەکێك لە ئەندامەکانیش سەنا تۆر (باری گۆلد فاتێر) بو ، بێزاری و ناڕەزیی بیروڕای گشتی ئەمریکای لە پیلانە چەپەڵەکانی پیاوەکانی موخابەرات بەرز کردەوەو هەر ئەمەش ئەرکی لیژنەی لێکۆڵینەوەی ئاسان کرد •

زور بەی پیاوەکانی موخابەرات دوای ئەوەی تاوانە ناخەلاقیەکانیان ئاشکرابون لە بەردەم لێکۆڵینەوەدا ڕاوەستان و داوای بەزەیی و لێ خۆشبونی تاوانەکانیان کرد • لە وەش زیاتر « ویلیام کولپی » پەشیمانی خۆی لە بەردەم لیژنەکەدا دەربڕی و دانی بەتاوانەکانی دانا پاشان ئامادەیی خۆی نیشان‌دا بۆ ئەوەی یارمەتی لیژنەی لێکۆڵینەوە بدا بۆ پاك کردنەوەی دەزگاکانی موخابەرات ـ لە کۆنەوە کوتویانە (عوزر لە قەباحەت خەرابتر) •

دان پێدانانی (ویلیام کولپی)و هاوکاری لە گەڵ لیژنەی لێکۆڵینەوە بو بەهۆی توڕەبونی هێنری کیسنجر وەزیری دەرەوە • چونکە لێکولینەوە دەری خست کە ناوبراو دەوری سەرەکی لە ڕوداوەکانی شیلی و کوشتنی (سەلڤادور ئەلیندی) دابوە ئەمەش بوو بە هۆی ئەوە کە (فورد) سەرکۆماری ئەمریکا بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی ئەتەوەی لە کیسنجیر بستێنێتەوەو بەیەکجاری سەرپەرشتی موخابەراتی مەرکەزی لێ وەربکرێتەوە •

سەروك فورد هەوڵو ئەقەلایەکی خۆڕایی‌دا بۆ ئەوەی ئەهێڵێ ڕاپورتی لیژنەی لێکۆڵینەوە بڵاوبکرێتەوە • بەڵام کاتێك لەمانگی کانوونی دوەمی ڕابردودا لە سەر نانی نیوەڕۆ بۆ سەرۆکی نوسینی ڕۆژنامەی (نیویورك) تایمز)ی

ـ سلفادور ئەلیندی ـ

ـ فیدل کاسترۆ ـ

ـ باتریس لۆمۆمبا دوای بە دیل گرتنی ـ

ناشکرا کرد کە بۆ خۆی ئاگای لە هەمو ئەو ئەخشەو پیلانانە بوە کە موخابەراتی ئەمریکا ئامادەو جێ بە جێی کردون، مەسەلەکە ئەوەندەی تر گەندبو •

لێرەدا بەجێیە باسی ئەوەش بکرێ کە زوربەی پیاوەکانی موخابەراتی ئەمریکا لە کاتی شەڕی دوەمی جیهانی‌دا لە ناوەندی کاروباری ستراتیژی (ئو • ئیس • ئیس) فێری پیاو کوژی و خەراپکاری کراونو موخابەراتی مەرکەزیش بەوشێوەی ئیستای هەر لەوناوەندەوە دروست بوە ئەمە خۆی یارمەتیمان دەدا بۆ ئەوەی چەشنی بیر کردنەوەی کار بە دەستەکانی بناسین و تا ڕادەیەك لە مناورەو ئەخشەکانی ئێ بگەین •

پیاوەکانی موخابەراتی ئەمریکا هەروەك پیاوەکانی موخابەراتی بەریتانیا کە هاوکاری یەکتریشیان دەکرد خۆیان بە هەڵبژاردەو سەرنۆبی خەڵکی ئەمریکا دادەنا •

موخابەراتی ئەمریکا لە پاش شەڕی دووەمی جیهانی هەوڵو تەقەللایەکی بەربڵاوی‌دا بۆ ئەوەی لە زۆر شوێنی ئەم جیهانەدا نالۆزی و ناژاوە دروست بکا ، بۆیە پەلاماری (مصدق) سەرۆك وەزیرانی ئێرانی داو بۆ لەناو بردنی (جاکوب ئیبرانز کوزمان) سەرکۆماری گواتیمالا دەست بەکار بو • هەروەها هەوڵو تەقەللایەکی بێ ئەنجامیشی دابۆ لە ناو بردنی (سوکارنو) سەرکۆماری ئەندونیسیا •

ئایزنهاوەر فەرمانی کوشتنی لۆمۆمبا دەردەکا

ڕاپورتی لیژنەی لێکۆڵینەوە ناشکرای کردوە کە یەکەم ئەخشەی موخابەراتی مەرکەزی بۆ کوشتنی سەرۆکی دەولەتێکی بێگانە لەمانگی ئابی ١٩٦٠دا کێشراوە • لەوکاتەدا (ئالین دالیس)بەڕێوەبەری موخابەراتی مەرکەزی بو • ناوبراو سەرۆکەکانی موخابەراتی ئاگادار کرد کە سەرۆك (ئایزنهاوەر) داوای کردوە (پاتریس لۆمۆمبا) لە ناوبەرن لەو کاتەدا (لۆمۆمبا هەڕەشەی کردبو کەبز دەرکردنی هێزەکانی بەلجیکا لە کۆنگۆ داوای یارمەتی لە یەکێتی سوفییەت دەکا •

بۆیە ئایزنهاوەر داوای لە ئالین دالیس سەرۆکی موخابەرات کرد کە لۆمۆمبای لە کۆل بکاتەوە • ئەویش کارەکەی بەریچارد بیسیل بەڕێوەبەری کردەوە ئەمنی‌یەکان سپارد • ناوبراویش بروئسێن تویدی سەرۆکی بەشی ئەفریقای ڕاسپارد کە کوشتنی لۆمۆمبا بکرێتە ئەستۆ •

بڕۆئسێن تویدی لە مانگی ڕابوردودا لە بەردەم لیژنەی لێکۆڵینەوە وتی : ئەگەر ئەمڕۆ ئەرکی پیاو کوشتنێکی لەو بابەتەم پێ بسپێردرێ ئامۆژگاری موخابەرات دەکەم کە کاری وانەکا • ناوبراو دانی بەوەدانا کە داوای لە جوزێف شنایدر یەکێك لە زاناکانی موخابەرات کردوە دەرمانێکی ژاراوی بۆ کوشتنی لومۆمبا بۆ ئامادەبکاو جوزێف شنایدر هەندێك کەرەستەی بێواژجی بۆ ئەو کارە بێشنیار کردوە •

لەوکاتەدا شنایدر سەفەری کرد بۆ کۆنگۆو هیندێك شوشەی میکرۆبو ڕوبۆشی ژاراوی لە گەڵ خۆی برد بۆ ئەوەی خۆی بۆ کوشتنی لۆمۆمبا ئامادە بکا • بەڵام شنایدر بەبێچەوانەی توێدی هیچ لە کردەوەی خۆی پەشیمان نەبو • ئەو لە بەردەم لیژنەی لێکۆڵینەوەدا گوتی من بۆیە ئەو کارەم جێ بەجێ کردوە چونکە لە بەرزترین دەسەڵاتداری وڵاتەوە فەرمانم پێ دراوە •

بۆ ئەوەی بتوانن لۆمۆمبا بکوژن پێویست بو کەسێك پەیدا بکەن کەبتوانێ دەرزی میکرۆباوی لێ بدا • لەو کاتەش‌دا لۆمۆمبا لە لایەن ئیشکچیەکانی ئەتەوە یەکگرتووەکانەوە پارێز گاری لێ دەکرا • لێرەدا موخابەراتی ئەمریکا دوو بەکرێ گیراوی بسپۆڕی لە پیاو کوشتن‌و تاوان دا بۆ ئەو کارە دیاری کرد • وەك لیژنەی لێکۆڵینەوە ئاشکرای کردوە یەکێکیان تاوانبارێکی کۆنە کار بووە کە پەلاماری چەکدارانەی بردۆتە سەربانقەکان‌و تالانی کردون‌و بێجگە لە وەش یەکێك بووە لە ئۆنگۆییە چلکاو خۆرەکان • وە کاتەتی موخابەرات ناچار بوو عەمەلیاتێکی دەم وچاوی بکا بۆ ئەوەی ئەو ئەوروپاییانەی لە کۆنگۆ دەژین ئەی ناسنەوە •

ڕاپورتی لیژنەی لێکۆڵینەوە دەڵێ : ئەو کابرایە چاکەو خەراپەی نیك جیا دەکردەوە بەڵام هەر لەو کاتەدا ئامادە بو هەر چی داوای لێ‌بکرێ بێ ئەم لاو ئەولا چێ‌بەجێی بکا • لە بەشێکی تری ڕاپۆرتە کەدا دەڵێ لۆمۆمبا لەلایەن دوژمنە کانیەوە رفێنراو پاشان کوێژرایەوە بۆ کاتانگاو کوژرا• ئەویش بەپێی ئەخشەیەك بو کە موخابەراتی ئەمریکا دایناب‌و ڕاپورتەکە سەماندویەتی کە ئەولێکۆڵینەوەی لیژنە کردویەتی بەتەواوی دەری خستوە لە ئایزنهاوەر داوای کردوە لۆمۆمبا بکوژن‌و لە ناوی بەرن •

پیاو کوژو تاوانبارەکانی دەستەی مافیا

فەرمانبەرێکی موخابەراتی ئەمریکا بەناوی (مایکل مولرنی) کە لە کوشتنی لۆمۆمبادا بەشدار بوە لە بەردەم لیژنەی لێکۆڵینە وەدا کوتویە : پێم وایە ئێمە وەك ئەلمانیەکان دەجوڵێینەوە ، لە وەدا کە هەرچی سەرۆکەکەمان پێمان بڵێن جێ بەجێی دەکەین • لە کاتێکدا کارەکان بە پێچەوانەی شەرەف‌و ئەخلاقن ئەگەر پیاوی گەورەو تەنانەت بەشەرەفیش بیان کات •

وەك لێکۆڵینەوەکە دەری خستووە لە نێوان ساڵەکانی ١٩٦٠ ـ ١٩٦٥ دا وە کالەتی موخابەرات هەشت جار هەوڵی کوشتن‌و لەناو بردنی فیدیل کاسترۆی داوە بەڵام هیچ جارێك سەرنەکەوتوە • دیارە ئەخشەی جۆر بەجۆریش بۆ ئەو کارە دانراوە • هەر لە تفەنگی دوربین دارەوە بگرە تامیکرۆبی کوشندە هەموشتێکی بۆ دیاری کراوە •

بۆ کوشتنی فیدیل کاسترۆ چەند پیاوێکیان لە پیاو کوژەکانی مافیا هەڵبژاردبو • یەکێك لەو هەشت ئەخشەیە کەبۆ کوشتنی کاسترۆ کێشرا بون ڕۆژی ٢٢ی تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٣ی بۆ دیاری کرابو ، واتە ئەو ڕۆژە کە کەنەدی لە شاری دالاس کوژرا • ئەمەش ڕۆژێك بو کە جان دانیال نانی نیوەڕۆی لە گەڵ فیدیل کاسترۆ خواردبو •

سەیر ئەوەیە هیندێك لەو ئەخشانەی بۆ لەناو بردنی کاسترو دانرا بون لە ورێگا بەوە بون کە کاسترۆ ئەقڵو هۆشی لە دەست بداو بەتەواوی شێت بێ • بۆ ئەو مەبەستە جگەرەی ژاراوی ومیکرۆبی کوشندە کە بۆی بخرێتە ناو کەوشەکەیەوە دەست نیشان کرا بون •

Institut Kurde de Paris

زایۆنیستەکان ترسێکی خامۆش دایگرتون و

دڵنیان کە دوچاری نوشستی یەکی گەورە بون

بەدەگمەن زایونیستەکان هەستیان بەنوشوستی و تێکشکاندنی سیاسی و بەرەونەمان کردبێ هەروەکو ئەمڕۆ کردویانە •• تیرنس سمیث پەیامنێری ڕۆژنامەی (هیرالد تریبیون)ی ئەمەریکای لەقدسی داگیرکراوەوە نامەیەکی ناردوەو ئەو نامەیە ڕۆژێك بەر لە بریارەمیژوییەکەی ئەنجومەنی ئاسایشی دەوڵەتان بڵاو کرایەوە کە داوای کردبو ڕێکخراوی ڕزگاری فەلەستین بەشداری ئەو گفتوگۆیە بکات کە لەبارەی ئەو دەستدرێژیانەی ئەم دواییەی زایونیستەکانەوە کرا ، کە کردویانەتە سەر خاکی لوبنان‌وهەواری دەوارنشینە پەنابەرەئەلەستینەکان •

نامەکە ئەڵێ :

ئەو بریارەی ئەنجومەنی ئاسایش دەری کرد داوای لە ڕێکخراوی ڕزگاری فەلەستین کرد کە لەبارەی بارو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە لەمانگی کانونی دووەمی داهاتودا دەنگی خۆی دەربڕێ، سەرەڕای ئەمەش ئەمەریکا مافی (فیتو)ی بۆ هەڵوەشاندنەوەی جەوهەری بریارەکە بەکار نەهێنا کە ئەمە زیاتر لەهەمو کاتێك زایونیستەکانی داچڵەکاندو هەستیان بە تەنیا کەوتویی و دابڕبونی سیاسی خۆیان کرد •

هەست کردن بە نوشوستی

شان‌بەشانی ئەو نوشوستی‌یەی کە توشی زایونیستەکان بووە هەست بە دابڕبونی سیاسی و تێکشکانی ناوبانگی خۆیان ئەکەن ، وە زۆربەش ئەزانن کە توانایان بەسەر ڕوداوەکانا نەماوەو لە هەمو ڕویەکی خۆ ڕاگرتنەوە دوچاری شکستی بوون •

ئیسحاق ڕابین سەرەك وەزیرانی زایۆنیستەکان لەبەردەم کنیسەدا ئەمەی ئاشکرا کرد وتی : جارێکی تریش دۆستەکانمان لە ئەتەوەیەکگرتووەکان ئاگادار کردەوە ، بەتایبەتی ئەمەریکا کەبانگ کردنی عەرەبەکان بۆ گفتوگۆکردن‌و لێدوان لەبارەی پەیامنێرەکە وتویە : ئەوەی وای لەزایۆنیستەکان کردوە کە هەست بەنوشوستی خۆیان بکەن ئەوەندەی ئەوە نابێ کە هەستیان بەدۆڕاندنی ئەنجامی گفتوگۆکان کردوە •

زایۆنیستەکان بەم جۆرە باسی نوشوستی‌یەکانیان ئەکەن

١ ـ لەگەل ئەو هەمو پشتگیری‌یەدا کە (فورد)ی سەرۆکی ئەمەریکاو (کیسنجەر)ی وەزیری دەرەوەیان بەرامبەر بە زایۆنیستەکان نواندیان ، بەڵام سنورێکی تایبەتی بۆ ئەو یارمەتیانە کێشراوە کە ئەدرێت بەزایۆنیستەکان‌و ئیتر ناتوانن لەو سنورە بچێتە دەرەوە •

٢ ـ پشت بەستنی نیوەو ناتەواوی زایونیستەکان بە ئەمەریکا کە لە مەوبەر ئەم پشت پێ‌بەستنە وەکو ئەم دواییە ڕون نەبو بۆوە •

واشنتون تا ئیستا یەکەمین سەرچاوەی هاناو هاوارو یارمەتیدانی زایونیستەکان بووە ، بەڵام ئاوای بەسەر هات •

٣ ـ ڕێڕەوی دیبلوماسی زایونیستەکان سەری لێشێواو، دەوڵەتۆکەی زایونیست جارێکی تر بەرەنگاری بەرپەرچ دانەوە بوو • چالاکی دیبلوماسیانەی عەرەب کە یەك لەدوای یەك بەهێزتر ئەبێ • وە ئەو ڕێکەوتنە کاتی‌یەی نێوان میسرو زایۆنیستەکان کە هیچ ڕواڵەتێکی مەسەلەکەی نەگۆڕیوە •• وە دەوڵەتە عەرەبەکانی تر لە ڕوانگەیەکی ئیستراتیجی دیبلوماسیانەی تازەوە سەیری مەسەلەکە ئەکەن ئەمانە زۆر لەوە زیاترە کە زایۆنیستەکان لێی ئەدەنەوە •

هەسەلەکانی رۆشنبیری کوردی

ئەدەب و هەسەلەی بیرکردنەوە

کەمال میراودەلی

چاوگەی کەرەسەی هونەری ئەدەب ، چ هونەری دەربڕین ، یان وێنە گێشان بێ لە ڕێگای وشەوە ، هەر واقیع و جیهانی دەوروبەری ئەدیب خۆیەتی ٠ دەشێ هەندێجار ئەدیب بەرهەمی نووسەرێکی تری بۆببێتە ـ واقیع ـ بەلام لەم کاتەدا دەربڕینەکەی سادەو کال دەبێت رواڵەتی جوینەوەو لاسایی بەسەردا زاڵ دەبێت ، کەرچی هەوڵیش بدا کە ئەو ـ واقیعە دووەمە ـ لەگەڵ کەرەسەکانی بیرەوەری و لێکدانەوەکانی خۆی دا تێکەڵ بکات ٠

واقیع ـ دەوروبەری ئەدیب ـ ئەگەر تووشی هەڵەش بوو سنوورێکی دیاری کراوی نیە ـ ئەو کاتە کەرچی بەرهەمەکانی چونکە بەبێی رادەی رۆشنبیری بەهانەی هونەریشیان هەبێ ، و جۆری بیرکردنەوەی ئەدیب ، واتە لە رووی هونەری یەوە گەورە یا بچووك ، یان یا تەسك سەرکەوتوو بن ، ئەوا بەهانەی قووڵ یان تەنك ، دەبێتەوە ٠ کۆمەڵایەتی، یان ـ جەماهیری ـ یان نابێ ٠ یان ئەگەر بشتوانن شوێنی خۆیان لەناو جەماهیردا بکەنەوە ، ئەوا بەپێچەوانەی رەوڕەوەی پێشکەوتنی مێژووەوە دەوەستن و زیان بەخش دەبن ؟

لە ئەدەبی کوردیمانا تاقی کردنەوەی یەکجار دەوڵەمەندمان لەم بارەوە هەیە ٠٠ ئەدیبی کورد ، لە حاجی قادری کۆیی یەوە ، بگرە لەخانی یەوە تا ئەمڕۆ ، بیری نەتەوەیی لە شیعرەکانیا دەربڕیوە و ، ئەم بیرە دەوری خۆی بینیوە لە هوشیار کردنەوەی جەماوەری کوردا ؟٠٠ بەلام ئایا ئەم بیرە تا چ رادەیەك توانیویەتی رێگەی راست پیشانی جەماوەری کورد بدا ؟ تا چ رادەیەك توانیویەتی دۆست و دوژمنی بێ بناسێنێ ؟ تا چ رادەیەك توانیویەتی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد بە ناوەرۆکێکی کۆمەڵایەتی پێشکەوتن خوازەوە ببەستێتەوە ؟ تا چ رادەیەك توانیویەتی جەماوەری کورد بە بیروباوەری نوێ پەروەردە بکاو ئەفکاری عاتیفی یانەو غەوغائی یانە لە میشکی بەرێتە دەرێ ؟ تا چ رادەیەك توانیویەتی رۆحی ئەم سەردەمە بە هەموو تایبەتیەکانی یەوە بگەیەنێتە جەماوەری کورد؟ ئەدیبی کوردوە رۆشنبیری کورد بەگشتی ، تا ئێستا نەی توانیوە ئەم ئەرکانە ئەنجام بدات و وەکو پێویستی یەکی ئەوەرە خۆی لە بەردەمدا دەنوێنن ٠

لەکاتێکا ئەلێم گرنگ بیرکردنەوەیە مەبەستم ئەوە نیە کە ئەدیب هەر شتێکی نووسی ـ دوایی ـ بێ بیری لێ بکاتەوەو بیداتە بەر چەقۆی : ئەمە ڕاستەو ئەمە هەڵەیە ٠

نە ٠٠ ئەوەی من مەبەستمە ئەوەیە کە (بیرکردنەوە) کە بەر لە « تاقی کردنەوەکە » هەبێت و ببێتە ڕەگەزێکی بنەڕەتی و جەوهەری لە ڕەگەزەکانی تاقی کردنەوەکە ٠ تەنها ئەو کاتە بەرهەمە ئەدەبیەکە ، ڕەسەن ، ڕاست وە لە رووی هونەری یەوە سەرکەوتوو دەردەچێ ، ئەگینا ، وەکی تر ، نیشانەی زۆر لێ کردن و ساختەیی بێوە دیار دەبێ ٠

بیرکردنەوەی ڕاست ، لە ڕۆشنبیری ڕاستەوە دروست دەبێت ٠٠ ڕۆشنبیری ڕاست سەرچاوەیەکی فیکری و هونەری دەوڵەمەندی ئەدەبیە ٠ هەتا ئەدیب نەبێتە ڕۆشنبیرێکی تەواو ، بەرهەمەکانی چ لەڕووی ماناو بیرەوە ، چ لەڕووی داڕشتن و هونەرەوە ، لاوازو پڕ هەڵە دەردەچن ٠

بیرکردنەوەی ڕاست و ڕۆشنبیری یەکی ڕاست یارمەتی ئەدیب دەدەن کە هەڵس و کەوتێکی زانستیانە ، وە لە هەمان کاتدا ، هونەرمەندانە لەگەڵ واقیعدا بکات ٠

بەلام ئایا چۆن ئەدیب کەلك لە ڕۆشنبیری یەکەی وەردەگرێت ؟!

ئەوە تەنها لە مەیدانی پراتیکا ، لە مەیدانی ڕووبەڕوو بوونێکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ واقیعدا ؟

لە ڕێگای بەرەو ڕووبوونی ئەدیب لەگەڵ واقیعدا ـ واتە کۆمەڵ ، کە چالاکی یەکانی بەرهەم هێنان ڕوخسارە سەرەکی یەکەی دیاری دەکەن ـ زانیاریەکەی زیاد دەکاو لە شێوەی جۆربەجۆرا لە بەرهەمەکانیا ڕەنگ دەداتەوە٠

پەیوەندی یەکەمی مرۆڤ لەگەڵ واقیعدا ، لە ڕێگای هەستەکانیەوەیە ٠

ـ الحواس ـ ٠٠ بەلام ئەم هەستانە تەنها ڕواڵەتی دەرەوەی شتەکان بۆ ئێمە نەقڵ دەکەن لە شێوەی چەند سەرنجێو ئینتیباعاتێکا ٠

ئەم سەرنجو ئینتیباعاتانە تەنها پەیوەندی یەکانی دەرەوەی شتەکان دەنوێنن ٠٠

بەلام کاتێ لە قۆناغی دەرك پێ کردنیو زانینی هەستی ـ حسی ـ یەوە دەچینە قۆناغی زانینی زەینی ـ عقلی ـ ئەوکاتە گۆڕانێك نەك تەنها لە چەندێتیدا ـ الکمیە ـ بەلکو لە چۆنێتیشدا ـ النوعیە ـ ڕوودەدا ٠٠ ئەو کاتە بۆمان دەلوێ کە بەهۆی بیرکردنەوەی عەقلی زانستی یانەوە جەرەهەری شتەکان و ، هەمەلایی یانو پەیوەندی یەکانی ناوەوەیان بزانین ٠٠ دەتوانین ناکۆکیەکانی ناوەوەی جیهانی دەوروبەرمان دەرك پێ بکەین ٠٠ دەتوانین هەرشتەو هەموو شتێ لە چوار چێوەی بزووتنەوەی هەموویی و هەمو دەمی سروشتو مێژوودا وەربگرین ٠

بیرکردنەوە لێرەدا جیا لە تاقی کردنەوەکە ناوەستێ ٠ مارکس دەڵێ دەخا کە (هەردوو قۆناغەکانی دەرك پێ کردنی هەستی و زەینی بروسیستێکی بە یەك ، تەواوبڕوی کردەی ـ زانین ـ بێك دێنن ، وە ئەگەرچی لە یەك جیاوازن ، بەلام لە یەك دابڕاو نین ٠٠ یەك گرتوون لەسەر ئەساسی پراتیك) ٠ دیارە بیر خۆی بەرهەمی واقیع و ڕەنگدانەوەی ئەوە ٠٠ ئەمە ناشکرایە ، بەلام لە هەمان کاتدا کار دەکاتە سەر واقیع ٠٠ دەتوانێ سەر لەنوێ دروستی بکاتەوە ٠٠ هەر لەوکاتیشدا ـ دیسانەوە ـ خۆشی نوێ دەکاتەوەو دەوڵەمەند دەکا ٠٠ ئەم پەیوەندی یە دیالکتیکیە بەردەوامەیە لەنێوان بیرو واقیعدا ، کە دەبێتە هۆی بەردەوامی بەرهەمدانی ئەدەبو نوێ بوونەوەی و هەرگیر وشك نەبوونەوەی ٠ هەر بۆیەشە بۆئەوەی ئەدیب بتوانێ جەوهەری شتەکانو پەیوەندی یەکانی ناوەوەیان بزانێ دەبێ خۆی بچێتە مەیدانی پراتیکەوەو ، ئومارەسەیەکی زیندووی لە واقیعەکەیدا هەبێت ٠

شوێنی ئەدیبو ڕۆشنبیرەکانمان لە چوارچێوەی ئەو ڕاستی یانەی سەرەوەدا کامەیە ؟

بەداخەوە لەگەڵ زۆری و چڕی تاقی کردنەوەکانی ڕۆژانەی ئەدیبەکانمان ، هێشتا دەربڕینی ئەو تاقی کردنەوانە بەجورێك نیە کە توانینی ئەدیبەکانی تیا هەست پێبکرێ لە تێکەیشتنی جەوهەری ڕووداوەکانو بزووتنەوەی هەرگیز نەوەستاوی واقیع ٠٠ زۆر لە ئەدیبەکانمان لە ڕوانگەیەکی میتافیزیکی یانەوە سەیری شتەکان دەکەن ٠٠ و تەنها دیوی دەرەوە بەدی دەکەن ٠٠ وە لێرەوە شتەکانو ڕووداوەکان تەنها لە لەخرەیەکی وەستاوی (ئێستا) دا دەردەبڕن ٠٠ دەربڕینی ـ سبەینێو ـ ڕوانین بە چاوێکی گەش بینانەوە بۆی لەسەر ئەساسێکی مەوزوعی ، لەسەر ئەساسی تێکەیشتنی بزووتنی مێژوو ، هێزە بزوێنەرەکان ، کەمتر بەرچاو دەکەوێ ٠٠ واتە لەحزە (لە بۆتەیەکی وەستاوا) ڕێژەوی هۆنراوەکە یا بەرهەمەکە دیاری دەکات : ئەم لەحزەیەم بە دڵە ، کەواتە بێدەکەنم و وا لە خەلکیش دەکەم لەگەڵما بێبکەنن ٠٠ بەلام ئەم لەحزە سەختو دژوارو جەرگبڕە : کەواتە دەگریم ، با خەلکیش لەگەڵما بگرین !!

ئەمە ناکامی ناکامێی بیرکردنەوەیە ٠

لە هەڵس و کەوت کردنیانا لەگەڵ واقیعدا ، لەگەڵ تاقی کردنەوەکانیانا ، لەگەڵ ڕووداوەکان ، شاعیرو ئەدیبەکانمان تەنها لە قۆناغی دەرك پێ کردنی هەستیدا دەمێننەوە ٠٠ و بازدان بۆ قۆناغی زانینی زەینی ڕوونادا ٠٠ لێرەوە تەنها بۆ خۆیان وە بەپێی خواستی لەحزەیی خۆیان بێردەکەنەوە ٠٠ ئینجا ئەو سەرنجو ئینتیباعاتە هەستی یانەی وەریان دەگرن ٠ لە تردەیەکی تەداعیدا لەگەڵ بیرەوەریەکانی ڕابردوویانی تێکەڵ دەکەنو ، کۆرپە هۆنراوەیەکی ڕۆمانسی یانەی گرنیۆك ٠ یان شاد ، لەدایك دەبێ کە بیر کردنەوەکەی لەنێوانی مەسافەی زەمی یشوو تا زەمی داهاتوو تێپەڕ ناکا ٠ یا بەرهەمێك دێتە کایەوە کە بڕە لە هەڵەی فیکری و تروسکایی یەکی نوێ ناخاتە بەردەم جەماهیر ٠

بەلام ئێمە ئەوەمان لە ئەدیبانمان نازێ ٠ ئێمە دەمانەوێ نەك هەر خۆیان بەلکو کۆمەڵانی خەلکیش لە قۆناغی دەرك پێ کردنی هەستی یەوە بگەیەننە قۆناغی بیرکردنەوەی زەینی ٠٠ قۆناغی تێکەیشتنی دیوی ناوەوەی شتەکان ٠٠ تێکەیشتنی حەتمیەتی مێژوو ٠٠ وە لەمەوە دەرباز بوون و پاك بوونەوە لە ژەنگەکانی عاتیفەو عەڤویستی ئینفیعالی ٠

ئنگلز دەڵێ : کاتێ دەڕوانینە شتەکان لە سروشتا ، یا لە مێژووی ئادەمیزادا یا لە چالاکی زەینی ماندا ، وێنەی یەکەم کە بەبیرماندا دێ لە چەند پەیوەندی و یەك گرتنێکی زۆر ئاڵۆز پێك دێ ٠٠ بەلام هیچ شتێ لەمانە وەك خۆی نامێنێتەوە ٠٠ بەلکو هەموو شتێ دەبزوێتەوە ٠٠ لەدایك دەبن ، بە بارێکی ترا دەگۆڕێ ، یان نامێنێ ٠٠ »

(هیرەکلیدس) دەڵێ : هەموو شتێ هەشەو نیشە ٠٠٠ هەموو شتێ دەڕوات ، هەموو شتێ لە گۆڕانێکی بەردەوامو

پڕوانە ل ـ ٧

هەردەم و دەرد لەدوێم

فرید زاهدار ـ هەولێر ـ

یاد ٠٠٠
من ٠٠
خۆمی تیا ئەبینم ٠٠٠
یاد ٠٠٠
من ٠٠

خوای شەیدایی ٠٠ تیا ٠٠ ئەدوێنم !!٠
بەفرەو ٠٠ شەختەبەنی ساڵە٠٠٠
لەو ساردترم ٠٠٠
من گیانمو ٠٠٠ گیان تەژێنم ٠٠٠
من دایکمو ٠٠٠
خۆشەویستی ٠٠٠
کۆرپەیەکەو ٠٠ ئەیلاوێنم !!٠
من زەویمو ٠٠٠
تێنووترم ٠٠٠ لە کیشوەرە ٠٠٠
سووتاوەکان !!٠
بەرەو ٠٠٠ رەزی ٠٠٠ ئاوارەکان ٠٠٠
ئاوی بێ جۆگەیە ٠٠٠ خوێنم ٠٠٠
من دەردمو ٠٠٠ دەردەهوێنم ٠٠٠
من ئەژیمو ٠٠٠ ئەبێ بژیم ٠٠٠
زەویش بمرێ ٠٠٠ من ئەمێنم ٠٠٠
زەویش بمرێ ٠٠٠ من ئەمێنم !!٠

لایەرەیەکی نەزانراو لە ئایانی وەفایی

محەممەد عەلی قەرەداغی

(جەمیل صائب) م بە ڕێکەوت لەچاپخانەدا بەرچاوکەوت کە مامۆستا جەمال بابان نووسیویە و گەیبمە سەر باسی ڕەئووف صائیب بیرم کەوتەوە کە من هەندێ بەسەرهاتی ئەم شاعیرە ئەزانم و چەند پارچەیەکیش لە هۆنراوەکانیم کۆکردۆتەوە ٠ بەلام تازە هەڵی ئەوە لە دەس دەرچووبوو مامۆستا جەمال بابان سوود لەو زانیارییانە وەربگرێ و لە پێشەکی کتێبەکەدا شتێکی زیاتر دەربارەی ئەو شاعیرە بنووسێ ٠ بۆیە لێرەدا بەکورتی ماوە و دەرەتانی ئەم جێگەیە هەندێك لەو زانیاری و شیعرانە بێش چاوی خوێنەرانی بەڕێز ئەخەم ٠

دەربارەی ژیان و بەسەرهاتی شتێکی ئەوتۆ نازانم ٠ بەلام ئەو شیعرانەی لە بەردەستمان چەند تیشکێکی باریك بە تاریکایی مێژووی ژیانی ئەدەن و لەوانەیە پاڵپشتی هەندێ بەلگەو بەسەرهات بکەن کە زاناو خوێندەوارانمان بیانزانن یان لەمەولا بۆیان ڕوون ببێتەوە ٠

ڕەئووف صائیب نازناوی شیعری (وەهبی) یە ، بە زۆریش ڕەئووف بەکار ئەهێنێ ٠ شیعری بە کوردی و فارسی هەیە ، تا ئەندازەیەکی باش لە شیعردا سەرکەوتووە و توانایەکی باش و هەستێکی جوانی هەیە ٠

وەکوو زۆر لە شاعیرانمان هۆنراوەکانی کۆنەکراونەتەوە و شتێکی کەم لە بەرهەمەکانی ئەزانرێ ٠ ئەوەی من دەربارەی ئەم شاعیرە بیزانم دوو لایەنە ، ڕێبازی لە (تصوف)دا ، خۆشەویستی و هاوڵایەتی لەگەڵ یەکێك لە شاعیرانی سەردەمی خۆیدا ٠

یەکەم ڕچە و ڕێبازی لە (تصوف)دا : ئەم شاعیرە ـ وەك شیعرەکانی بۆمان ڕوون ئەکەنەوە ـ تەریقەی نەقشبەندی بۆ خۆی هەڵبژاردووە و موریدی شێخ (نجم الدین) ووە و تا ئەندازەیەکی زۆر شێخی ناوبراوی خۆش ویستووە و پەیڕەوی ڕێ و شوێنی تەریقەی نەقشبەندی کردووە و وەك هەر شاعیرێك کە سەربە مەدرەسە و جێگایەك بووبێ شیعری بە شێخەکەیدا وتووە ، بۆ نموونە لە کۆتایی پارچەیەی شیعری فارسیدا کە بە دوو قۆڵی لەگەڵ مامۆستا بابا ڕەسوولدا(١) دایان ناوە ئەڵێ :

« آزار چشم ، دلبر ما لایق تو نیست
همچون تو کیست این گندر ناصواب کرد ؟ »
« چشم (روف) و دیده (بابا) مقام تست
اکنون توان که دیدهء ما کامیاب کرد »(٢)

دووەم هاوڵایەتی لەگەڵ مامۆستا بابا ڕەسوولدا ، دووبارە لە شیعرەکانیەوە ، دەردەکەوێ کە گیانی بەگیانی بووە و زۆریان یەکتر خۆش ویستووە ٠ بەلام ئایا ئەم خۆشەویستی و یەیوەندییەی نێوان ئەم دوو مامۆستایە لە فەقێتی و سەرەتای ژیانیاندا بووە یان دوای ئەو سەردەمە ؟ ئەوەی کە ڕوون و ئاشکرایە سەردەمێك ئەم دوو مامۆستایە لە یەکەوە نزیك بووون و بە دوو قۆڵی شیعریان هۆنیوەتەوە ٠ تاکە مێژوویەك لەم بارەیەوە یارمەتیمان بدا ئەوەیە کە لەسەر پارچە شیعرێکیان نووسراوە کە لە ساڵی (١٣٣٧ی ك)دا دەربارەی گرانی یە کە لەو ساڵەدا ڕووی داوە دایان ناوە ٠ واتە بە (٢٦) ساڵ پێش کۆچی دوایی مامۆستا بابا ڕەسوول ٠

(١٢) پارچە شیعری فارسی ئەم دوو شاعیرەم لایە کە هەندێکیان بە دووقۆڵی و هەندێکیان بە جیا جیا وتووە ٠ ئەوەی لێرەدا ئەمەوێ سەرەنجی بۆ ڕابکێشم ئەوەیە، کە مامۆستا بابا ڕەسوول زۆر نیشتمان پەروەر بووە و گەلێ هۆنراوەی بە سۆزی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی هەیە ، لەگەڵ مامۆستا ڕەئووف صائیبیشدا زۆر دۆست بووون و لە (تصوف)دا هەردوکیان هاو بیر بووون ، بشێ لە هەستی نەتەوایەتیشدا هەمان بیرو ڕایان نەبووبێ ؟ ئەوەی لە هۆنراوەی مامۆستا (وەهبی) لای منە ئەوەمان بە دەستەوە نادا ، بەلام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە لەم بارەوە شیعری نەبێ ٠ بەلکو دواڕۆژ لەم بارەوە شتی تازەمان بۆ ڕوون بکاتەوە ٠

ئەوا لێرەدا دوو پارچە شیعری ئەو دوو مامۆستایە بەلاو ئەکەینەوە کە لەسەر یەك کێش و قافیە دایان ناوە ٠

یەکەم پارچەکەی (وەهبی) مەلا ڕەئووف صائیب :

ئەمە عومرێکە کە سەودا سەری جانانێکم
دل پەشێوی سیەهی زولف پڕ ڕێشانێکم
شەو هەتا وەقتی سەحەر گریە دەڕێژم وەکوو شەمع

چاوەڕێی طەلعەتی خورشیدی درەخشانێکم
لەتلەتە جەرگ و دڵم ، کون کونە سینەم وەکوو نەی
چونکە مەجرووحی خەدەنگی صەفی موژگانێکم
لە ئەی و مەی مەکە لۆمەم تو خودا ئەی واعیظ
چی بکەم غەمزەدەیی نافەتی دەورانێکم ؟
سینە چاکم وەکوو (بانی !) لە غەمی غونچە لەبێ
موبتەلای نیم نیگەهی ئەرگسی مەستانێکم
ئاخ لە داخ پەرچەم و ئەگریجە و کاکۆڵی سیات
بە هەزار دەردو بەلا دێ نەقەسێ ئانێکم
چیە باکم کە لە چاو ئەهلی جیهانا وەکوو موور
من لە نیقلیمی مەحەببەت کە سولەیمانێکم
کافرە کوشتمی بەم داغەوە ڕەحمێکی نەکرد
چونکە ئەیزانی کەمن کۆنە موسوڵمانێکم
لە غەمی فیرقەتی یو دووری یی یاران (وەهبی)
بنواڕە کە چ سەرگەشتە چ حەیرانێکم ؟

ئەمەش پارچە شیعرەکەی مامۆستا بابارەسوول :

من غوباری گوزەری گەردشی دامانێکم
عاشق و شێفتەیی جیلوەی جانانێکم
بۆ گەلی ڕووی کەسێ ئیستاکە منیش وەك بولبول
لە گولستانی غەما مورغی سەحەر خوانێکم
ئاخ زەمانێکە لە گۆشەی قەفەسا وەك قومری
بێ پەرو باڵی قەدی سەروی خەرامانێکم
مەکە تەکلیفی شەرابم ! بە خودا ئەی ساقی
مەستی بادەی قەدەحی دیدەیی فەتتانێکم
وەحشەت ئەنگێزە غوبارم لە هەموو دونیادا
گەرد و بادی ئەدەمی فەوجی غەزالانێکم
خۆ زەمانێکە لە (بیت الحزن) وەك یەعقووب
چاوەڕێی بیرەهەنی یوسفی کەنعانێکم
گەر دەپرسی خەبەرم نیستە لە گۆشەی غەمدا
منی بێ چارە عەجەب بێ سەرو سامانێکم
بۆچی تەحقیرم ئەکەی زاهیدی طاعات فروش ؟!
کوێرە ، نازانی منیش ئیستە موسوڵمانێکم
وەرە بڕوانە کە کون کون بووە سینەم ئەمڕۆ
عەدەفی تیری بەلای جونبوشی موژگانێکم
موددەتێکە کە لە داوێنی شەبی هیجراندا
دائیما مونتەظیری صوبحی گریبانێکم
شەو هەموو شەو وەکوو پەروانەیی بێ صەبرو قەرار
باڵ و پەڕ سوتخەیی شەمعی شەبوستانێکم
ئەی ڕەفیقان بەخودا نیستە منیش بۆ لەیلا
بێ سەرو شوێنم و مەجنوونی بیابانێکم
تا قیامەت بە خودا زەحمەتە هۆشیارەوە بم
من کە مەخموری شەراب و دەس و فنجانێکم
تا لە جەمعییەتی ئەحبابی بڕیوم دەوران
لە بیابانی غەما طورفە بەرنشانێکم
ئەی (ڕەئووف) خاسیەتی صوحبەتی (بابا یە کە من
ئەدەب ئاموختەیی مەجلیسی (عیرفان)یکم(٣) ٠٠

پەراوێزەکان :

(١) مامۆستا بابا ڕەسوول ناوی بابا ڕەسوولی کوڕی شێخ ئەحمەدی کوڕی شێخ عەبدوصەمەدی سۆڵەییە ٠ بە بابا ڕەسوولی بێدەنی ئەناسرێ ، چونکە لە (بێدەن) لە دایك بووە ٠

وە چونکە لە عەبابەیلێ مەلا بووە و لەوێ ژیاوە و کۆچی دوایشی لەوێ بووە ، بە مامۆستا بابارەسوولی عەبابەیلێیش ئەناسرێ ٠

ئەم مامۆستایە زانایەکی پایە بەرز و شاعیرێکی نیشتمان پەروەر بووە و شیعرەکانی پڕن لە سۆزی نەتەوایەتی و هەستی نیشتمان پەروەری ٠ خۆی دیوانی بۆ خۆی ئەنووسیوەتەوە و شیعرەکانی پرش و بڵاو بوونەتەوە و زۆریان لەناو چووون ٠

من بە کوێرەی توانا هەرچی بۆم کرابێ هەوڵم بۆ کوکردنەوەی شیعرەکانی داوە و تا ڕادەیەکیش لە هەوڵەکەمدا بێ ئەنجام نەبووم ، بەهیوام کاتێك ببێ بتوانم بەرهەمەکانی و بەسەرهاتی بەدرێژی بنووسم ٠

پڕوانە ل ـ ٧

Institut Kurde de Paris

کتێبی هاوکاری

ئەفسانەی چیای ئاگری

ئەنقەی حەوتەم

نوسینی : بەشار کەمال
شوکر مستەفا لەتورکیەوە
کردویەتی بەکوردی

شیرێ پاشا لە نوواوە و وانیش لەدووواوە،ڕێگای زیندانیان گرتەپێشێ • مەمۆ بە تاقی تەنیا ، بە شیری ڕووتەوە بە ڕەنگاریان بوو ، بە پێکەنینەوە گوتی : « ئەوانە ئەمشەو من بەرەڵلام کردن ، تو خودا چاکم نەکرد ؟ پێم وابوو کەیفت پێ دێ » •

پاشا زریکاندی :

« هەی نانو نمەکم کوێرت کا » •

و ڕای ماشتێ • پیاوەکانی پشتەوەشی بەسەردا چڕژانو تۆی ورووکان • بوو بە شەڕێکی توندو بێئامان • بەڵام کەس نەیدەویرا خۆ لە قەرەی بدا • چوار دەوری تا دەهات ئاپۆرەتر دەبوو و شیرراوەشێن بێبشوو ئالقەی قەڵەباڵغی‌یەکان هەراوتر دەکرد •

مەمۆ تا برجێ قەڵایێ ، ئەو جێی کە ئەوێ سبیانێ ، دەو سەعاتەیدا ، دەبوو لەسەر پیاوەکانیان بدایا ، هات ، گوتی :

« پاشا ، پاشا ، لێرەکانە سێ ڕۆژو سێ شەوانم شەڕ لەگەڵ دەکردن ، بەڵام بەکەلکی چی دێ ••• من تازە ئەوەی لەسەر دنیا بێم وەچەنگ کەوت ، وەچەنگ کەوت • بە تێرو ئەسەلی ئەو دەیایە بەجێ دێڵم • چەند کەسێکم کوشتووە ، فایدەی چی • چەند بەندەیەکی تۆشم کوشتووە ، وا نیە ؟ بەدوعا لە عەمبوزان ، بمێنن بەخێر • لەوانی ماون نەماون ، لەوانی خۆشیان دەوێم ، خۆشیان ناوێم سەلام دەکەم » •

خۆی لە برجی قەڵایا هەڵداشتە خوارێ • هەڵدێرەکە فرە تووش‌و قووڵ بوو ، کە لە سەرڕا تەماشای خوارێت کردبا لاشەی مەمۆ لە خوارێ هێندەی لاشە جووجکێکی ، باڵێکی کرابێتەوە ، دەهاتە پێش چاو •

لەپێشدا حوسۆی ئاسنگەر هاتە سەر لاشەکەی مەمۆ ، پاشان کوڕەکانی ، ئەنجا ژنان ، کچان ••• فوغانێ وەنێو شاری بایزیدێ کەوت • حوسۆ لە سەردخۆ لە مەمۆ نێزیك بۆوە ، هەنیەی ماچکرد قولە مستی چەپی قووجابوو لەسەر دڵی بوو • حوسۆ بڕیدا قولەمستی بە زۆر کردیەوە • چەپکێ قژی ڕەش وەکو پشکۆیەك ، وەکو تیشك لە قولەمستی مەمۆدا کەشاوە ، ڕوون ڕوون بەسەر زەویەبوردەکەدا تکا •

***

یوسف بە ترسەوە ، بە پەژارەوە ، وەپارێزی ڕەوودواوەکان کەوتبوو • چاوی بە خوێنو هەرێزی تێکەڵاو کەوت • ئەسپەکە سمکۆڵو شاخو باڵی دەکرد • هەموو کەس دەیزانی ئەسپ ، ئەسپی بابێتی • بابی بۆچی ئەسپەکەی نەدەویستەوە ؟ ئایە بابی ئاگای لە هەموو کەینو بەینێ هەبوو ؟ ئاگای لە پێچو پەنای گوڵبەهار بوو ؟ ئایە لە سۆنگەی وی بوو ؟ ئەو هەموو شتێکی دەزانی • جا دەبوو نەزانێ ؟ ئەو سۆسەی پشتەوەی دەرو دیواری ئەستووری دەکرد ، دونگەی کەینو بەینی نەبەدی دەکرد • گوێی لە بۆ سرتەی دوور ڕادێشت‌و دەیبیستەوە •••

ئەدی وا نەبوو ؟ ئاگای لە هەموو کردارو ڕەفتارێکی گوڵبەهار بوو • ئەی مەمۆ سەبارەت بەچی خۆی کوشت ؟ لە ترسان • مەمۆ هەڵنەدەهات ؟ باشە بۆ کوێ هەڵدەهات ؟ چما نەیدەتوانی وەچیا کەوێ ، پەنای وەبەر قەڵای خۆشابێ بردبا ؟ بۆ هەر کوێ هەڵاتبا ، هەڵاتبا ، بەڵام لە چەنگ پاشای ڕۆژگار نەدەبوو ، لە هەرکوێ گیرساباوە وەگرتنێی دەداو پێستی سەری دەگوررو •

جارێکیان یوسف منداڵ بوو ، کابرایەکیان لە مەیدانی شارێ بەرو پشت سواری کەرێك کردبوو • یەکێکی چاو ڕوبووشاوی ، بۆڵ هەڵوەریو ، کە تەنیا پێڵوە سوور هەڵگەڕاوەکانی پێوە مابوو ، سەری کەرەکەی دەکێشا • دوو پیاویش لەم دیوو لەو دیوی کەرەکەوە دەڕۆیشتن • یەکیان بیورێکی زەلامی خوێناوی ، ئەوی دیکەیان خەنجەرێکی چکۆلەی بریقەداری بە دەستەوە بوو ••• هەر وەکو ئەوێ ڕۆژێ بێ وابوو ، خەنجەر بە دەستەکەیان پڕی دایە کابرای بەرو پشت سوارکراوی بە گوریس دەستو باڵ شەتەك دراو ، گوێی چەپی لە بندا بڕی ئەوجا ئاوڕێکی پاشەوەی داو جارێ ئۆڕێیە گوێکەو جارێ ئۆڕێیە قەڵەباڵغی‌یەکەو دایە قاقای پێکەنینێ کابرای گۆرین لە هەژمەتان پڕ بەو دنیایەی قیژاندو وە پەلە قاژانێ کەوت ، گوریس لە پەلو پۆی ئاڵاو جوولەی لێبڕی خوێن لە جێگا گوێکەوەی وەکو فوارە فیچقەی کرد • میرغەزەب گوێیەکەی بەسەر قەڵەباڵغی‌یەکەڕا تووڕ هەڵدا • گوێی تایین پەڕی تەپ کەوتە نێو دوکانێکەوە • کابرای دوکاندار ردێن گەورەیەکی تۆپو ڕەشو کەپۆ هەڵۆیی بوو • قەدەرێ نۆڕییە گوێکەو واقی لەوی حەلامەتەی وڕمابوو ••• وەکو جادووی لێ کرابێ زەق زەق چاوی بە گوێ خوێناوی‌یەکەدا دووری‌بوو نەیدەتروکاند •

کەرەکە خڵتانی خوێن بوو • کابرای بیور زەلام بەو بیورە تیژە ، وەکو مەڕان کەوڵکا ، پێستی کەرسوارەکەی دەگوررو • کابرا لە تاو هاوارو قیژاندن دەنگیشی دەر نەدەهات • هەر لرخە لرخی بوو • قەڵەباڵغی‌یەکی زۆری لە دەور خڕببۆوە • دەمەوچاوی ئینسانەکان هیچ سامێکی ئەوتۆی ڕێ نەنیشتبوو ، کابرایان دەمەو عەسرانێ هێنا لە بەردەڵانی پێش دەرکەی سەرایان فڕێدا • خوێنی نەدەوەستاوە سەرانسەی شار ، بە خانووو بەرەوە ، بە دوکانەوە ، بە ڕێگاو بانەوە خوێناوی ببوو • خوێن لە خاڵو خۆڵەوە فیچقەی دەکرد • یوسف ئەوێ شەوێ تا سبیانێ ڕشاوە • منداڵانی هەموو شاریش تێکڕا دەڕشانەوە • خوێن کەفی دەکرد • دایکی لە ژوور سەری ڕۆنشیتبوو ، بۆی دەگریا • هەرچی بابی بوو دەیگوت :

« فێردەبی ، ڕادێی ، ڕادێی ، دنیا لەم تەرزە ژیانەی بەو لاوە چارێکی دیکە نیە •••»

دایکی بێوچان دەگریا • یوسف ئەو لە خۆ چوونەی لە بیر نەدەچۆوە •

یوسف لەپاش ئەو ڕووداوە زۆری کەر سواری بەرو پشت سوارکراوی دیت • کەچی باکی پێ نەبووو مووشی نەدەبزووت • لە قەڵای بایزیدێ سەری زۆر کەسیان لەپێش چاوی یوسف پەڕاند ••• زۆر کەسیان لە مەیدانی بازاڕی بایزیدی بە زنجیر حەسیر مەیدان کرد • هەرکە ئەو کارەساتانە دەهاتنە گۆڕێ بابی بە جارێ لە خۆبایی دەبوو ، شکۆو خۆ بەزلزانی دەهاتێ ، دەمەوچاوی کۆنەپەرستانە تر دەبوو ، چاوی وە چریکە دەکەوت ، بەژنی بلند دەبوو ، دەفەی شانی هەراو تر دەبووو ئیدی دەبوو بە مرۆیەکی دیکە • لەو دەمانەدا دەتگوت خۆی ڕووحان دەداو خۆی ڕووحان دەستێنێ • بابی لەو دەمانەدا دەتگوت خودایەکە لە چیای ئاگریڕا بە هەزارو یەك گرمەو • بڕووسکەو تریشقەوە هاتۆتە خوار •

یوسف زۆری لێدەترسا ، بابی باب نەبوو ، ترس‌و لەرزێك بوو بۆ وی •

ئەوێ شەوێ تا سبیانێ نەنووست • تا دەهات ترسی زیاد دەبووو پەرەی دەستاند • گومانی لە وەیدا نەبوو کە بابی باسی ئەسپ هێنانەوەکەی گوڵبەهاری لەگەڵ دەکاتەوە • چاوەنۆڕی کات‌و هەڵی خۆی بوو • بابی شادی‌و دژمنایەتی‌و ڕك‌و تووڕەیی‌و ترسی خۆی ، بێباکانە ، لەکن کەس نەدەدرکاند •

بیری کردەوە گوتی : ئەگەر لێرە هەڵدێم ، دەڕۆم پەنا وەبەر قەڵای خۆشابێ دەبەم ، بەسەر دەست‌و پێی بەگی خۆشابدا دەکەوم ، دەڵێم مەمدەوە بابم ، ئەخۆ ، ئەگەر ، نامحاوێنییەوە ، دەو چۆڵو جەولانگای خوارێی مامزی دە چاوڕەشانم ، لە نێو ئەوانم بەرهەڵدابکە ، بەگیش لە بابم دەترسێ ••• هەموو کەس لە بابم دەترسێ ، شای ئێرانێ ، پادشای عوسمانلی‌یێ ، هەموو کەسێ ، هەموو کەسێ لە بابم دەترسێ • مەگەر بە تەنێ مەندەبوورێکی وەکو گوڵبەهار، یانە حوسۆی ئاسنگەر ، یا پیری کاروان • تەنانەت پیری کاروانیشی لێ دەترسێ • تەنیا دوویان لێی ناترسن •

یوسف سبەینێی بە هەزار حاڵ کردەوە • هاتو بابی پێی‌زانی ، گوتی : تۆ وەرە وەرە کوڕی کوڕئاساییت لێئاسێ ببێو ڕاستیت پێ نەڵێ ، جا خۆ مردنم بۆ چاکترە • هەنگێ بە دەبێ ئەو کوڕە لە ئاوەندی بازاڕ چاوی هەڵکۆڵدرێو پێستی بگوردرێو بکرێ بە پەندی زەمانە ••• یا دەبێ من خۆم بکوژم •••

ئەگەر ڕۆژبۆوە یوسف هەر بە جارێکی زەندەقی چوو • لە دڵی خۆیدا دەیگوت : ها ئێستا ، ها قەدەرێکی دیکە میر غەزەبان دێن پێلم دەگرن ، دەمبەن ، ها ئێستا •••

وەتاقێکی چکۆلەی ئەسك‌و ترووسك لەکن کیلەرێ بوو ، بەحاڵ جێی سێ کەسانی بە قیت‌و تێك‌خزانەوە تیدا دەبۆوە • لە پڕ خۆی تێخزاند • گوێی ڕایەشت ••• ئێستا دەگەڕێن نایدۆزنەوە ، پاشان سواران وەرێگاوبانان دەخەن‌و دەڵێن ، کوڕی پاشا هەڵاتووە ، دنیا دەشڵەژێ ، دەشڵەقێ ، دمگۆ ، مقۆ مقۆ بڵاودەبێتەوە ، بەوم ، باڵوە •••

بە مچوڕك پێداهاتنەوە لەوێ ماوە • دڵۆپە تیشکێك لە درزی دەرکەیڕا دەتکایە ژوورێ •

تیشکەکە ڕەنگی پەڕی ، کەم‌بۆوە ، پاشان لەگەڵ تاریکایی‌یەکەدا تێکەڵ بوو • یوسف ئاهێکی هەڵکێشا • ئەوڕۆشی بەرۆك قوتار کردبوو • بەسەر نووکی پەنجەوە لە وەتاغەکە وەدەر کەوت • پیاوەکانی سەرا بێئاوڕدانەوە ، بە پێش دەمیدا تێپەڕین‌و نیکلامیان بۆ کێشا • یوسف لە دڵی خۆیدا گوتی : ئەمە داوێکە • داوی بابمە • ها ئێستا دەمگرن • ئێستا ••• گوێی لە تەپەتەپی دڵی بوو ، لە برسان زگی قۆڕەی دەهات ، خۆی دەمتبەق ئاویت •

بۆنی نێواراني بەهار دەهات هەستی بە بۆنی گولیلکێکی دووری تیژ کرد • پاشان بۆنی گۆشتی سووزەوەکراو گنجی کەپۆی زووراندەوە • ئەوانی لە متبەقێ بوون لە نکاو ڕاپەڕین بەرزەبێ وەستان •

یوسف قەیرێ هاتوچوو ، بەڵام لە ڕووی نەهات داوای خواردنیان لێ بکاو لەوێ نان بخوا • دەنگە تێرە ، بە گرمە ، پڕ ڕك‌و کینەکەی باوکی لە دیوەخانێڕا بەر گوێ کەوت • بەڵام دەنگەکە لە پڕ ، وەکو بە کێرد بیبڕی ، بڕاو کپ بوو • یوسف لە ناکاو لە متبەق وەدەرکەوت ، هاتە حەوشەی سەرایێ • نۆبەدار لە شوێنی نۆبەکردنی بە خۆی‌و سمێلە تووڕەکەیەوە ڕەق وەستابوو ، نەدەبزووت • یوسف لەوێڕا خۆی ئاویتە مزگەوتێ • وەکو دڕندەیەکی تەنگەتاو کراو پشوویەك لە مزگەوتێ وەهەناسەبڕکێ کەوت ، پاشان چووە حەرەمی • دەبوو وردو درشتی لە دایکی گەیاندبا ، بەڵام هەر ئەوەنەبوو لە برسانیش ئەمرێ،دەبوو نانی بخوا •

ئەگەر دایکی دیتی لێی‌ترسا ، قیژاندی :

« ڕۆڵە ئەوە چت لێبەسەرهاتووە یوسف ؟ نەخۆشی ؟ »

یوسف بە نکە نك :

« نەخۆشم » ، گوتی ، خۆی دەنوێنێ ئاویت • دەتکوت ئاورە دەسووتێ • لە خۆ چوو ، سێ شەوو سێ ڕۆژان بە دەم تێوە وڕێنەی کردو بزڕکاندی • چەند حەکیمیان هێنا سەری • حەکیمان چەندیان داو دەرمان دایێ • دەستەکانی قووچابوون ، نەدەگرانەوە •

پاش سێ شەوو سێ ڕۆژەی یوسف چاوی هەڵێنا ، ئیدی وردە وردە دەستەکانیشی خاو بوونەوە ، پەنجەکانی کرانەوە • پاشان هەڵستا سەر پێیان • هەر دەتگوت مامزێکەو زەندەقی چووە •

تا ئێوارێ لە نێو سەرایەدا هات‌وچوو • چاری ناچار بوو ، دەبوو بچووبا کن بابی • هەموو شتێکی ڕاست‌و دروست لە بۆ بابی ڕوون کردبایەوە • خۆ بابیشی ئاگای لە هەموو کەینو بەینێك هەبوو • لە نکاو گوڵبەهاری وەبیرهاتەوە • زۆرزان بوو • دەیزانی بابی هەستی بە هەموو شتان کردووە • کێ دەڵێ ڕێگای قوتار بوونیشی لە بۆ خۆی نەخشە نەکێشابوو یەکسەر هەڕای کرد بۆ حەرەم ، بۆ وەتاغی گوڵبەهار •

گوڵبەهار دانیشتبوو لووشکە لووشك دەگریا ، ئەنجا کڕووزانەوەو لاڵانەوە • یوسف بە جارێ دین بوو ، قیژاندی :

« گوڵبەهار » • دەنگی لە کیان‌و لرخەی سەرەمەرگ دەچوو • دەترسا •

گوڵبەهار بە کەساسی‌یەکەوە پرسی :

« یوسف چیە ؟ »

یوسف گوتی :

« بابم چاومان هەڵدەکۆڵێ، پێستمان دەگرووێ ، هەڵیدەکۆڵی ، دەیگرووێ ، گوڵبەهار » •

گوڵبەهار گوتی : « با هەڵێین ، کوڕە بە هەموو شتێکی دەزانێ ، باشە ؟ »

یوسف خۆی بە گوڵبەهارەوە نووساندبوو ، لە ترسان قاچو قولی بە یەکدا تێك‌ئاڵابوو ، چەناکەی دەلەرزی ، وەکو سنگ چەقی بوو ، دەیگوت :

ماویەتی

گەڵای پایز

ئازاد دلزار

-١-

شۆڕەبی ئەوەندە سرکە
لە چیەی با ڕادەچەنێ
ئەوەك گەردەلولی پایز
کەمەندی زەردی مردنی
لەپڕ باوێتە گەردنێ

-٢-

ئەوەندەیان
ئەشقیاو(١) شۆفارو شەیتان
ناردۆتە پەرایی‌و سەر ڕێم
ئەوەندە زمانی هەنگوینی
لێم بۆتە سفرە ماری دێم !
گومان گومان
گومانمە لە مانگی چواردەی
جۆخین بەستوی ئەو ئاسمانە
گومان لە بەفری یەك شەوەی
سپی سپی ئەو کوێستانە !

-٣-

زامەکانم سارد بوونەوە
تازە ژانی دڵتەزێنیان
تێدەگەڕێ
تازە خەریکە هەست دەکەم
وەك گەڵای ئیشکەڕۆی پایز
پەنجەکانم بەسەر یەکا
هەڵدەوەرێ !

-٤-

کاتێ چاوی سەوزی هیوام
بەخوڕ فرمێسك دەبارێنێ
وەك ئەو قازمانە(٢) فەریکەی(٣)
دوای ڕەمێڵە
بەسەر کەزی زەردە پەڕا
دادەچۆڕێ‌و
گەشو گۆڵتر خۆی دەنوێنێ !
ئای !•• چاوی سەوزی هیواکەم
چەند خەم هەڵکاتە فرمێسك‌و
خوێن بارانێ
هەرگیز ڕەنگی کەژاڵی تۆ
ناچێتەوە
هەرچەند (شەم) ئێلاخ جێبێلێ
لە وەرزی گەڵاڕێزانێ
هەرگیز دڵە (دێوانە) کەم
هەواری ناگوێزێتەوە !•

تەشرینی یەکەمی ١٩٧٥

پەراوێز :

(١) ئەشقیا : چەتەی شەوبەکێو •
(٢) قازمانە : جۆرە هەڵوێکی وردە زوو پێدەگا •
(٣) فەریك : کرچو کاڵ ، پێنەگەیشتوو •

لاپەڕە - ٥

Institut kurde de Paris

توێنەری سەرۆك بەکرگەیشتە بەیروت

سەرکۆماری احمد حسن البکر مامۆستا طارق عزیزی وەزیری ڕاگەیاندنی بەڕاسپاردن نارد بۆ بیروت •

مامۆستا عزیز لەکاتی گەیشتنیا وتویە : نامەیەکی سەرۆك احمد حسن البکرم بۆیە بۆ سەرۆك سلیمان فرنجیەی سەرکۆماری لوبنان وە ئەم نامەیە لەبارەی چۆنێتی پاری ئێستای لوبنانی برامان و ئەویارمەتیانەوەیە کە عیراق لەپێناوی بەهێزکردنی یەکیتی نیشتمانی لوبنانـدا ئەیدات وئەیەوێ هێمنی و ئاسایش بگەڕێتەوە بۆ هەمو ناوچەکانی وڵاتی لوبنان •

لە بروسکەیەکدا بۆسەرۆکی ڤەرماندەو مامۆستا صەدام حسین

ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بەوەفایی بۆسەرکردایەتی حیزب وشۆڕش ئەسەلێنێتەوە

ئەنجومەن لە کوبونەوەکەیدا لەبریاری میللی کردنی نەوتی بەسراو ڕاپورتی سالانەی ئەنجومەنی تەنفیزی کۆلایەوە

ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی لایەنگری ئەو بریارە میژوویەی کردووە کە سەرۆکی فەرماندە بەڕێز احمد حسن البکر سەبارەت بە میللی کردنی بەشەکانی بێگانە لە کۆمپانیای نەوتی بەسرەدا لە ٨ی ئەم مانگەدا ڕایگەیاند •

وەرێزو پایەخی لە بریاری سەرکردایەتی شۆڕش گرتووە بۆ ئەو بانگەوازەی لە جوولەکە عیراقییە کۆچ کردووەکانی کردووە تا بگەڕێنەوە بۆ وڵات• وە بەڵێنو پەیمانیان بۆ سەرکردایەتی حیزب وشۆڕش تازەکردۆتەوە کە هەرگیز لەو ڕێبازە سەرکەوتوانەیەی لانەدەن تا ئاواتەکانی گەلو وڵات دێتەدی •

ئەمە لەوبروسکەیەدا بەیان کراوە کە ئەنجومەن لە کۆتایی کۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٠ی ئەم مانگەدا بۆ سەرۆکی فەرماندە بەڕێز احمد حسن البکرو بەڕێز مامۆستا صدام حسین جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی ناردووە •

ئەمەش تەواوی ئەو بروسکەیەیە •

سەرۆکی فەرماندە بەڕێز احمد حسن البکر

جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەڕێز مامۆستا صدام حسین •

لە کاتێکدا لە هۆلی ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنومیدا کۆبوویتەوە لە دلەوە حەزدەکەین کە باوەڕی تەواومان بەو بریارە میژوویەتان کە لە ٨ی ئەم مانگەدا سەبارەت بە میللی کردنی بەشەکانی بێگانە لە کۆمپانیای نەوتی بەسرەدا بەیان کەین • کە دەسکەوتێکی مەزن و گەورەیەو دروشمێکە لەو دروشمە نیشتمانیانەی زۆر دەمێکە گەل بەرزی کردۆتەوە تا لە سایەی شۆڕشی ١٧ـ٣٠ی تەموزی نەتەوەیی سۆشیالیستی دا بەدی هات • ئەمیش دەستکەوتێکی ترە لەو دەستکەوتە پایەخدارانەی شۆڕش کە لەڕیبازە سەرکەوتوانەکەیدا بەسەرکردایەتی حیزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست بۆ گەلی عیراقی هێناوەتە دی •

وە لەوکاتەدا کە لایەنگیری ئەوبڕیارە جۆمیرانەیەتانین بۆ گەڕانەوەی ئەو جوولەکانەی لە ساڵی ١٩٤٨دا کۆچیان کرد بوو ٠٠٠ ئێمە سەر لە نوێ پەیمانتان دەدەینێ کە هەمیشە جێگەی باوەری شۆڕشو دەستکەوتە مەزنەکانیین ، وە بەردەوام بین لە پاراستنی ڕێڕەوی ڕاستی شورش دژی هێزەکانی ئیمپریالیزمو هەموو گومڕاو سەرشۆڕەکان ، ئەوانەی ، دوای چارەسەری خۆ بەدەستەوە دەرانەی کێشەی گەلی فەلەستین کەوتون ، سەر لە نوێ بەڵێنتان دەدینێ کە هەر لە گەلتان بین هەتا هەمو ئامانجەکانی شورش لە مەیدانی ئەم وڵاتەو ئەتەوایەتیدا بەدی بێ •

ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنومی

سەر لەبەیانی ڕۆژی ٢٠ی ئەم مانگە ئەنجومەنی یاسادانانی ناوچەی ئۆتۆنومی لە بارەگای ئەنجومەندا کۆبۆتەوە • لەم کۆبوونەوەیەدا سەرۆکی ئەنجومەن بەڕێز بابکر بشدەریو بەڕێزان جێگری سەرۆکو ئەندامانی ئەنجومەنی تەنفیزی بەشدار بوون •

لەسەرەتای کۆبوونەوەکەدا بەڕێز بابکر بشدەری وتارێکی خوێندەوە تیایدا باسی گرنگی بریاری میللی کردنی نەوتی بەسرای کرد بوو ، لەگەل ئەو دەورە بایەخدارەی ئەوبریارە میژوویەیە دەیگێرێت لە گەشەکردنو پێشخستنی ئابوری نیشتمانیدا ، هەر لەو وتارەیدا وتبووی ئەم بریارە بووەمایەی سەربەخۆیی ئابووری وڵاتمانو سنوری کێشما بە دەوری کۆمپانیابێگانەکاندا کە نەتوانن دەست خەنە کاروباری سامانی نەوتی وڵاتەکەمانەوە •

وە دەوری گرنگی میللی کردنی نەوتی ئاشکرا کردووە لە مەیانی قوتریو نەتەوەییدا لەگەل ئەو دەورە نیجابیانەی ئەم میللی کردنە دەی نوێنێ لە مەیدانی ئابوورییدا •

وەوتی : ئێستا خێرو سامانی وڵاتەکەمان لە پێناوی بەختیاریو خۆش گوزەرانی گەلی عیراقمان دایە ، کەچی جاران ئیمپریالیزم ئەو خێرو سامانەی بۆ کب کردنەوەو دامرکانەوەی بزوتنەوەی ئازادیخوازانەی ناوچەکە بەخت ئەکرد •

وە ئەوەی ساغ کردەوە کە حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب بە بریاری میللی کردنی نەوت مستێکی جگەر بڕی سەرەواندوتە ئیمپریالیزمو هەموو دەستو پێوەندەکانی •

دوایەدوای ئەو بەڕێز حاجی مەلا سعید ئەندامی ئەنجومەن وتارێکی خوێندۆتەوە وستایشی بریاری میللی کردنی نەوتی کردووە وەئەوەیدووپات کردەوە کە پێویستە هەمو وەك شۆڕەیەکی پۆلاین دژی پیلانەکانی ئیمپریالیزم ڕاوەستین •

دوای ئەوە ئەنجومەن گوێی لەڕاپۆرتی ئەو لیژنەی وەختیە ڕاگرت کە بۆ لێکۆلینەوەی ڕاپۆرتی سالانەی ئەنجومەن پێك هێنراوە •

بریاردرا کە ئەو ڕاپۆرتە پدرێت بەو ئەمینداریەتشتیانەی پەیوەندیان بەو ڕاپۆرتەوە هەیە تا ئەوانیش لێی بکۆلنەوەو ڕای خۆیانی لەسەر دەربڕن و پیدەنەوە بەئەنجومەنی تەنفیزی تا ئەم هەمووی پیشکەشی ئەنجومەنی یاسادانان بکات تا لە کۆبوونەوەی داهاتوویاندا لەسەری بکۆلنەوە •

وە بریاری ئەوە درا کە ئەنجومەن لە ١٧ی مانگی کانوونی دوو هەمدا کۆبوونەوەکەی پێك بهێنێ •

نەخشەی ڕۆشنبیری نوێ بۆ ناوچەی ئۆتۆنۆمی

ئەمینداریتی گشتی بەڕێوەبردنی ڕۆشنبیریو لاوان لە ناوچەی ئۆتۆنۆمی لە بارەی ڕۆشنبیریەوە پلانێکی تازەی داناوە •• بۆ لێکۆلینەوەی ئەخشەکردنو بەشداری تیا کردنی هاووڵاتیەکان • هەروەها بۆ ئەم مەبەستە بڕیاری داوە چەند یاریگایەکی وەرزشی گەورەو خانوی لاوانو پەیمانگای ئامادەکردنی کادری وەرزشی بکرێتەوە •

مامۆستا مینان بولص جێگری ئەمینداری گشتی بەڕێوەبردنی ڕۆشنبیریو لاوان لە ناوچەکەدا وتویە ئەم پلانی ڕۆشنبیریە بریتیە لە سازکردنی سیمیناری ڕۆشنبیری لە بارێزگاکانی ئۆتۆنومیدا لەگەل پاس کردنی ڕاپۆرتی سیاسی هەشتەمین کونگرەی قوتری حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب •

هەروەها سازکردنی سیمیناری نایەتی لە بارەی ڕێڕەوی حزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبو پێك هێنانی کۆڕی شیعر خوێندنەوەو ئاهەنگی موسیقاو گۆرانیو شانۆگەری و نیشاندانی فیلمی سینەمایی ئاراستەکراو ڕیکخستنی کاروانی وەرزشی بۆ گەلی عیراقو بەشداریکردن لە یاریگاکانی ئەو وڵاتەدا •

ئاوبراو لە بارەی چالاکی وەرزشەوە وتی ئەمینداریتی باسکراو بڕیاری داوە دو یاریگای وەرزشی لە قەزاکانی ڕەواندزو چۆمان بکرێتەوە لەگەل پەیمانگایەك بۆ ئامادە کردنی کادری وەرزشی لە بارێزگای هەولێر •

مامۆستا پولص ئەوەشی باس کردوە کە ئەمینداریتی بڕیاری داوە خانویەك بۆ مەلبەندی لاوان لە عین کاوەو خانویەکی لاوان لە هەولێر بکرێتەوە لەگەل هوردوگایەك بو ئیش کردنو فێرکردنی لاوان لە

بڕوانە ل ـ ٧

بۆزانین

لە دەزگای هاوکاری چاپو بڵاوکردنەوەی کوردیەوە

ئەم دەزگایە بڵاوی ئەکاتەوە کە پاك کردنەوەی سێ نهومی (دوەمو سێیەمو چوارەم) بەپێی مەرجی داواکراو کە وتۆتە مناقسەوە ، ئینجا هەرکەس لەمەو بەر ئەم جۆرە ئیشەی کردوەو ئەیەوێ ئەم ئیشە قۆنتەرات بکات سەر لە بەڕێوە بەرایەتی حیسابات بدات بۆ ئەوەی شارەزای جۆری قۆنتەراتەکە ببێ و داخوازیەکەی تاکو سەر لەبەیانی ڕۆژی ٣١ـ١٢ـ١٩٧٥ لەگەل تەئمیناتی پێویستیدا پێشکەشی بکات •

چەمال بابان
کارگێری گشتی

عیراق وبرکێتی سۆڤیەت بەیمانیکی هاوکاری تەکنیکی ئابوری یان مۆرکرد

ڕۆژی یەکشەمەی ڕابوردوعیراقو یەکیتی سوڤییەت ڕێکەوتنیکی هاوکاری ئابوری وتەکنیکیان لە نێوان هەردولادا مۆرکرد •

مامۆستا طه جزراوی ئەندامی دکتور ختسالوف جێگری ئەنجومەنی سەرکردایەتی سەروکی وەفدی سوڤییەت لە شۆڕشو وەزیری سازکاریو لیژنەی هەمیشەیی نیوان کان لە جیاتی عیراق مۆری عیراقو سوڤییەتو سەرۆکی کرد •• وە لەلایەن سوڤیەتەوە مامۆستا سیمون سکاتشکوف سەروکی لیژنەی دەولەت لە ئەنجومەنی وەزیرانی سوڤیەت بو کاروباری پەیوەندی ئابوریو سەروکی وەفدی سوڤیەت لە لیژنەی هەمیشەیی هاریکاری ئابوریو تەکنیکی نێوان عیراقو سوڤیەتا ئەم ڕێکەوتنەی مۆرکرد •

بەپێی ئەم ڕیکەوتنە سوڤیەت چەند بروژەیەکی پیشەسازیو نەوتو کشتوکاڵو ئاودێری لە عیراقدا جێبەجێ ئەکات •

مامۆستا طه جزراوی دوای مۆرکردنی ڕیکەوتننامەکەوتویە: ئەم ڕیکەوتنەم زۆرێ خۆش بوو ، چونکە ئەمە نموونەیەکی تری پەیوەندی دۆستانەی نێوان هەردو وڵاتەوەتی بەڕەسیاری ئەم ڕیکەوتنە لە ئەستوی ئەوانەدایە کە لە لیژنەی هەمیشەیی هاریکاری نێوان عیراقو سوڤیەتدان ، دیسان وتی هیوادارم ئەمڕیکەوتنە شان بەشانی پلەی پەیوەندی سیاسی نێوان هەردو دەولەت بڕوات••

ماموستا سکاتشکوف وتی : یەکیتی سوڤیەت ئامادەیە هەمو ئەوبڕۆژانەی گرتویەتیە ئەستۆی خۆی جێبەجێیان بکات چونکە سودی هەردو لای تیایە • وەوتی ئێمە بایەخ بە هەمەوورویەکی هاریکاری دۆستانەی نێوان هەردولامان ئەدەین ••

لەکاتی مۆرکردنی ڕیکەوتننامەکەدا ماموستا صبحی السامرائی جێگری وەزارەتی سازکاری وکانو

وەزیری ڕاگەیاندن چوارەمین دەورەی مەشق پێ کردنی خوێندنگای نەتەوەیی یەکێتی ڕۆژنامەنوسانی عەرەبی کردەوە

ئێوارەی یەکشەمەی ڕابردوماموستا طارق عزیز وەزیری ڕاگەیاندن لەیانەی ڕاگەیاندن چوارەمین دەورەی مەشق پێ کردنی خویندنگای نەتەوەیی یەکێتی ڕۆژنامە نوسانی عەرەبی کردەوە •• کە نەقابەی ڕۆژنامە نوسانی وڵات ڕێکی خستوە •

مامۆستا عزیز لە ئاهەنگی کردنەوەی دەورە کەدا باسی کرنکی ئەم جۆرە دەورانەی ڕۆژنامە نوسانی عەرەبی کرد کە چۆن کار ئەکاتە سەر پێشکەوتنی ڕوی هونەری وچالاکی ڕۆژنامە گەریو وتی :

فێربونو لێکۆڵینەوەو زانیاری ئیش کردنی ڕۆژنامە گەری بەنیسبەت ڕۆژنامە نوسە عەرەبە کانەوە بایەخێکی زۆری هەیە چونکە شارەزای هەمو جۆرە هونەرێکی تازەی ڕۆژنامە گەری ئەبن جگە لە وە کە پەیوەندیەکی نەتەوایەتی لە نێوان ڕۆژنامە نوسە عەرەبەکانا دروست ئەکات •

دیسانەوە وتی وەزارەتی ڕاگەیاندن بەپێی ئامۆژگاری سەرۆك کۆمار تێکۆشەر احمد حسن البکرو سەرکردایەتی حیزبو شۆڕش بە هەمو توانایەك هەوڵ ئەدات کە پشتگیری ئەم جۆرە خزمەتانە بکات لە جوار چێوەی ئەتەوایەتیدا وە باوەڕمان بەوە هەیە کە ئەتەوەکەمان لە هەمو ڕویەکەوە فێری زانیاری ببێ وە لە پێش هەمو شیانەوە بەشی ڕۆژنامە گەری چونکە ئەم کەرتە ئامانجە ئەتەوایەتیە پیرۆزە کانمان بە هێز تر ئەکات •

لە کۆتایی دوانەکەیا سوپاسی نەقابەی ڕۆژنامە نوسانی عراقو یەکێتی ڕۆژنامە نوسانی عەرەبی کرد کە ئەم دەورەیان پێك هێناوە ، وە داوای سەرکەوتنی بەشدار بوەکانی کرد •

عەروەها مامۆستا کامل الزهیری ئەمینداری گشتی یەکێتی ڕۆژنامە نوسانی عەرەب زۆر سوپاسی وەزیری ڕاگەیاندنو نەقیبی ڕۆژنامە نوسانی وڵاتی کرد سەبارەت بەو دلسۆزیە کە نواندویانە لە بارەی ڕێکخستنی دەورە کەوە لە بەغدا •

وە وتی ڕۆژنا مەکەری وەکو پیشە سازی گەورە دا ئەنرێ لە ڕوی بایەخو پێویستیەوە ، دیسان وتی هەرچەندە بڕیار وابو ئەم دەورەیە ساڵی داهاتو بکرێتەوە بەڵام لە سەر داخوازی بەڕێز وەزیری ڕاگەیاندن ئێستا کرایەوە •

مامۆستا سعد قاسم حمودی نەقیبی ڕۆژنامە نوسانی وڵات لە وتارەکەیا وتی : نەقابەی ڕۆژنامە نوسان بە هاوکاری لە گەل ئەمینداری گشتی یەکێتی ڕۆژنامە نوسانی عەرەب ئەم دەورە یەی پێك هێناوە کە ئەم کارە بە پێی ئامۆژگار یەکانی شۆڕش ، کادری ڕاگەیاندنو ڕۆژنامە گەری دروست ئەکات لەم قۆناغە شۆڕشگیری یەی ئەمڕۆماندا کە حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب لە وڵاتا بەڕێوەی ئەبات •

وە وتی : ئەم دەورەیە کارێکی زۆر ئەکاتە سەر پێشکەوتنی ڕۆژنامە گەری عەرەب ، لە داییدا سوپاسی بەڕێز وەزیری ڕاگەیاندنی کرد کە سەر پەرشتی دەورەکەی کرد وە داوای سەرکەوتنی بۆ ڕۆژنامە نوسەکان کرد •

وەفدیکی بەرەی نیشتمانی بەسەروکایەتی هەفال یاسین چو بۆ صوفیا

ڕۆژی یەکشەمەی ڕابوردو وەفدیکی بەرەی نیشتمانی لە ئەنجومەنی کرێکاران ، محمد ئەمین ئەحمەد ئەندامی سەرکردایەتی لقی زوروی حیزبی بەعسو سەرۆکی لیژنەی بەرەی نیشتمانی لە پاریزگای سلیمانی ، صباح الدره ئەندامی لیژنەی بەرەی نیشتمانی لە پاریزگای هەولێر ، صابر عبدالفتاح ئەندامی پارتی شورشگیری کوردستان •

لەکانی ڕویشتنی وەفدەکەدا هەفال حسن العامری ئەندامی سەرکردایەتی قوتری حیزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەبو مامۆستایان هشام الشاوی و عبدالستار طاهر شریف ومظهر العزاوی ئەندامانی لیژنەی بالای بەرەی نیشتمانیو نەتەوایەتی پیشکەوتنخوازو عبدالغنی عبدالغفورو دکتور مهدی الحافظ ئەندامی سکرتاریتی گشتی بەرەی نیشتمانیو عبدالودود الشیخلی پەریوەبەری گشتی تەشریفاتو بەڕیز بالوێزی کومەاری بلگاریا لەبەغدا بەڕێیان کردن •

وەفدەکە بریتیە لە هەفالان محمد الزبیدی ئەندامی مەکتەبی ڕێکخراوی ژوروی حیزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەبوسەرۆکی لیژنەی بەرەی نیشتمانی لە پاریزگای ئەنبارو ، راسم العوادی ئەندامی مەکتەبی کرێکارانی ناوەندی حیزبی بەعسو سکرتیری پەیوەندی وەفدێکی بەرەی نیشتمانیو یەکانی دەرەوە لە یەکیتی گشتی ئەتەوایەتی پیشەکەوتنخواز ئەمام ئەندامی سەرکردایەتی لقی قوتری حیزبی بەعسی سوشیالیستی لە لیسمتی عەرەب چوو بۆ صوفیا •• ئەم سەردانەیان چەند ڕۆژێك ئەخایەنێ ، و لەسەر داخوازی ئەنجومەنی نیشتمانی بەرەی نیشتمانی بلگاریایە •

هەفال یاسین وتویە : ئەم سەردانەمان لەزەمینەیەکی دۆستانەی نێوان هەردولادایە وەهیوادارین زیاتر پەیوەندی دۆستایەتیمان بەنین بکاتو ئاکاداری هەمو لایەنەکانی ناقی کردنەوەی ئەم وڵاتە دۆستەمان بین •

وەفدەکە بریتیە لە هەفالان محمد الزبیدی ئەندامی مەکتەبی ڕێکخراوی ژوروی حیزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەبوسەرۆکی لیژنەی بەرەی نیشتمانی لە پاریزگای ئەنبارو ، راسم العوادی ئەندامی مەکتەبی کرێکارانی ناوەندی حیزبی

وەزیری تەندروستی سەر لە دەزگا تەندروستیەکانی کرکوك ئەدات

ڕۆژی دوو شەممەی ڕێکەوتی ٢٣ی ئەم مانگە بەڕێز وەزیری تەندروستی دکتۆر عزة مصطفی چۆتە دیدەنی دایەرەو دەزگا تەندروستی یەکانی پارێزگای کرکوك لەوی سەرنجی چۆنیەتی ئیشو کاری ئەو دەزگاو دایەرانەی داوە •

بەڕێز وەزیری تەندروستی لەگەل پارێزگاری پارێزگای کرکوك لە چۆنیەتی پیشکەش کردنی خزمەت گوزاری ئەو دەزگایانەیان کۆلیوەتەوە •

وە لە کۆبونەوەیەکدا کە بەڕێز وە زیری تەندروستی لەگەل پزیشکەکانی ئەو دەزگاو دایەرە تەندروستی یانەدا بەستویەتی باسی هۆی پێش خستنو بڕەوپێدانی ئەو دەزگاو دایەرانەی کردووە •• وە لە کارو خزمەت گوزاریی عیادەی پزیشکی ڕاوێژ کاری کە نیاز وایە بەم زوانە لە کرکوك بکرێتەوە •

ڕەوتی گەشە کردن

- ڕەسول -

- ١ -

لە پێناوی پەیدا کردنی پاں پشتێ بۆ کەرتی گشتی کە سەربەرشتی دروست کردنو ئاوەدان کردنەوە بگرێتە ئەستۆیو ڕۆلێکی سەرەکی لە بەڕێوەبردنی کەرتی تایبەتیدا ببینێت•• شۆڕش بۆسەلماندنی دەسەلاتی شۆڕشگیرانەیی و سەرکردایەتی سیاسی ئەو دەسەلاتەی بەمەبەستی ئەوەی دەسبەتو بازوو شارەزایی نیشتمانی جیگای کۆمپانیا بێگانەکان بگرێتەوە ، لە ٢٢ی مانگی نیسانی ساڵی ١٩٦٩دا کۆمپانیای گشتیی بەلێندانی بیناکردن پێك هات ، وەك مەنگاوێکی بەکاری ڕزگار بوون لە هەمو دەسەلاتێکی بێگانە ، کە بەسەرکەلو نیشتمانەکەماندا سەپابوو ، لە لایەکی ترەوە بۆ زیاد کردنی داهاتی نەتەوەیی وڕێگانەدانی بە چوونە گیرفانی بێگانەوەو هەوڵدان بۆ خستنەکاری لە بووژانەوەی ئابووری نیشتمانیدا ••

کۆمپانیای ناوبراو لەلایەن حوکمەتی شۆڕشەوە بەردەوام پاڵپشتیو کۆمەکی لێ کراوە ، سەرمایەکەی لە ماوەی سێ ساڵدا لە دوو ملیون دینارەوە کراوەتە ٣٠ ملیون دینار ، ئەم کارەش وای کرد کە کۆمپانیای ناوبراو بتوانێت بڕەو بە ئیشو کاری خۆی بدات و تازەترین تەکنیك لە ئیشەکانیدا بەکار بهێنێت ، وەهەمو کارێکی هونەریانە بە توانای دەستی خۆمالی جێبەجێ بکات •

کۆمپانیاکە لەشەش دەزگای شارەزا پێك هاتووە کە هەر یەکێك لەو دەزگایانە بەهۆی ئەو دەسەلاتەی پێیان دراوە وەك کۆمپانیایەکی سەربەخۆ وان ، دەزگاکانیش بریتین لە دەزگای ڕەکائزو بناغە ، خانووبەرەی گشتی ، پرۆژەی پیشەسازیو نەوت ، ڕێگاوبان پرۆژە تایبەتیکانی کەهرۆمیکانیك ، وە ئەم بەشەی دوایی بە جۆرێك پیش خراوە کە کاروباری تەنها دامەزراندنو جێبەجێ کردنی مەکینەی ساردو گەرمیو وردەکاری تەندروستییە لەو خانووبەرە گەورانەدا کە کۆمپانیا بنیاتیان دەنێت ••• بیجگە لەوەی کۆمپانیای ناوبراو پەیوەندی لەگەل گەلێك کۆمپانیای جیهانێکاندا بۆ ئاڵو گۆری شارەزاییو هونەری بەستووە ، عەروەها کۆمپانیا گەلیك لقی شارەزای تری لێ دەبێتەوە وەك لقی کۆنکریت ولقی کانەکانی چەوولم ولقی تاقیگاو نەخشەکێشان زۆر لەم لایەنانە ئەمیریاری ئەلەکترۆنی بەکار دەهێنن ، لەگەل ئەمانەشدا کۆمپانیا گەلیك عەمبارو وەرشەی چاکردنەوەو کەلوپەلی باشەکەوتی هەیە •

ئەو پرۆژانەی کۆمپانیا جێبەجێیان دەکات نرخیان گەیشتۆتە زیاد لە ٢٠٠ ملیون دینار ، کە ئەوانیش بریتین لە پرۆژەی پیشەسازیو ئاودانیو پەروەردەکرنو چاك کردنو دروست کردنی ڕێگاوبانە ، درێژی ئەورێگاو بانانەی ئەم کۆمپانیایە لە سەرتاپای وڵاتدا خەریکی دروست کردنیانە خۆی دەدات لە ٨٠٠ کیلۆمەتر ، کۆمپانیا هەوڵێکی تەواو دەدات لە پێناوی پیش خستنی هەموو لقو بەشەکانیدا تا بتوانێت لە پرۆژەکانی بەرەپیدانی ئەتەوایدا

بڕوانە ل ـ ٧

Institut Kurde de Paris

هەڤاڵ عامری وتاری حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب لە نۆهەم کۆنگرەی پارتی شۆڕشگێری کوردستاندا خوێندەوە

سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٤ی ئەمەمانگە ئەندامی سەرکردایەتی قوتری حیزبی بەعس شوشیالیستی عەرەب هەڤال حسن العامری بەشداری نۆ هەمین کۆنگرەی حیزبی شورشگێری کوردستانی کردووە •

لەکۆنگرەکەدا هەڤال حسن العامری وتاری حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەبی خوێندۆتەوە •

ئەمەش پوختەی وتارەکەیە :

● سلاوی سەرۆکی فەرماندەو سەرکردایەتی سیاسی حیزبو شۆرش لەکۆنگرەکەتان بێت •

هەڤاڵان ئەندمانی کۆنگرەی نۆهەمینی پارتی شۆڕشگێری کوردستان •

بەناوی سەرۆکی تێکۆشەر ئەمینداری نهینی سەرکردایەتی قوتری حیزبی بەعس سۆشیالیستی عەرەبو سەرکۆمار احمد حسن البکر ، سلاوتان لێ ئەکەم ، دوو بارە سلاوی سەرکردایەتی سیاسی حیزبو شۆڕشتان پێدەگەیەنم بەو هیوایەی کۆنگرە تێکۆشەرەکەتان هەنگاوێکی نوێ بێت لەپێناوی پتەوکردنی یەکێتی نیشتمانیو دامەزراندنی دیموکراتیو سۆشیالیستی لەم نیشتمانە تێکۆشەردا •

● **کۆنگرە بەستن بایەخێکی تایبەتی هەیە •**

لەم کاتەدا بەستنی کۆنگرە بایەخێکی تایبەتی هەیە چونکە لە سەردەمێکی وادا پێک دەهێنرێت کەوا مەترسی خۆ تێهەڵقورتاندو دەستدرێژی ئەمبریالیزمی ئەمەریکاییو زایۆنیزم لە هەندێ پارچەی نیشتمانی عەرەبدا خەریکی پەرە سەندنو تەشەنەکردنە •• وە هەندێ لە فەرمانڕەوایانی عەرەب خەریکی جێبەجێ کردنی پیلانەکانی ئیمبریالیزمن ، بەڵام عیراقی تێکۆشەر وەك قەلایەکی سەخت بەرامبەر ئەو پیلانانە ڕاوەستاوە •

● **پارێزگاری لەرێبازی شۆڕشگێرانەمان •**

تا ڕووبەڕووی پیلانە گلاوەکانی ئەمبریالیزم بووەستین ، پێویستە هەموو توانا وزەیەکمان تەرخانکەین بۆ بەربەستی لەوپیلانانەو ماوەنەدانی کۆنەپەرستان بە جەوجول لەناو ریزەکانی گەلدا •

وە ئەبێ بەهێزو توانای یەکگرتومان ریبازی شۆڕش بپارێزین ئەو شۆڕشەی حیزبی بەعس سۆشیالیستی عەرەب پێشەوایی دەکاتو بەرەی نیشتمانی نەتەوەیی یەکگرتوو جەماوەری تێکۆشەرمان کۆمەکی لێدەکات • پارێزگاری لە ئۆتۆنۆمی کوردستانو جێبەجێ کردنی پرۆگرامەکانی شۆڕش لەوتاوچەیەدا پێویستی بەهەوڵو تەقەلایەکی بەردەوامە •

● **شۆڕش بەڵێنی خۆی بەجێ هێناوە •**

ئەو شۆڕشەی بەیاننامەی ١١ی ئازاری هێنایەدی و مەسەلەی کوردی بەرێگایەکی ئاشتیو دیموکراتیانە چارەسەرکرد ، بەڵینی خۆی هێنایەدی بەدامەزراندنی دەزگای ئۆتۆنۆمی لەناوچەکەدا ، ئەوەی گومانی تیادانییە ئەوەیە کە دەبێت هەمیشە بەروپێش بڕۆینو بیروباوەری شۆڕش بۆ دامەزراندنی سۆشیالیستی بخەبەنەکار •

● **پەرەپیدانی ئۆتۆنۆمی •**

پێشکەوتنێکی هاوتەریب لەسەرانسەری وڵاتدا بۆ هێنانەدی ئامانجە سۆشیالیستییەکانی شۆڕش نایەتەدی •• تا هەموو ڕووداوە سەلبیو گیروگرفتە کۆنەسالەکان چارەسەر نەکەین ئەویش بەدەرخستنو بلند کردنەوەی ڕۆڵی جەماوەری کوردو هاندانی ڕۆڵە خەباتگێرەکانی لە چارەسەری ئەو گیرو گرفتا نەدا •

● **برایەتی کوردوو عەرەب پەیوندیەکی چارەنووسی یە •**

هەڤاڵانی خۆشەویست •

برایەتی کوردو عەرەب پەیوندیەکی چارەنووسیان پێکەوە هەیە ، ئەو پەیوندیە شۆڕشو پارتە سەرکردەکەی پارتی بەعس شوشیالیستی عەرەب توانیویەتی بەجۆرێك بیگونجێنێت کە هەردوو نەتەوە وەك هاو وڵاتی یەکی ڕاست بۆ خزمەتو بەرژەوەندی وڵاتدا تێبکۆشن وە توا نیویەتی دەورێکی وایان بداتی کەیەك دەست دژی پیلانەکانی ئیمپریالیزم ئیش بکەنو ڕۆڵی خۆیان لە خەباتی عەرەبو جیهاندا دژی ئیمبریالیزم بەدی بهێنن •

ئیتر هەر بۆ پێشەوە لە پێناو کۆمەکێکی زیاتر بۆوەدی هێنانو جێبەجێ کردنی پرۆگرامەکانی شۆڕش لەوڵاتدا ئاوانەخستوازی سەرکەوتنی کۆنگرە تێکۆشەرەکەتانم •

هەروەها بەرێز سکرتێری لیژنەی مەرکەزی پارتی شورشگێری کوردستان کاك عبدالستار طاهر شریف لەسەرەتایی کۆنگرەکەدا وتارێکی خوێندەوە تیایداوتی :

لەکاتێکدا کۆنگرەکەمان دەبەستین کە ئاشتیو دلنیایو دیموکراتی لەعیراقی شۆڕشدا بالی کێشاوە بەسەر هێزە نیشتمانیو نەتەوەیەکاندا •

هەروەها لە وتارەکەیدا باس دەستکەوتەکانی شورش ١٧ی تەموز نەتەوەیی سوشیالیستی کردووە ، لە داهەزراندنی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانو هەردوو نەنجومەنی یاسادانانو تەنفیزیو لەناوبردنی یاخیبووەکانی سەرووی وڵاتو ، وە دەرکردنی یاسای ژمارە (٩٠)ی ڕێك خستنی ملکداری لە ناوچەکەدا •

دوای ئەوە هەڤال شەریف ڕاپۆرتی پارتی شۆڕشگێری کوردستانی خوێندەوە •

چاکردنی یاسای شێوەکانی محاکەمەی جەزایی

چوارەمین چاککردنو دەسکاری کردنی یاسای بنچینەی محاکەمەی جەزایی ژمارە (٢٣)ی ساڵی ١٩٧١ لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا بڵاو کرایەوە •

دەسکاری کردنە نوێ یەکە بڕگەی (ب)ی بەندی ١٨٣ی لابردو ئەمەی خوارەوەی لە شوێن دانا :

ب ـ دادگا کاتێ حوکمی غیابی بە سەر تاونباردا ئەدات ئەتوانێ بڕیاری دەست بەسەراگرتنی موڵکو مالی بدات ••• ئەگەر لەمەوبەر ئەم بڕیارە نەدرابێ •

هەروەها بەندی ١٨٤و ١٨٥و ١٨٦ پەك خرانو بەم شێوەیەی خوارەوە دانرانەوە :

بەندی ١٨٤

أ ـ ئەبێ حاکمی تەحقیق ودادگا لەسەر داخوازی داوا کاری گشتی یاخود لایەنی بەرژەوەبەری خاوەن پەیوەندی ••• یەکسەر بڕیاری دەست بە سەراگرتنی ماڵو مولکی تاوانبار جێبەجێ بکەن ••• ئەگەر تاوانەکە تاسایشی ناوخو یان دەرەوەی دەوڵەتی گرتەوە ••• یاخود تاوانەکە پەیوەندی بە ماف یاخود مالی دەوڵەتەوە هەبوو• یان ئەو ماڵەی تاوانەکە لە دژی کراوە بە مالی گشتی دانرا یان بو سوودی گشتی تەرخان کرا بوو لەو کاتەدا ئەگونجێ دەسەڵاتی دادگا یەکسەر دەست بەسەر موڵکو مالی تاوانباردا بگرێ •

ب ـ ئەگونجێ لەو حاڵتانەی لە بڕگەی (أ) دا باس کرا بێش پێشکەش کردنی سکالا یان لە کاتی پێشکەش کردنی دا یاخود لە هەر قوناغێك لە قۆناغەکانی داوا کاری جەزا موڵکو ماڵە کە دەستی بەسەردا بگیرێ •

ج ـ موڵکو مالی مەنقولەو نا مەنقولەی تاوانبار دەستی بەسەرا ئەگیرێ جا ئەو ماڵە لە ژێر دەستی خۆی دابێ یان درابێ بە یەکێکی تر ئەم دەست بە سەراگرتنەش ماڵو موڵکو شتی ناوبراو ئەگرێتەوە ئەگەر ئەو زیانەی دابووی دیاری نەکرا بوو ••• خۆ ئەگەر زیانەکەش دیاری کراوو سنوور دار بوو ئەوا دەست بەسەرا گرتنەکە چاك ئەکرێ بەرادەی ئەوزیانەی لە مافو مالی دەوڵەتی داوە •

بەندی ١٨٥

أ ـ ئەگەر پێش پێشکەش کردنی سکالا دەست بەسەر ماڵو موڵك دانگیرا ئەوا ئەبێ ئەو لایەنەی کردویەتی لە ریککەوتی دەست بەسەرا گرتنەوە تاماوەی سێ مانگ سکالا پێشکەش بکات دژی ئەو کەسەی دەست بەسەر ماڵو موڵکەکەی دا گیراوە •

ب ـ ئەو کەسەی دەستی بەسەرا گیراوە یان دەست بەسەر ماڵو موڵکەکەی دا گیراوە لە ماوەی هەشت ڕۆژ دوای ئاگادار کردنی یان دەچوونی بڕیارەکەوە ئەتوانی ئیعتراز پێشکەش بەدەسەڵاتی قەزایی بکات •

ج ـ لەو ماوەیەدا کە لە بڕگە (أ)دا دەست نیشان کرا ئەگەر لایەنی داواکار سکالاکەی دژی ئەوکەسە پێشکەش نەکرد کە دەست بەسەر موڵکو مالی داگیراوە ئەوا بڕیاری دەست بەسەرا گرتنە کە بەك ئەخرێو هەموو شوێنە وارێکی یاسایی ئەو بڕیارە ئەسڕدرێتەوە •

د ـ دوای پێشکەش کردنی سکالا (الشکوی) لە ماوەی دیاری کراو لە بڕگە (أ) دا دەسەڵاتی قەزایی ئەتوانێ دەست بەسەر داوا کاری جەزاییەکەدا بگرێ وبڕیاری هێشتنەوەی دەست بەسەرا گرتن یان بەك خستنی یان جاکردنی بدات بەپێی ناوەڕۆك و لەکاتی کێشەکەو ئەو ئیعترازانەی کە سەر دەست بەسەرا گرتنەکە پێشکەش ئەکرێن •

بەندی ١٨٦

أ ـ ئەو دەست بەسەرا گرتنەی بەپێی ناوەڕۆکی بەندی ١٨٣ و ١٨٤و ١٨٥ کاریان پێ ئەکرێت بە دەست بەسەرا گرتنی ئیحتیاتی دا ئەنرێن بەپێی ناوەڕۆکی یاسای (مرافعە)ی مەدەنی ••• بە جۆرێ کە بە پێچەوانەی حوکمە تایبەتی یەکانی بەندە ناوبراوەکان نەبێت •

ب ـ ئەگەر داوای جەزایی لەبەر هەر هۆیەکی یاسایی پێش دەر چوونی حوکم بەسەر چوو ئەوا بەپێی هەردوو بەندی ١٨٤ و ١٨٥ دەست بەسەرا گرتنەکە هەر ئەمێنێو ئەبێ لایەنی خاوەن پەیوەندی داوای مەدەنی سەبارەت بەمافو زیانێك کە لە داوا کاری جەزاییدا هەیە لە ماوەی سێ مانگ دوای ئاگادار کردنەوەی پێشکەش بکات بە بێچەوانەشەوە ئەگەر ئەم داوایەی پێشکەش نەکرد بڕیاری دەست بەسەرا گرتنەکە پەك ئەخرێو موڵکو ماڵەکە ئەدرێتەوە •

حـ ـ ئەگەر بە یەکجاری حوکمی تاوانبار کردن بەسەر تاوانبار کراودا درا ئەوا بڕیاری دەست بەسەرا گرتنی موڵکو ماڵەکەی بە تەواوەتی جێ بەجێ ئەکرێ •

هـ ـ ئەو فەرمانەی دەر ئەچێ دەربارەی بێ تاوانیی یان بێ بەر پرسیاریی یان بەرەڵلا کردنو ڕەت کردنەوەی سکالایەکە بە لا بردنی بڕیاری دەست بەسەرا گرتنی موڵکو ماڵەکە دائەنرێو ئەوشتانە ئەدرێتەوە بە خاوە نەکەی •

ئەو یاسایەش لە ریککەوتی بازو کردنیەوە لە ڕۆژنامەی ڕەسمی کە ڕۆژی ١٥ ی ١٢یە کاری پێ ئەکرێ •

لە لایەکی ترەوە بڕیارێکی ئەنجومەنی سەر کردایەتی شۆڕش ئەمینداریتی گشتی بە ڕیوە بردنی موڵکو مالی دەست بەسەرا گیراوی لەو ئەرکە بەخشی کە بەپێی یاسای چاککراوی ژمارە (١١)ی ساڵی ١٩٥٨ پێی سپێر درا بوو •

هەروەها بڕیاری جێ بەجێ کردنی دەست بەسەرا گرتنی موڵکو ماڵ بە لیژنەیەکی گشتی سپێر درا کە پێی ئەوترین لیژنەی گشتی بەڕیوە بردنو پارێزگاری مالی دەست بە سەرا گیراو •

وەزارەتی دارایی و ئەمینداریتی گشتی دەر مالی دەست بەسەرا گیراوو ئەمینداری سەرمایەی گشتی کارەکان ئەو دۆسیە دەزنەرو ماڵەی لە لایانە ئەیدرێتە بە لیژنەی ناوبراو •

بە پێی بڕگە (٢)ی بەندی چواری بڕیارەکە چەك (الصك)و بارمتەی بەڕیوە بەرایەتی مالی دەست بە سەرا گیراو بەناوی لیژنەکەوە لە بانقی ڕافیدەین دانەنرێو لە سەرۆکی لژنە بەوڵاوە کەسی تر ناتوانی دەستی لێ بدات •

وە لەبەندی پێنجدا وتراوە ، لیژنەکە بڕیاری دەست بەسەرا گرتن ڕێکو پێك ئەکات بەپێی ئەم خاڵانەی خوارەوە :ـ

١ ـ ئەو بڕیارانەی لە بەر هۆی سیاسی دەرچوونو دەزگاکانی قەزا نەکەوتونەتە شوێن ئەو کەسانەی موڵك وماڵیان دەستی بەسەردا گیراوە •

٢ ـ ئەوبڕ یارانەی لە بەر هۆی تاوان کردن دژی تاسایش یان مالی دەوڵەت دەرچوون و دوا حوکمیان بە سەردانەدراوە •

٣ ـ ئەو بڕیارانەی لە بەر هۆی تاوان کردن دژی تاسایش یاخود مالی دەوڵەت دەرچوونو دوا حوکمیان بەسەردا دراوە •

٤ ـ ئەو بڕیارانەی دەربارەی کێشەی مەدەنی دەرچوون کە پەیوەندی یان بەمافو مالی دەوڵەتەوە هەیە وەکو نەدانەوەی و ڕەت نەکردنەوەی و شکاندنی مەرجو بەڵێنی پەیمانو قونتەرات قەرزی دەوڵەت •• جا ئەمانە دوا حوکمیان تیادا درابێ یانا وە بەپێی بڕیاری بڕگە ١ی بەندی ١٨ هەرکەسێ مال یان سەند یاخود زانیاری دەربارەی مالە دەست بەسەراگیراوە کە هەیە ئەبێ لە ماوەی مانگێکدا دوای دەرچوونی ئەم بڕیارە لیژنەکە ئاگادار بکات •

ئا٠د٠ع

سەرنج و هەڵوێست

ـ عادل ـ

مامۆستا هاشم عقراوی سەرۆکی ئەنجومەنی تەنفیزی ناوچەی ئوتونومی هەفتەی ڕاگەیاندنی ناوەندی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانی کردەوە •• لە سەرەتای ئاهەنگەکەدا وتی ئەم هەفتەی ڕاگەیاندنە گەلێك بایەخی هەیە وراستەو خۆ کار ئەکاتە سەر ئەو ئەرکە گرنگەی کە ئافرەتانی عیراق بەجێی ئەهێنن •• هەروەها باسی ئەو بایەخدانە گرنگەی کرد کە شورشی ١٧ی تەموز بە ئافرەتانی داوە وەوتی ئەم بایەخدانە بەردی بنچینەی ڕزگار بونی ئافرەتی عیراقە لە ناوکۆتی پاشکەوتنو ئەریتی کۆمەڵایەتی بەسەر چوودا •• باسی ئەوەشی کرد کە لە سەردەمی دەرەبەگایەتیدا چۆن ئافرەت لە بارێکی کۆمەڵایەتی ئالۆزو دواکەوتویی دانەژیا وەئێستاش چۆن لە ژێر سیبەری شورش ١٧ی تەموزی ئەتەوالەیەتیو پیشکەوتنخوازدا بەشداری گۆڕانە شورشگێریە کۆمەڵا یەتیەکان ئەکات •

شورش کەلێك هەنگاوی لە بارەی یەکسانیو هاوڕادەیی نیوان پیاو وئافرەتەوە ناوە وە لەم ڕووەوە کەلێك کردەوەی شورشگێرانەی بە کەلکی نواندوە •• کە هەریەك لە مانە ڕاستەو خۆ هۆی پیشکەوتنی کۆمەڵن •

جگە لە مانەش کەلێك ڕێکخراوی ئافرەتان بەرابەری یەکێتی کشتی ئافرەتانی عیراق پێك هاتوە بۆ ئەوەی ئافرەت بتوانێ بە سەربەستی ئاوات و ئارەزوەکانی خۆی دەربڕێ •• هەروەکو ئەم ڕیکخراوانە ئافرەتان هوشیار ئەکەنەوەو لە ڕوی سیاسیو روشنبیریەوە ئاستی زانیاریان فراوانتر ئەکەن •• بۆ ئەوەی ئەوانیش وەکو پیاوان بتوانن بەشداری بەڕیوە بردنی ئەرکی نیشتمانی بکەنو داکوکی لە سەر شورشو ڕێبازە سەرکەوتوەکەی بکەن •

ئەم هەفتەی ڕاگەیاندنی بەکێتی ئافرەتانی کوردستانە لە کاتێکی وادابوو کە بتوانن هاوکاری بەجێ هینانی ئەرکی پیشکەوتنی وڵات بکرنە ئەستو •

هیچ گومانی تیانیە ئەو دۆخە دواکەو تووەی کە دوچاری وڵاتەکەمان بوبو بەتایبەتی ئافرەتی کورد دواقوناغی پاشماوەی نەرێتە کۆنە کانی ڕوژگاری سەردەمی ڕابوردو بوو ••

(تارا) مستەفا ئەحمەد

هەفتەی ڕابوردو لە بەرەبەیانی ڕوژی ١٩ـ١٢ـ١٩٧٥ خوا کچیکی بەخش بە کاك مستەفا ئەحمەد یەکیکە لە ئیشکەرانی ڕۆژنامەی هاوکاری وە ناویان نا (تارا) بنە ماڵەی هاوکاری پیروزبای ئەکات بەوهیوایەی (تارا) لەسای بەختەوەری دایکیو باوکیا گەورە بی •

٣ ملیۆن دۆنم زەوی لەناوچەی ئۆتۆنۆمی بەگەنم وجۆ دەچێنرێ

ئەو زەوی وزارانەی لەوەرزی زستانی ئەمساڵدا بەگەنمو جۆو کشتیو کاڵە زستانیکانی تر لەناوچەی ئۆتۆنومیدا چەندارون خوریان داوە لە ٣ ملیون دۆنم •

ئەم هەواڵە بەرێز چێگری ئەمینداری گشتی بەڕیوەبردنی کشتیوکاڵو چاك کردنی کشتیو کاڵکاك بشار ڕاسمرایکەیاندوە و تورویەتی : سەرجەمی ئەو زەویانەی ئەمساڵ لە ناوچەی ئۆتۆنومیدا کەنمیان تیا چێنراوە گەیشتۆتە ٢ ملیون دۆنم ، وە ئەو زەویانەی جۆو نیسکی تیا چەندراوە لەو ناوچەیەدا ملیونێ دۆنم دەبێت •

هەروەها وتویەتی : ئەمینداریتی تا ئێستا ١٠٠ ترومپای ئاوی بەسەر هەرەوزە کشتوکاڵیکاندا دابەش کردووە لەگەڵ ٤٥١ تەن کوتی کیمیاوی و ٦٨٦تەن تۆوی گەنمی چاك کراو دا •

وە لە مەیانی چاك کردنی جۆری کشتیو کاڵی میوەهاتدا تا ئێستا ٧٦١ هەزار نەمام دراوە بە جوتیارەکان تا لە وەرزی ئەمساڵدا بیان ڕوێنن ، ئەویش بۆ زیاد کردنی بەرهەمی سیوو تری تا ئەو بەرهەمانە بێویستی ناوچەکە پر بکاتەوە هەروەهاوتوویەتی: ئەمینداریتی بریاری داوە کە ژمارەیەکی زۆر بیری ئیرتوازی لەو ناوچانەدا هەڵبکەنی وە ١٠٠ هەزار دۆنم زەویش لە ناوچەی مەخمور دا بۆ دروست کردنی کێڵگەی نمونەیی تەرخان کردووە •

هەروەها پلانێك دانراوە بۆ کەلك وەرگرتن لەو دەشتانەی لە ناوچەکەدا هەیە وەك دەشتی شارەزوورو ڕانیە لە پارێزگای سلیمانیو هەریرو دیانا لە پارێزگای هەولێر ، لەگەڵ دەشتی سەر شەنگو زاخۆ لە پارێزگای دهۆك • وە ئەوەیشی ڕاگەیاندووە کە ئەمینداریتی بریاری داوە کە ٥٠ هەزار سەر مەر بکرێتو بە سەر هەرەوز کاریکانی ناوچەکدا دا بەشی بکات •

وە ئێستا خەریکی جێبەجێ کردنی کۆمەڵی هەرە وەزگارین لە پارێزگای هەولێر بۆ بەخیو کردنی مانگای شیردار وانیازە ١٫٥٠٠ سەر مانگا بە سەر ئەو هەرەوەز کاریانەدا دابەش بکرێت وە وتوویەتی : ئێستا لە پارێزگای سلیمانیو دهۆك وهەولێر خەریکی جێبەجێ کردنی پرۆژەی پەلەوەر بەخیو کردنن ، وە حاڵی حازر بە دەستەوەیە پرۆژەیەکی بە خیو کردنی عەلەشیش لە قەزای کۆیە جێبەجێ بکرێت ئەو پرۆژەیە لە وزەیدایە ملیونێکو ٥٠٠هەزار عەلەشیش پەروەردە بکات وە ئەمە یەکەم جارە کە پەروەر دەکردنی ئەم جۆرە پەلەوەرە لە وڵاتدا تاقی بکرێتەوە •

پاشماوەی : ئەدەبو هەسەلەی بیر کردنەوە

بوونو نەمانکێی هەمیشەیی دایە » •

دەمانەوێ ڕەوتی ئەم سەردەمە زانن کە کۆڕانەکانی هەمیشە لە بەرژەوەندی هێزەکانی ئاشتیو جاکەو سۆشیالیزمدایە •• دەمانەوێ کە خۆیان وەك ـ زاتێکی ڕووت ـ نەکەنە قوتبێك و کێشەو مەسەلەکەشیان بکەنە ـ قوتبەکەی ترو ••

لەم ناوەدا لە ـ ناو ئاازرەکانیانا جینگل بدەن •• دەمانەوێ خۆیان یەکێك بن بەڵام لەنێو وە لەگەڵ هەزارەهاو ملیونەها خەڵکی تری کۆمەڵەکەیانو سەرانسەری جیهانو •• لێرەوە بزانن چۆن دەدوێن ، بۆ کێ دەدوێن و چۆن دەڕوانە ئێستاو دەواڕۆژیش •

پاشماوەی لاپەرەیەکی نەزانراو

شایانی باسە ئەم مامۆستایە ماوەیەك مامۆستای شیعری کۆرانی بلیمەت بووە ؛ ئەمەش کاتێك کۆران لە عەبابەیلێ مامۆستای قوتابخانە بووە و مامۆستا (بابا) یش مەلای ئەو دێ بووە و ئەو کاتە کۆران سەرەتای شیعر نووسینی بووە و لە گەڵ بارەی شیعری کلاسیکیدا کەلکی لە مامۆستا بابا وەرگرتووە • (بابا) ی شاعیرمان لە شەوی (١٢)ی مانگی مەولوودی ساڵی (١٣٦٣)ی کۆچیدا لە جیهان دەرچووە و لە گوندی عەبابەیلێ بە خاك سپێرراوە •

(٢) ئەم دوو شیعرە پەیوەندییان بەشیعرەکانی پێشەوە هەیە ، چونکە ئەو دوو شاعیرە ئەم شیعرانەیان لە کاتی چاوێشەی شێخ ئەجمەددینداوتووە• کە ئەمەمان زانی مانای ئەم دوو شیعرە بەم شێوە ئەبێ :

چاوێشە ! یارو خۆشەویستی ئێمە شیاری تۆ نیە ، کێ وەك تۆ ئەم بێ جێبیە ئەکات ؟ چاوی (ڕەئووف) و دیدەی (بابا) جێکەی تۆن ، ئێستە ئەتوانی دیدەی ئێمە بکرێتەوە •

(٣) لە خوانی خۆشیو مەلا عەزیزی ڕێشاویم بیست کە (عیرفان)یش ، وەك ڕەئووف ، هاوەڵێکی خۆشەویستی مامۆستا (بابا) بووە •

پاشماوە : نەخشەی ڕوشنبیری

قەزای شەقلاوەو مەڵبەندێکی لاوانی تر لە قەزای کۆیەو خانویەك بۆ بەڕیوەبەرێتی لاوان لە پارێزگای هەولێر •

هەروەکو بڕیار دراوە یاریگایەکی وەرزشیو مەڵبەندو خانویەك بۆ لاوانو بەڕیوەبەرایەتی لاوان لە پارێزگای سلیمانیو دهۆك بکرێنەوە • وەبڕیار وایە مەڵبەندێکی تری لاوانو یاریگایەکی وەرزشی وبەیمانگایەکی ئامادەکردنی کادرە وەرزشیەکانو گۆماوێکی سەرەوالاو هۆڵێکی سەرگیراو وەرزشکارەکان بکرێتەوە •

بەرێز چێگری ئەمینداری گشتی بەڕیوەبردنی ڕوشنبیریو لاوان ئەوەی سەلماندکە وەزارەتی ڕاگەیاندن بڕیاری داوە هۆڵێکی گەورە بۆ سینەماو شانۆگەری لە هەولێر لەگەڵ یانەی منداڵان بکرێتەوە • چونکە لەمانەش دوو خانوی تر بۆ ڕوشنبیری چەماوەر لە سلێمانی دهۆك بکرێتەوە ••وە ئێستا خەریکی ئیش کردنی کردنەوەی خانوی ڕوشنبیری چەماوەرن لە هەولێر •

پاشماوەی : ڕەوتی گەشە کردن

کەلێنێك پڕ کاتەوە وەیەکێك لەو پرۆژە گەورانەی کۆمپانیا تەواو کردنی گرتۆتە ئەستۆی خۆی پرۆژەی ڕستنو چنینی خوریی یە لە ناسریە وەپرۆژەی ئاسنو ئاسنی ئەسفەنجی یە لە خۆری زوبیر لە پارێزگای بەسرەدا ، لەگەڵ فراوان کردنی کارگەی چیمەنتۆ لە فەلوجە ، وە قیرتاو کردنی ڕێگای نێوان ناسریەو بەسرە وەریگای کەرکوکو بردی فەتحە لەگەڵ ڕیگای نیوان کرکوك داقوقدا، سەرەڕای جێبەجێ کردنی بینای زانکوی بەغداو بەسرە لەگەڵ چاك کردنی ڕیگای ئاسنینی بەغداو مەعقەل هەروەها تەواو کردنی ئەی دووهەمی شاری ڕیشکیو بردی باب المعظم •

ئەم کۆمپانیایە کە ١١ هەزار کرێکاروتەکنیکیو ئیداری ئیشی تیا ئەکاتو بای ٣٠٠ هەزار دینار مەکینەو کەلوپەلی تەکنیکی لە ئیشو کاریا بەکار دەهێنیت ، یەکێك لە دیاردەکانی سەرکەوتنی جێبەجێ کردنی پرۆژەی ئەوتە لە ڕومیلەو ئەخشەکێشانو جێبەجێکردنی بەندەری البکرە لەگەڵ کۆری ئیستگەی پۆستەو تەلگراف لە بەغدا ، وە بەهۆی ئەو کۆمەکەوە کە شورش لەم کۆمپانیایەی دەکات ئەمیش توانای بەرەسەندنێکی گورجو گۆڵانەی پەیدا کردووە •

وە بەپێی بڕیاری بڕگە ١ی بەندی ١٨ هەرکەسێ مال یان سەند یاخود زانیاری دەربارەی مالە دەست بەسەراگیراوە کە هەیە ئەبێ لە ماوەی مانگێکدا دوای دەرچوونی ئەم بڕیارە لیژنەکە ئاگادار بکات •

ئا٠د٠ع

Institut kurde de Paris

یەکیەتی قوتابیانی کوردستان ئامادەی ئەکات

لە گەڵ قوتابیانی هەڵەبجەدا

صباح میرزا

ئەمڕۆ قوتابیان لە هەر شارو ناوچەیەکی ئەم کوردستانە کەوتونەتە جم و جۆڵو بەرفراوان کردنی رادەی تێکەیشتنو خۆئامادەکردن ، یەکێتی قوتابیانی کوردستانیش بەپێی پێویستی باری سەردەم و دەوری مێژوویی خۆی خوێندنی بۆ ئاسان کردوونو تێکڕا وەک کەرتێکی هوشیاری میللەت لەگەڵ کاروانی خەباتو تێکۆشانی میللەت بەرێوەن ، بەڵام دیارە قوتابیان خۆشیان لەهەر قۆناغێکی ژیان ئاسەو ئارەزووی خۆیان هەیەو هەر یەکەش لە دەربڕینی بیرو ڕاو باری سەردەم تێبین و ژانی خۆی هەیە بەڵام هەمووش هەر خزمەتی بیرو باوەڕی سەردەم دەکەنو دەوری دەزگاکان دەگەیەننە میللەت لەقوتابخانەی ئامادەیی هەڵەبجەش لە گەڵ چەند قوتابیەك ئەم گفتوگۆیەمان کرد ...

بە کاك « کامەران عمر » مان ووت دەوری لێژنەی یەکێتی لێرە چۆن دەست نیشان دەکەی ؟!

– لێژنەی یەکێتی لەهەرشوینێك بێ هەر ئەو دەورە سەرەکییەیە کە قوتابیان بێ بکەیەنێو بە بیروباوەڕی بزووتنەوەی قوتابیان رابهێنێ ، بەڵام ئەم دەورە قوتابیان خۆیان دەتوانن قولتری بکەنو پێویستیو ئەرکەکانی لیك بدەنەوە ، هەروەها کاك « اسماعیل أحمد »یش بۆ هەمان پرسیار ووتی :–

– مادام یەکێتی قوتابیانی کوردستان پێشرەوی قوتابیانی کوردستانەو هەڵگری ژانو بیویستەکانیانە بۆیە ئەوەی ، دەیکا ڕەنگ دانەوەی بیروباوەڕی خۆیەتی و قەتیش ئەم دەورە ناکۆڕێ چونکە ئامانجی دوورو نزیکییەتیو بەرامبەر مێژووی بزوتنەوەی قوتابیانیش لێپرسینەوەو هەڵوێست هەیە کە دەبێ هەروا ڕەچاوی بکات .

– کاك « سەرۆك علی » دەوری ئەم لایەڕەیە چۆن دەبینی ؟!

– لەبواری ڕاگەیاندنو تێگەیاندنی قوتابیانو بڵاوکردنەوەی هەواڵو بەرهەمو گیروگرفت بەڕاستی دەوری بینیوە ، هەر ئەم دەورەشە وامان لێ دەکات زیاتر بەرهەمی بۆ ڕەوانە بکەینو سەرنجی خوامانی بۆ دەربڕین چونکە لەو باوەڕە داین هەموو شتێك بەرەخنەو تێبینی بەجێ سەردەکەوێتو پێشکەوتن مسۆگەر دەکات . لەبارەی دەوری لێژنەی ڕۆشنبیریشەوە کاك « محمود احمد » ووتی : لێژنەی ڕۆشنبیری لەهەر لێژنەو ناوچەیەکدا دەوری تێگەیاندنو ڕوون کردنەوەی هەڵوێستو بیروباوەڕی یەکێتییە ، کۆڕو کۆبونەوەی ڕۆشنبیریو پەخشنامەو هاندانی قوتابیان هەمووی ئەرکی ئەم لێژنەیەیە کەوابێ دەوری ئەم لێژنەیە دەوری دروست کردنو پێکەیاندنە .

– ئەی لەڕووی یارمەتی دانو هاندانی قوتابیان ؟!

– کاك « کامل حمە قادر » ووتی :–

یەکێتی تاکە ئاواتی ژیانی بەختیاریو کامەرانی قوتابیانە لەم ڕووەوە ئەوەی پێویست بێ کراوەو هەر قوتابیەکیش ڕێی کەوتبێتە بارەکای یەکێتی بە پێی پێویست یارمەتی دراوە لەهەر ڕوویەکەوە بێت .

حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب هەر لەسەرەتای دامەزرانیەوە وە لە قۆناغەجیاجیاکانی خەباتی دا ، مەسەلەی فەلەستینی بەمەسەلەیەکی ناوەندی دانراوە لەخەباتی عەرەب دا وە بەو پەڕی توندو تۆڵیو قوڵیەوە لە گرنگترین ئاستدا بەخەباتی نەتەوەیی عەرەبەوە بەستراوەتەوە لەپێناو رزگاریو یەکگرتنو بنیاتنانی سۆشیالیستی دا .

مەسەلەی فەلەستین هەرلەگەڵ زیاتر بوونی تەماعکاریو چاو چنۆکی زایونیزمودامەزرانی قەوارەی سەهیونی لەبەشی خاکی فەلەستین لەساڵی ١٩٤٨دا یەکەم مەسەلەی عەرەب بووە کە بەهۆیەوەزۆربەی سیاسەتو ڕوداوو گۆڕینەکان لە ڕۆژهەڵاتی عەرەبی دا قەوماونو هاتونەتە پێشەوە . دوای بەزینی پێنجی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٧ و داگیر کردنی سەرانسەری خاکی فەلەستینو بەشێکی گرنگی خاکی عەردوو وڵاتی سوریاومیسر لەلایەن زایونیزمەوە ، ئەو کێشەیە لەژیانی عەرەبدابایەخی زیاتر بوو ، وە مەترسی بوونی زایونیزمو هاوپەیمانێتی لەگەڵ ئیمپریالیزم دا دژی بوونی نەتەوەی عەرەبو پاشەڕۆژی خەباتە رزگاریو یەکێتی خوازو سۆشیالیستی یەکەی بەشێوەیەکی وا فراوان دەرکەوت کە لەمەو بەر شتی وەهانەبووە .

ل. ڕاوژرتی سیاسی
هەشتەمین کۆنگرەی قطری
پارتی بەعسی سوشیالیستی
عەرەب

لە بیرەوەری مان گرتنەکەی « ٢٠ »ی کانون دا

(من بەش بەحاڵی خۆم کەلێك بایەخ بە بزوتنەوەی قوتابیان ئەدەمو لە ڕوانگەیەکی مرۆڤانەوە سەیری هەمو جموجۆڵو کۆڕانەکانی ئەم کەرتە گرنگە ئەکەم لەناو کۆمەڵدا .. بە تایبەتی دەوری چالاکیو سەرخستنی شۆڕشو مان گرتنو خۆبیشباندان لەدژی گشت ڕێژیمیکی بەسالا چوو ...) .

– میشیل عەفلەق –

پیشەوای دامەزرینەر (میشیل عەفلەق) بەم وشە ئاگرینانە ڕای خۆی دەربارەی قوتابیانو دەوری چالاکیان لەناو کۆمەڵدا دەرئەبڕێ ..

قوتابیانی عیراقیش هەروەکو کەرتێکی دانەبڕاوی بەجەرگ شانبەشانی برا قوتابیەکانی جیهانیان چونەتە مەیدانی خەباتی سەختو کێشەی سیاسەتی دژ بەئیمپریالیزم .. ئاواتیان ئاواتی سەرجەمی جەماوەری کۆمەڵ بووەو داخوازیەکانیان لەناخی ڕەوانەوە سەری هەڵداوە .. بەڵکو لە پێشەوەی ئاواتو ویستی تەواوی خەڵکی عیراق بوو .. چینەکانی کۆمەڵ پشتگیری ئەم ئەو سەردەمە لەجیاتی داخوازیەیان کردو خۆیان نواند وەئامدانەوەی ئاشتیانە زیاتر لە .. قوتابیانی کورو کچ لە ١٠٠٠ قوتابی تری خستە هەمو قوتابخانەکانەوە سەری بەندیخانەوە ، لە ئەنجامی کردو بەرەو (باب المعظم) کردەوەی نامرۆڤانەی کشانو داوای بەرەڵلاکردنی برا کاربەدەستانی بەندیخانەی قوتابیە گیراوەکانیان ئەکرد .. ژمارە (١)ی ڕێژیمی ئەو کاربەدەستانی ڕێژیمی ئەو سەردەمە نزیکەی ١٣٥ قوتابی سەردەمە ئەیانتوانی بەر مانیان گرتو داوای ئازادی لەلێشاوی تورەی ئەم جەماوەرە بیروباوەڕیان ئەکرد .. ئەم بگرن ، نوێنەری یەکێتی مانگرتنە بوە هۆی ئازارو نیشتمانی چاوی بە نەخۆشی ژمارەیەك لەبرا لێپرسراوانی زانکۆ کەوت ، قوتابیەکان . ئەم مانگرتنانە داخوازیەکانیان پێ کەیاندن ، لاپەڕەیەکی تری میژوی خەباتی قوتابیان بونی خۆیان سەلماندو قوتابیانیان هەڵدایەوە .. ئەوەیان بۆ خەڵك ڕون کردەوە سلاو لە خەباتی بێشومار کە بەشێکی بەجەرگو درێژ خایەنی قوتابیانی عیراق کۆڵنەدەرن ..

یەکێتی نیشتمانی بەبەیاننامەیەك داوای بەرەڵلاکردنی برا قوتابیەکانی کردو ئەوەی بە لێپرسراوانی خوێندنگاکان گەیاند کە ئەمەو بەر شتی وەهانەبووە .

ل. ڕاوژرتی سیاسی
هەشتەمین کۆنگرەی قطری
پارتی بەعسی سوشیالیستی
عەرەب

- پۆستەی قوتابیان -

– بۆقوتابی « صدیق رمضان حسن » برا کیان .... ئەم بابەتە مێژوییانە بۆ لایەڕەی قوتابیان دەست نادات . هەوڵ بدە لەمەولا شتمان لەبارەی قوتابیانەوە بۆ بنووسە .

– بۆ قوتابی « فرست مرعی » برا کیان ئەم چیرۆکانە لەم لاپەڕەیە جێی نابێتەوە ، هەوڵ بدە بەرهەمی کورتو پوختەمان بۆ بنێرە . وە ئەگەر چیرۆکەکەش لەسەر ژیانی قوتابیان بێ زۆر باشترە .

– بۆ قوتابی « سعید علی » برا کیان ژیانی « محمد پاشای ڕەواندوزی » بۆ کۆفاریکی وا باشە بنێرە بەرهەمی مێژوویی بڵاو بکاتەوە .

– بۆ قوتابی « محمد علی رشید » چیرۆکی کوری حاکمی نامێدی لەبواری تردا سودی لێ وەردەگرینو لەبڵاوکردنەوەی ببورە .

– بۆ خاوەنی « ویلایەتی نامێدی لەکۆنەوە » برا کیان ئەم باسە هیچ پەیوەندیەکی بەلاپەڕەکەمانەوە نیە .

– کاك « سەرۆك علی » دەوری ئەم لایەڕەیە چۆن دەبینی ؟!

– لەبواری ڕاگەیاندنو تێگەیاندنی قوتابیانو بڵاوکردنەوەی هەواڵو بەرهەمو گیروگرفت بەڕاستی دەوری بینیوە ، هەر ئەم دەورەشە وامان لێ دەکات زیاتر بەرهەمی بۆ ڕەوانە بکەینو سەرنجی خوامانی بۆ دەربڕین چونکە لەو باوەڕە داین هەموو شتێك بەرەخنەو تێبینی بەجێ سەردەکەوێتو پێشکەوتن مسۆگەر دەکات . لەبارەی دەوری لێژنەی ڕۆشنبیریشەوە کاك « محمود احمد » ووتی : لێژنەی ڕۆشنبیری لەهەر لێژنەو ناوچەیەکدا دەوری تێگەیاندنو ڕوون کردنەوەی هەڵوێستو بیروباوەڕی یەکێتییە ، کۆڕو کۆبونەوەی ڕۆشنبیریو پەخشنامەو هاندانی قوتابیان هەمووی ئەرکی ئەم لێژنەیەیە کەوابێ دەوری ئەم لێژنەیە دەوری دروست کردنو پێکەیاندنە .

– ئەی لەڕووی یارمەتی دانو هاندانی قوتابیان ؟!

– کاك « کامل حمە قادر » ووتی :–

یەکێتی تاکە ئاواتی ژیانی بەختیاریو کامەرانی قوتابیانە لەم ڕووەوە ئەوەی پێویست بێ کراوەو هەر قوتابیەکیش ڕێی کەوتبێتە بارەکای یەکێتی بە پێی پێویست یارمەتی دراوە لەهەر ڕوویەکەوە بێت .

لە بیرەوەری مان گرتنەکەی « ٢٠ »ی کانون دا

(من بەش بەحاڵی خۆم کەلێك بایەخ بە بزوتنەوەی قوتابیان ئەدەمو لە ڕوانگەیەکی مرۆڤانەوە سەیری هەمو جموجۆڵو کۆڕانەکانی ئەم کەرتە گرنگە ئەکەم لەناو کۆمەڵدا .. بە تایبەتی دەوری چالاکیو سەرخستنی شۆڕشو مان گرتنو خۆبیشباندان لەدژی گشت ڕێژیمیکی بەسالا چوو ...) .

– میشیل عەفلەق –

پیشەوای دامەزرینەر (میشیل عەفلەق) بەم وشە ئاگرینانە ڕای خۆی دەربارەی قوتابیانو دەوری چالاکیان لەناو کۆمەڵدا دەرئەبڕێ ..

قوتابیانی عیراقیش هەروەکو کەرتێکی دانەبڕاوی بەجەرگ شانبەشانی برا قوتابیەکانی جیهانیان چونەتە مەیدانی خەباتی سەختو کێشەی سیاسەتی دژ بەئیمپریالیزم .. ئاواتیان ئاواتی سەرجەمی جەماوەری کۆمەڵ بووەو داخوازیەکانیان لەناخی ڕەوانەوە سەری هەڵداوە .. بەڵکو لە پێشەوەی ئاواتو ویستی تەواوی خەڵکی عیراق بوو .. چینەکانی کۆمەڵ پشتگیری ئەم ئەو سەردەمە لەجیاتی داخوازیەیان کردو خۆیان نواند وەئامدانەوەی ئاشتیانە زیاتر لە .. قوتابیانی کورو کچ لە ١٠٠٠ قوتابی تری خستە هەمو قوتابخانەکانەوە سەری بەندیخانەوە ، لە ئەنجامی کردو بەرەو (باب المعظم) کردەوەی نامرۆڤانەی کشانو داوای بەرەڵلاکردنی برا کاربەدەستانی بەندیخانەی قوتابیە گیراوەکانیان ئەکرد .. ژمارە (١)ی ڕێژیمی ئەو کاربەدەستانی ڕێژیمی ئەو سەردەمە نزیکەی ١٣٥ قوتابی سەردەمە ئەیانتوانی بەر مانیان گرتو داوای ئازادی لەلێشاوی تورەی ئەم جەماوەرە بیروباوەڕیان ئەکرد .. ئەم بگرن ، نوێنەری یەکێتی مانگرتنە بوە هۆی ئازارو نیشتمانی چاوی بە نەخۆشی ژمارەیەك لەبرا لێپرسراوانی زانکۆ کەوت ، قوتابیەکان . ئەم مانگرتنانە داخوازیەکانیان پێ کەیاندن ، لاپەڕەیەکی تری میژوی خەباتی قوتابیان بونی خۆیان سەلماندو قوتابیانیان هەڵدایەوە .. ئەوەیان بۆ خەڵك ڕون کردەوە سلاو لە خەباتی بێشومار کە بەشێکی بەجەرگو درێژ خایەنی قوتابیانی عیراق کۆڵنەدەرن ..

یەکێتی نیشتمانی بەبەیاننامەیەك داوای بەرەڵلاکردنی برا قوتابیەکانی کردو ئەوەی بە لێپرسراوانی خوێندنگاکان گەیاند کە ئەمەو بەر شتی وەهانەبووە .

ل. ڕاوژرتی سیاسی
هەشتەمین کۆنگرەی قطری
پارتی بەعسی سوشیالیستی
عەرەب

سرووی قوتابیان

لەمێژە شاعیرانی کوردەدەیانەوێ رازو سکاڵاو ژانی خۆیانو خەڵك لەمندالانی قوتابخانە بکەیەننو بەبیری پێشکەوتوو خوازو خۆمانەرایان بهێنن ، لەم بوارە پیرۆزەدا هەموو بەیانیەك ئێستاشو ئەوساش وێنەویادکارو رازەکانی ماموستا (زیوەر) و (بیخود) و (بێکەس) و (دڵداری)جوانەمەرگو کۆزرانو ... دێتەوە بەرچاو ، مندال بووین کۆیمان بەسروودە دلتەزێنو پرچۆشەکانی ئەوان کراوەتەوە ، جارێ ئەگەر یەکێك بیەوێ ژیانو زروفی میللەتو جۆری زیوەرو پیرەمێردو هێمنو ع.ع شتێك یان یادکارو نوکە ئەو کۆمەڵە دەگۆڕێ هەر بۆ قەلەمێکیش بۆ ئەم لایەنە لێك نموونە قوتابی لادێی زیاتر بدات دەبێ روخساری ئەو حەز بەو سرودانە دەکەن کە رۆژەشی بهێنیتەوە بەرچاو کە ژانی ڕۆژانەو باری ژیانو (زیوەر) لەو سەردەمەدا چی گیروگرفتو دیاردەی کۆمەڵکا بۆ مندالان نووسیوە ئەمڕۆچی یەکەیانە ، بەڵام مندالی شاری بنووسرێ ... چەند خۆشیشە جۆرەباسو خواسو دیاردەیەکی شیعرو سرودوو گۆرانی و تری لاپەسندە کە لەگەڵ ژیانو چیرۆك و ئەوەی هەیەو نییە لە کاروانی پێشکەوتنیان یەك واقیعو ئەریتو ڕەوشتی ئەو دەگرێتەوە .

کۆمەڵە بدوێو ژیانی رابردوو مندالە شاریەك لە ئامرازو داهاتوو وەتۆوی برایەتیو ئامێری کشتو کاڵو بۆ چونی خۆشەویستی بچێنێ ...

لە قوتابخانەیەکی بناری (سەفین) و (ئەزمر) و دەشتەکیەك ناگات بە (قەرەداغ) و (ئاکرێ) بەیانیان پێچەوانەش مندالە دەشتەکی چی بوترێ باشە ؟؟ یان یەکان رازی شار شارەزانین ، چسرووڕیك بیری ئەم مندالانە بەڵام ئەوەش قەت مانای ئەوە دەگەشینیتەوە ؟ ئەوانەش کە نیە یە قوتابیانی شاری لەگەڵ سرودیان بۆ مندالان نووسیوە هی گوندەکان لێك دابڕین ئەوە هەروا لە خۆوە بەلکو ژیانو ئاکاری کۆمەڵایەتیان ئەمە دەست نیشان قەلەمەکەیان نەگیراوە ....؟؟ دەکاتەوە لەمێژە مامۆستا ئەوکاتە خۆیان وەك مندالێك (زیوەر) لە هەموو بوارێکی هاتووتەوە بەرچاوو خۆیان ژیان سرودی بۆ قوتابیان لەرێزی بەیانیانی پشکنینو نووسیوەتەوە ، دانانیسرودیش ئالا بەرزکردنەوە دیووە ، بۆیە تەنها بڕکردنەوەی لاپەڕەیەکی هەر راستەو خۆ توانیوایانە دیوانەکانیان نەبووە بەلکو بە بزانن مندالان چیان دەوێ بەڵام هوشیاریو تێکەیشتنەوە بووە ئەم سرودانەش بەپێی باری تا ئێستاش لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا (بێ کەسو قانیع

لایرە – ٨

لە ئیرەوە

فریاد بلال
کۆلێجی پەروەردە

« نەخوێندەواری کە لە نێوکۆڕو کۆمەڵەیەکی فراوانی هاووڵاتیانو بە تایبەتی لەلادێ دا بڵاو بۆتەوە بە گەورەترینو ترسناك ترین تەگەرە دانەنرێ لەبەردەم پێشکەوتنی سیاسیو ئابوریو کۆمەڵایەتی دا لەوڵاتدا » .

« ڕاپۆرتی سیاسی »

ڕاپۆرتی سیاسی هەشتەمین کۆنگرەی قطری حیزبی بەعسی سوشیالیستی عەرەب بەشێوەیەکی ئیجابی دەستی چارە سەری درێژ کردووە لەپێناو نەهێشتنی نەخوێندەواریو بنیات نانی کۆمەڵێکی پێشکەوتووی شۆڕشگێڕی بەتوانا کە لەگەڵ خواستو مەرامو ئاواتەکانی کۆمەڵ یەکبگرێتەوە .

چونکە ئاشکراو ڕوونە کە بەهیچ جۆری ناتوانرێ کۆمەڵێکی پێشکەوتووی شورشگێڕی بەتوانا بنیات بنرێ ئەگەر بێتو نەخوێندەواری بەرادەیەکی زۆر لەناو ئەو کۆمەڵەدا تەشەنەی کردبێ ، لە دووتوێی ئەو راستیەدا بۆمان دیار دەکەوێت کە نەهێشتنی نەخوێندەواری دەورێکی کاریگەر دەگێڕێت لەگشت بوارێکی ئیشی ڕۆژانەماندا بگرە بەشێوەیەکی ئیجابیش کار دەکاتە سەرباری رامیاریو ئابوریو کۆمەڵایەتی ، بۆیە کێشەی نەهێشتنی نەخوێندەواریو زاڵ بوون بەسەر گشت ئەو کۆسپو تەگەرە ناهەموارانەی کە دێنە سەر ڕێی ، ئەرکێکی فرە گەورەیە لەپێناو پەرەپێدانو بەرەو پێش بردنی ڕەوڕەوەی زانستیو زانیاری لەسەرانسەری ووڵاتدا لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە نەهێشتنی نەخوێندەواری پێویستی بە هەوڵو تەقەلایەکی بێ شومارو لەبن نەهاتوو هەیە بۆ ئەوەی لە شەوی شومی نابەلەدی نەزانین بەرەو ئاسۆیەکی روناکو پرشنگدار هەنگاو بنێین لەپێناو گەیشتن بەشاری مەبەستو حەزە هەڵچوەکانمان .

لە جەژنی قوتابیاندا

عبدالعزیز محمد دزەیی
ئامادەی کردووە

لە جەژنی قوتابیاندا ناوچەی کوردستان لە ڕۆژێکی دڵشادو مێژوویی دا ژیا ، ئەو ڕۆژەی یادی دامەزراندنی یەکێتی نیشتمانیی قوتابیانی عیراق بوو ، قوتابیانی کوردستانیش بەکەچو کوڕەوە بەشداری ئاهەنگو خۆشی دەربڕینیان کرد ، لە قوتابخانەی کەلاوێژی کچان لەگەڵ ئەم دوو خوشکە چەند گفتوگۆیەکمان سەبارەت بە ڕۆژی قوتابیانو باری ناوچەی کوردستان کرد .

بە خوشکە « ماهرە سعید » مان ووت .

– بیروڕات بەرامبەر ڕۆژی قوتابیان چیە ؟!

– ئەم ڕۆژە تەنها ئاهەنگ گێڕانو هەڵپەڕکێ نییە بەڵکو ڕۆژی بیرەوەری یەکێتی نیشتمانییە کە چواردە ساڵ لەمەوبەر وەك پێشرەوێك هاتە مەیدان کە سەرکردایەتی قوتابیانی عیراق بەرەو ژیانێکی بەختیارو دەسکەوتی شۆڕشگێڕانە لەعیراقی خۆشەویستمان دەکات .

– دوای ئۆتونۆمی بەشداری قوتابیانی کوردستانت چۆن دێتە بەر چاو ؟!

ئۆتونۆمی دەسکەوتێکی گرنگی نەتەوەی کوردمانە کە حیزبی بەعسی سۆشیالیستی عەرەب بەهۆی ئەوەی کە ئەو ئامانجە پیرۆزانە کە ئەو حیزبە لە ڕۆژی دامەزراندنیەوە بۆ گەلی کوردی دیاری کردووە ئەو ئامانج

کۆڕێک و شەش هۆنراوە

چەپکێک لێکۆڵینەوە

ڕەئووف عوسمان

لە سەرەتای مانگی ڕابوردودا ، لیژنەی ڕۆشنبیری‌مەلبەندی لاوان لە سلێمانی ، کۆڕێکی شیعر خوێندنەوەی بۆ چەند شاعیرێکی لاو ساز کرد کە شاعیران (حمەی‌حمە باقی ، لەتیف هەلمەت ، عەبدوللا عەباس ، ئەنوەر قادر ، عارف ناسراو ، دلشاد محەمەد ئەمین)و چەند برایەك لە ئەندامانی مەلبەندەکە بەشداریان تیا کرد • هەم لێکولینەوەی هاماۆستاعۆسمان ڕئووف دەربارەی شیعرەکانی ئەو شەش لاوەیە کە لەو کۆڕەدا بەشداریان کرد بو •• کە باری سەرنجی برای ڕەخنە گرە • بەرامبەر بە شیعرەکان •

پێش هەموو شتێك دەمەوێت خوێندەوارانی ئازیز ئەوە بزانن کە ئەم هەلبەستانەی لێرەدا شی کراونەتەوە لە کۆڕێکی فراوانی مەلبەندی لاوانی سلێمانی‌دا خوێندراونەتەوەو هەر لەو کۆڕەشدا هەندێ برایانی ئەدەب دۆستی سەربە مەلبەندی ناوبراو ڕوویان لێ نام کەبەپێی توانا باری سەرنجی خۆم پێش چاو بخەمەو منیش بە سنگێکی فراوانەوە شەشیانم بەسەند کردو خستمە بەر شەن‌و کەوی لێکۆلینەوەو بالا بڕینەوە ، جالێرەدا لە جێی خۆیدایەتی بڵێم هەتا توانیومە بەشێوەیەکی کورت‌و چڕ مەبەستەکانم دەربڕیوە ، بۆبە هیوادارم کە پێشەکی ، چاوەڕوانی لێکۆلینەوەیەکی فراوانم لێ نەکرێ‌و باری تەنگە بەری ماوەی ڕۆژنامەی ئەمڕۆمان لە پێش چاو بێت • سازکردنی کۆڕی ئەدەبی بەهەموو لقەکانی‌یەوە مایەی دل خۆش بوونە بۆتەکاندان بە کاروانی ماندووی ئەدەبی ئەمڕۆمان ، لە کاتێکدا کە ئەدەب بە ناچاری‌و گوبچر گوبچر دەی هاوێژنە نێو دەریای بێ پەیی ڕەمزی‌یەتەوە ، مەرجەکە خوێنەریش تۆزێك خۆی ماندوو بکات بۆئەوەی بتوانێت لە شیلەی ئەو هەست‌و هۆشە ناسکانە تاسەی بشکێ‌و تەسکینی گیانی بێت ، بەلام دەوری ڕەخنە گرو لێکۆڵە ڕەوەش هەر تۆزە کۆڕان‌و مشت‌و مال کردنێکی بە سەرادێت ، چونکە ڕەخنە وەك مادەیەك تیشك دانەوەی بەرهەمە ئەدەبی یەکانە ، بەلای منەوە ڕەخنەی شی کردنەوە (النقد التفسیری) لەم سەردەمە تایبەتی‌یەدا دەتوانێت دەوری کارامەی خۆی ببینێت بۆ نزیك کردنەوەی بەرهەمەکان لە دڵو دەروونی خوێنەرانەوە ، ئالێرەدا بە پێویستی دەزانم وەك دەست پێشکەری‌یەك بڵێم ڕەخنەکانی منیش تووشی هەمان تەنگە نەفەسی ڕەمزی‌یەت بووە بۆیە دلوا لە خوێنەر دەکەم هەر لە سەرەتاوە بڕیاری ئەوە نەدات کە ئەوەندەی تر ڕەمزەکان چڕ بوون‌و ئەویش لە گێژاوی من‌و شاعیراندا سەری لێ شێواوە !•

ناتوانین ئەو بەرهەمانە بەهەلبەستی موناسەبەتێکی گشتی دابنێین چونکە مێژووی نووسینیان جودا جودایە ، خۆ خوێندنەوەیشیان لە کۆڕێکی وەهادا ناتوانێت بیان خاتە ژێردەواری مونا سەبەتەوە ، جگە لەو موناسەبەیە ئەبێت کە کۆزەکەیەو هەلبە ستەکانی تیا خوێندراونەتەوە، واتا هەر هۆنەرەی تاقی کردنەوەو خۆ خواردنە وەیەکی تایبەتی کەرەسەی هونراوەکەیەتی ، هەر چەند بە پۆ چوونی من پێنجیان بەتالێکی نهێنی گرژ شەتەك دراون‌و هاومل بوون ، بەلام بێ ئەوەی مۆرکی تایبەتی خاوەنەکانیان ون کەن وەك داهێنەرێك •

عەبدوللا عەباس‌و هونراوی (پەرینەوە لە جۆلانەی غەمی اۆرکاوەبۆ جۆلانەی غەمی نازم حیکمەت)

عەبدوللا دەنگێکی ناسراوە لە جیهانی نوبێ ئەمڕۆی هەلبەستی کوردی‌دا ئەم هونراوەیەش سیمای تەماشا کردنێکی فراوان‌و زۆر لایەنی هەیەو ئەوپەیوەندی‌یە بەئینە دەردەخات کەوا لە ناخەوە هەموو شاعیرێکی مرۆڤایەتی دەپەستی بەیەکەوە ، بێ گومان شاعیر لە جیهانی شاعیرێتی خۆیەوە بی‌یەوێ‌و نەیەوێ دەبەسرێتەوە بە شاعیرەکانی نرەوەو هەموو یشیان دەبەسرێنەوە بەوشەی باك‌و بێ لە کەوە ، ئەو وشەیەی کە لە مێژەوە سەرچاوەی هەرچی کوێرەوەری‌و بە ختەوەری یەکی دەروونی‌یە لە دنیای شاعیردا !!

ئەم هونراوەیە یەکێتی بەکی بابەتی (وحدة الموضوع) پتەوی تیابەدی دەکرێت • هەر لە تەوقی سەری‌یەوە تاکە لە نگوستی بێ‌ی تالێکی گرژی نهێنی شەتەکی داوەو مۆری خەمێکی ڕەشی لە نەختی تەوێلیا نەخشاندووە ، زوربەی کۆبلەکان وتو وێژێکی خەماوی یە لە نێوان شاعیرو یارە زویرەکەی دا ، کلەبی‌و ئاشتە ، خوتەیە ، چربەیە ، سوێند خواردنە ، توانەوەیە •• هتد زۆر لەم هەلوێستانە ڕووی تۆران‌و بێ قایل نەبوونی عەبدوللاو یارەکەی دەردەخات • لە سەرەتاوە دوو دڵە • سەر لێ شێواوە لە دوورێ یانی خۆشەویستی‌یەکی فەرهادانەدا بێ گیراوەو ڕادەمێنێ :

بیر کردنەوە ئەم جوولێنی •••
ئەم جوولێنێ ، ئەبە سەریەو •••
ئەکرێمەوەو ، بیرکردنەوە •••
لە نوکەوە ، ئەم جوولێنێ !!

هەر چەندە مرۆڤ لە سەرەتادا دڵی خۆشە کە ئەو بیرکردنەوەیەی شاعیر وەك ئینجلس دەلێت (سەرەتا یەکی بەر چاو ڕوونە لە ڕێگای دۆزینەوەی ڕاستی‌دا) بەرەو ڕۆخی وشکانی‌یەکی هێمنی دەبات ، کەچی خۆشەویستەکەی هەرگوێشی ناداتێ‌و خۆی لێ دەخلافێنێ !! بەلام شاعیر وەك ڕاوچی‌یەکی بە ئەمەك‌و شارەزا زور ڕستەی بەهێزوجوان دەکات بەتەپکەو دەبەوێت پاساری یەکانی‌دڵی یارە ڕەنجاوە کەی تێ کەوێ •

زانیم مردو ، شەوق ئەدا بەدرەختە بێ گەلاکان
— ئەوە من نیم
مردو درەختی ئەزۆکەو •• بەرنادا
— ئەو مردووم

شاعیر هەموو تین وتوانایەکی دەخاتە گەڕ بۆکەمەن کێشی یارەکەی ، تەنانەت پەناش دەباتە بەر هەندێك بیردۆزی (النظریە) زانستی‌یانە کەباسی گەڕانەوەی هەموو گەردیلە (ذرە) یەکمان بۆ دەکات بۆ توخمە سەرەکی یەکە کە کاربۆن‌و ئاوە کەچی نازدارەکەی ئەوەندە پرە لەوبەیوەندی‌یە (داتاشراوە) ئەناسێ •• دەمرێ‌و زیندوو دەبێتەوە ، خۆ ئەم قین‌و لێ ئۆزانە هێندەبە زەقی‌دیارە لەحەوت‌شوێن‌دا دەست گیرانەکەی بە چاوقایمی‌یەوە دە لێت :

لە خۆشەویستی گومان ئەکەم ، ئا ، گومان ئەکەم
یان دەلێت :
ئەئەی ناسم ، ئەئەم‌ناسێ

من کەکەسی سێ یەمم ئالێرەوە
خەریکم ئەتوێمەوەو خۆم دەخۆمەوە ئارانم تاوان لە کێوەیە ، ئۆ بلێی لە دڵداری خۆشتر هەبێت ، هەر وەك کەلە شاعیری عەرەب (ابو الطیب المتنبی) دەلێت :

وعذلت اهل العشق حتی ذقته
فعجبت کیف یموت من لا یعشق

بەلام شاعیرو یارەکەی وادیارە پەنجەی پە شیمانی دەگەزن چونکە نەگە یشتوون بە ئەنجام ، بەلای منەوە ئەم تێ روانینە سادەیە درەنگی ئێجگار کوشندەیە ئایا بە سەر نەکەوتنی دڵداری دەبێت شاعیر لە ڕابوردوو یادی ڕۆژانی ژوانی پاش گەز بێتەوە ؟! بەبۆ چوونی من ئەگەر یادنامە بیرۆزەکانی لە پریاسکەی دلە ئاوارەکەیا هەلگرێ‌و لە شەوانی پایزدا بیایانا بچێتەوە هەر زادێکەو ••• هەر ماچێکەو ••• هەر ئاخێکە ••• خۆ ڕەنگە خۆی لە خۆیدا بیێ بە هەوێنی مەیاندنی چەندەها هونراوەی بەپێزی تر !

وادیارە یارەکەی شاعیر مارانگە ستەیەو تاقی کردنەوەکانی هەمووی پووچ بووە واتابووە بە خۆشەویستێکی زۆر زانی سرك ، بەلام پاش چی ؟ پاش ئەوەی کە شاعیر تلیەی تەڕی تیادانە هێشتووە :

ئەی لە بیرتە ••
(هەوەلی پایزان ••
ئاخری بەهاران ••
لە سەر شلکەی ڕانم
•••••••••••••)

زۆر لە کۆبلەکانی شاعیر ڕستەی کورت‌و چڕوبە هێزی تێدایە ، تەنانەت لە هەندێکیانا هونەری بەدیعی دەرکەوتووە بێ ئەوەی بۆنی‌ئەوەی لێ‌بێت کەداتاشراوەو سەپاوە وەك (لەبێ دەنگیما نهێنی ئەگریا) (بەقەدەر قین‌و خۆشەویستیم لە کاتێکدا دەمرمو دەژیمەوە) (نەبوون لە بوونی ئارەزوودا بە لەزەت بوو) کە ئەمانە تێکرا هونەری (طباق‌و مقابلە)یان تێدایە بێ ئەوەی مرۆڤ تووشی وەرسی بکەن لە کاتی خوێندنەوەدا ، شاعیر لەم دێرەدا کەوتووەتە پۆپەی نزاو پارانەوەو هانای حەلاجی یانە دەباتە بەر دەم یارە ڕەنجاوەکەی :



ئەنورە قادرو هۆنراوەکەی

هەناسەیەك ، دوان ، سیان ، چوار
کچێ هەزار ، هەزار
هەموو تروسکەیەکیان هەلمژی
تروسکەکان هەموو هەناسەکانیان خواردەوە

دیاردەکانی سرووشت کار لەیەك (تفاعل) دەکەن‌و دەتوێنەوە لە بۆتەی خۆشەویستی‌دا ، هەناسە گەرمەکان تروسکایی‌یەکان هەل دەمژن‌و نایدەنەوە ، ڕەش بینی‌و مایە پووچی یەکەی شاعیریش ئەوەندەی تر خەست دەبێتەوە ، بۆیە منیش وەك بروسکەیەك شیعرەکەی مەحوی ڕەند بارانی هاوبۆنەیی لە میشکمدا بەخوڕ دەبارێنێ :

لە سەر خۆچوونە شەیدا بوونە قوربینوانە سووتانە
هەتا مردن موحیبەت ئێشی زۆرە ڕێزی لێ دەگرم

وادەزانم لە ڕستەی (لە هەر شەو گەرێکا بۆت ئەگەڕام) شاعیر تووشی هەلەت‌و لێژگەیەکی زمانەوانی بووە چونکە شەوگار کە ناوەو شەوگەڕ کە ناوی بکەرە لێی تێك چووەو بە پێچەوانەدە یەکاری‌هێناوەو ڕاستروا بوو کە بڵێ (لە هەر شەوگەرێکا) بە دوای هەمان کۆبلەدا دەلێت :

(عومرەکەم ، ئەی چاوەکەم ، دەی وەرە
•••••••••••••)

لام وابێ ئەم ڕستەیە تۆزێ سرووشتی فۆلکلۆری تێدا هەست پێ دەکرێت وەك (عەمرەکەم ، چاوەکەم ، تەگبیرەو بەتۆی دەکەم) ئەمە لەکاتێك داکە عومرەکەم ڕاستتر وابوو بە (عەمرەکەم) بنوو سرێت •

شاعیر بەم کۆبلە یەکۆتایی‌یە هونراوەکەی دێنێ کە وەك دەلێن بەردی خستووەتەسەر مەلۆی بیروئەوەندەی ترمەبەستەکەی یەکالا کردووەتەوە :

دەزگیرانی ناسراوو ئەناسراوم
غەم شیرینە

نوری حەیرانو هۆنراوەی نازەخان

غەم ، هەتا بڵێی خۆشە

نازانم خەم بۆ ئەوەندە خۆشە ؟ ئەتوانم بڵێم بووەبە دەرمان‌و تیماری هەندێکی بێ دەکرێت ! خەمی دڵدارەکانمان بووەبە کە لە پووڕێکی پان‌و بەرین‌و هەتا دێتخەمی قوول‌و دەستی تازەی نەهامەتی دەچێتە سەری‌و چڕتر دەبێ ، دەتوانم بڵێم سی یەکانی شاعیرو هاوەڵەو چڕتر دەبێ ، دەتوانم بڵێم سی یەکانی شاعیرو هاوەڵەو دڵدارەکانی ئەگەر هەناسەی خەم نەدەن کوێر دەبنەوەو ئەپوێن ، بۆیە دە مەوێت نموونەی خەمێکی ڕەسەنی گۆرانی گەورە بهێنمە وەکە دەلێت :

ئەوا دیسان لە ئۆشەی نادیاری
دڵم هەلسازرەی زەنگی فگاری
بە ئەسپایی ، بەبێ هێزی ، بەئاستەم
هەوای ڕۆحم ئەخاتە سەر لەرەی خەم
بە ئەسپایی بەلەرزۆکی هەزاری
ئەنالێنێ لە گۆشەی نادیاری
(ئەنوەر قادر محەمەدو هەلبەستی تیراژ)

کاك ئەنوەر دەنگێکی نوێی چڕە لە جیهانی شیعری ئەم سەردەمەماندا ، هەرچەندە کەمی‌و زۆری بەرهەم بەشێوەیەکی ڕەها (مطلق) ناتوانێت ببێ بە پێوانەیەکی ڕەخنەیی بە ئەمەك •

لام وابێت تاودانی ئەسپی لێکۆلنەوە لە مەیدانی ئەم شیعرە نوێیانەدا تۆزە چورتەو هەلدێرانێکی تێدا بێت ، چونکە نەبوونی پاسای عەروزی ئەوەندە سەربەستی‌یەکی موتلەقی داوە بە شاعیر کە بە ئارەزووی

بروانە ل ١١

شاعیرو نوسەرێکی نەناسراو

عبدالخالق علاءالدین

گوندی (شاخە پیسکە) دێیەکی بچوکی چوار سەعات ڕێگایی کەوتۆتە ڕۆژ ئاوای شاری کۆیە •• ناوچەیەکی دەشتاوی‌و تەپۆلکاوی‌یە •• ڕیزە شاخێکی بەرز چوار دەوری دێکەی داوە •• وادیارە دێیەکەش هەر بەناوی ئەوناوێروشاخانەوە ناونراوە •• کوێرە کانیاوی‌نزیك دێیەکەش سەرچاوەی ئاودانی‌و ژیانی دانیشتوانە ، خەلکی دێ هەموو جوتیارو وەرزێرن ، لەم گوندە لاتەریك‌و ساکارەدا خاوەن خامەی شیعرو نووسەرێکی بەهرەدار هەیە ، ناوی (مراد) کوری ئەحمەد کوڕی کوێخا حەویزی بەناوبانگە •• ناز ناوی (دلپاك)ە لەسالی ١٩٢٦ هەر لەو دێیە هاتۆتە دنیاوە •• لەهیچ قوتابخانەیەك نەی خوێندوە ، کە گەورە بووە لەگەل مەلاو فەقێی ئاوایی تیکەلی تەواوی پەیدا کردوەو هاتو چۆی حوجرەی کردوەو کاتی دەرس خوێندن گوێی لەفەقێکان‌گرتوەو وەك ئەوان خۆی داوەتە شیعرو پەندو بابەتی ئەدەب •

هەر بەو گوێ گرتنە گەلێك شت فێر بووە •• شیعری زوربەی شاعیرە نیشتمان پەروەرەکانی لەبەر کردوە ، توانای نوسین‌و خوێندنەوەی بۆ خۆی بەرهەم هێناوە ، شەیدای شیعرەکانی حاجی قادرو بێکەس‌و دڵدارو زیوەرو چەند شاعیرێکی تر بوە •• کەس‌و کارو خزمانی زۆر سەر زەنشتیان کردوە بەلام دەس بەرداری ئارەزوی خۆی نەبوەو ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر خۆی بەنوسین‌و خوێندنەوەوە خەریك کردوە ••

دیوانیکی شیعری هەیە ١٦٠ لاپەرەیەو شیعرەکانیشی هەمە چەشنەیە زوربەیان نیشتمانی‌و ئاینی‌و کۆمەلایەتین •• میژویەکی بەناوی میژوی‌کورد لە ٨٠٠ لەپەردا داناوە •• باس‌و بەسەرهاتی کویخا حەویزی شاخە پیسکەی نوسیوەتەوەو نیازی وایە چاپی بکات کە ئەمەش ١٣٠ لاپەڕە ئەبێ •• زور ڕقی لەشەڕ بۆتەوە بۆیە لەپارچە شیعرێکدا وتویە :

خەتای شەڕە چەند هەزار ژن بەبێ مێرد ماوەتەوە
خەتای شەڕە چەند کورو کچ بەبێ‌باب خولاونەتەوە

لە پارچە هەلبەستیکی دڵداری‌دا ئەلێ :

شەمال کەهات بۆ لای‌من وەسلێکی یاری هێنا
لەشوبهەی لێوی نالی ڕەنگی گولناری هێنا
بولبول ئەکەوتە خوێندن موژدەی بەهاری هێنا
سنەوبەر کەوتە لەرزین هات‌و هاواری هێنا

لێرەدا نامەوێ لەوزەی هونەری‌و پلەی ئەدەبی‌و جۆری شیعرەکانی بکۆڵمەوە بەلکو تەنیا مەبەستم ئەوە بوو ئەم ئەستێرە پرشنگدارەی ئەدەبی کورد بە خوێنەرانی بەڕێزی ئەم بەشە بناسێنم •• هیوادارم ئەدەب دۆستانمان یەکتری فەراموش نەکەن‌و نمونەی بەرهەمی یەکتر بیشکەش بە خوێندەوارانمان بکەن •

لە کەلەپوری ئەتەوایەتیمان :

عبدالرحمن مزوری

دڵ بەشەماڵ و شەمعەیك

ئەم شیعرەی کە لەخوارەوە بۆتان بلاوئەکەینەوە ، شعرێکی بلاونەکراوەی زاناو شاعیری مەزن « شیخ نورالدین بریفکانی »یە ، کە لەنێوان سالی ١٢٠٥-١٢٦٨ کوچیدا ژیاوە ، ئەو زانایەی ، شاعیری بەناوبانگ « بیخود » باسی ئەکاو ئەلێ :

لە تەقدیسا وەکو « شیخی‌بریفکان »
لە تەریسا « مەلا بەحیای مزوری »
لە بیشەی عیلم‌و فضل‌و شرع‌و دنیا
چ شێرێ‌بون بەنازایی‌و جەسوری

ئەم شیعرە لە دەستنوسەکانی ماموستا « مەحموڤ سەر گەلی » ئیمامی مزگەوتی ـ محمود البکری ـ لە موصل وەرگیراوە ، لە سەرەتای شیعرەکەدا ئەم ڕستەیە بەعەرەبی نووسراوە « هذا کلام قطب زمانە شیخ نورالدین البریفکانی قدس سرە » ، ئیمەش پێشکەشی خوێنەرانی « هاوکاری » خوشەویستی ئەکەین ، وەکو سامانێکی بەنرخی ئەتەوایەتیمان و سوپاس :

ئەی مالکێ هەر عالەمێ
دونیا هەمی مولکێ تەیە
یەك سەر هەلینە فێ غەمێ
لوطفا تە هەر کافی مەیە
ئەووەل تویی دێ هەر مەبی
کەس نینە تەشبیهی تەبی !
یارەب تو غەفاری مەبی
هیفی لدەرگاهێ تەیە
دێ هەر هەبی ئەم دێ مریو
دونیاو عەرشێ مەرمەرین
ملیاکەت‌و مولکێ بەرین
وان ترس‌و لەرزو سوجدەیە
نافێ خودێ بتە سبیح‌و دەف
چون خوش‌و چون ئەو ڕۆژو شەف
ژ بەر هەیبەما باغل بخەف
مالی لوان ئەف ڕەنگەیە
مەوجان دبەحرا قولزمێ
جەوشێ لنارێ جەهنەمێ
قەت نینە ڕاحەتیەك دەمێ
بێ ڕاحەت‌و بێ سەکنەیە
ژ ملیاکەت‌و پێغەمبەران
گەداو میرو سەروەران
ئەو پادیشاهە و مێهتەران
مردن‌و فێران هەیە
فێ لەو لەبێ فێکرا برین
ئەم مولتاقی کۆڕی کرین
ما ئەم نزانین دێ مرین ؟!
مالی دنێ بێ فایدەیە
پێغەمبەران ئەو زانی‌یە
وان دل خودێ خوناسی‌یە
عیشقا ئەنێ ، فێران نیە
دل بە شەماڵ‌و شەمعەیە !!

Institut Kurde de Paris

لەسێ گۆشەی «پیرەمۆدا»

خرۆکەو پاپۆڕ

بێ سەروشوێنی وەنەبن

• زانست چ ئەڵێ بەرامبەر بەم رووداوە ؟

لەم دواییەدا قسەیەك بلاوبۆتەوە دەربارەی ناوچەیەك کە سێ گۆشەی (پیرمودا)ی پێ ئەڵێن و گوایا لەم ناوچەیەدا فرۆکەو پاپۆر بێ سەرو شوین ون ئەبن ٠٠ دەربارەی ئەم نهێنییە چارلس پیر لیتز لە ئەمەریکا کتێبیکی بە ناوی (سێ گوشەی پیرمۆدا) بلاوکردۆتەوە تیایدا باسی چەند رووداوی ئالۆزو سەیر ئەکات !

پیرمۆدا ئەکەوێتە بەشی رۆژ ئاوای ئۆقیا نووسی ئەتلەنتیك لە نزیك سنوری خوارووی رۆژ هەڵاتی ئەمەریکاوەیە ئەم سێ گۆشەیە لە ماوەی دوو سەد ساڵی رابوردوودا پتر لە سەد پاپۆڕی هەللوشیوە ، وەلە ئاسمانی پیرمۆدا لە ٢٠ ساڵی رابوردوودا بەلای کەمەوە چوارده فرۆکە بەبێ سەرو شوین ون بوون ٠

تا ئێستا هەوڵێکی زۆر دراوە بۆ سۆراخ کردنی شوێنەواری فرۆکەو پاپۆرە ون بووەکان بەڵام بێ هودە بووە هیچشتێك ئەدۆزراوەتەوە

ئەو زانیاریانەی تۆمار کراون ئەڵێن ، فرۆکەکان کە ئەکەوێتنە سەر ئەوناوچەیە بەبێ تەل مەلبەندەکانیان بەم شێوەیە ئاگادار ئەکردەوە :

رەنگی ئاسمان لەبەر چاومان لێل و زەرد بووە ، دەریا ئاسایی نیە قیبلەنما (البوصلة) بەکی کەوت ٠٠ ئنجا لە پڕ بەیوەندییەکە ئەپچڕاو

پاپۆڕیان فرۆکەکە هەڵئە لوشرا ٠٠!؟

هەندێ کەس ویستویانە ئەم روو داوە سەر سورهێنەرە لێك بدەنەوەو قسەی سەیریان کردوە وەکو ئەوەی گوایە دوور نیە لەوکاتەدا نەیزەکێك لە ئاسمانەوە بەر بێتەوەو بەر فرۆکەو پاپۆڕەکە کەوێت یاخود گیان لەبەری دڕندەی دەریایی گەورە هەیەو ئەو پاپۆڕە هەڵئە لوشی ٠٠هەندێکی تر بای خەیال هەلی گرتو ئەیان وت کێ ئەڵێ مانگی دەستکرد لە مانگو ئەستێرەو شارستانیەکانی ترەوە نایەن و فرۆکەو پاپۆڕەکان لەگەڵ خۆیاندا نایەنەوە ؟!

شەش فرۆکە لە رۆژێکدا ؟!

لە کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٥دا شەش فرۆکەی ئەمەریکا بە شوفیرو فرۆکەوانەوە لەوناوچەیە لە ناوچوونو لاشەی تاکە کەسێکیشیان نەدۆزرایەوەو کەس نەیزانی چیان بەسەر هاتووە ٠

ئەوەی شایانی باسیشە ٢٤٠ پاپۆڕی ئەمەریکاو ٦٧ فرۆکەو چوار تۆربیدو ١٨ کەشتی پاسەوانی دەریا دوای کۆششێکی زۆر هیچ یان بۆ نەکرا ٠ وە لە مەلبەندی فرۆکەوانی ئەمەریکادا ئەم قسانەی فرۆکەوانەکان تۆمار کراوە کە دواکات بە بێ تەل داویانە ٠

لە بەرزایی ١٨٠٠ مەتر رەشە بایەکی توند هەلی کردوە ، قیبلەنماکان بەکیان کەوت ، دنیا تەمو مژە وەکو ئاوێکی سپی دەوری دابین وایە ، رێکامان بەیەکجاری هەڵە کرد ٠٠ فریامان کەون ٠

دەریای کەشتی قوتدەر

لە بەشی رۆژ ئاوای ئۆقیانوسی ئەتلەنتیك وە هەر لە سێ گۆشەی پیرمودا چەندین کەشتی ون بوون ئەم داستانەش لە سەردەمی پورتوگال و ئیسپا نیاییەکانەوە دەست پێ ئەکات و لەو کاتەوە ئەو دەریایە بە دەریای کەشتی قوت دەرو گۆرستانی پاپۆرو دەریایی ترس و لەرز ناونراوە ٠

لە ساڵی ١٩٦٨ دا هەر لەو شوێنە غەوا سەیەکی ئەمەریکایی سێ ربیون کە ٩٩ کەسی تیادابووە لە ناو چوو وە لە ساڵی ١٩٧٢ پاپۆرێکی ئینگلیز (دیفراتسیا) لە هەمان ناوچە دۆزراوەوە کە لە شتومەك بەولاوە هیچی تیادا نەماوەو ئەو نەفەرانەی تیادا بوون بێ سەرو شوین ون بوون ٠

لەم ساڵانەی دواییدا دەستەیەکی زانایان بە سەرۆکایەتی پرۆفیسور ئیڤان ساندرسون چەند لێکۆلینەوەیەکیان دەربارەی ناوچەی سێ گۆشەی پیرمودا نووسیوەو لە گۆڤاری (سانما) بلاوکرایەوە لەو لێکۆلینەوانەدا وتراوە ، دوای تاقی کردنەوە بۆمان دەرکەوت کە لە سەر کۆی زەویدا چەند ناوچەیەکی سەیرو شاراوەو تەمو مژاوی و ئالۆز هەیە کە فرۆکەو پاپۆڕی تیادا ون ئەبێ پیرمودا ناوچەیەکە لەو ناوچانە !

بەروەردەکردنی پەلەوەر

ـ بەختیار مستەفا ـ

ژمارەی پیشو هەندێك لەبارەی نەخوشیەکانی پەلەوەرەوە دواینو بەتایبەتی نەخوشی (نیوکاسل)مان دەست نیشان کرد ٠٠

ئەم نەخۆشیە چۆن پەیدا ئەبێ ؟

زوربەی لە ریگای هەناسەو خواردنەوە ئەچیتە ناو لەشەوە، لە پەلەوەریکی نەخۆشەوە ئەگاتە یەکیکی ترو توشی نەخوشیەکە ئەبێ ، یان بەهۆی ئەوشتانەوە کەفاریروسەکەی پێ ئەگوێزرێتەوە ، وەك کارتونی هیلکە ، گونیەی دان (علف) تویکڵە هێلکە ، پەڕ ، پیلاوو جلو بەرگی ئەوکەسانەی کەلە کێلگەیەکی نەخۆش دارەوە ئەچنە کیلگەیەکی پاکەوە ٠٠ جوجەلەی یەك رۆژی لەوانەیە لە گواستنەوەدا توشی ئەم نەخۆشە ببێ ٠٠ یان بەهۆی ئەوقاپو قاجاخانەی ئاویان تیا ئەدرێتی کە بەباشی تەعقیم نەکرابێ ٠٠ بەدوری مەزانن کە بالندەی کیویش ئەبنە هۆی گواستنەوەی ئەم نەخۆشیە ٠٠

ئەم نەخۆشیە بە زۆری لەزستاندا بلاو ئەبێتەوە ، جگەلەوەی کەلە وەرزەکانی تریشدا روو ئەدات ٠٠

نیشانەکانی نەخۆشیەکە :

نەخۆشیەکە لەو کاتەدا دیاری ئەدات لە ماوەی چونی میکروبەکە بۆ ناولەشی پەلەوەرەکە ٠ لە ماوەی ٥ـ٦ روژدا ، هەندیك جاریش ئەم نەخۆشیە زۆربە سوکی روو ئەدات تەنانەت هەست بە نیشانەکانی ناکرێ ٠٠ جوجك هەناسەی توندئەبێو کاتیك هەناسە وەرئەگرێ دەنگی دێ ، سەری نەلەرزی ، دەمگی گر نەبێ، زور جار بە هۆی دەنگ نوساندنەوە هیچ دەنگی نایەت ئاو بەدەنوك ولوتیا دێتە خوارەوە هەندێ جار چاویشی ئاوی پیا دێتە خوارەوە ، دوایی کز ئەبێ و بەرەکانی گرژ ئەبێ لە خواردنو خواردنەوە دائەبڕێ ٠ ئەم نیشانانە لە وانەیە ٢ـ٥ روژ بخایەنێ، دوای ئەمەش نیشانەی عەسەبی دەرئەکەوێ ، وەکو گژت بونی قاچ ، بالە شۆڕێ ، لەرزین ، هەر کاتە ناکاتێ مل خوار بون بۆدواوە یان ئەم لاوئەولایان با ئەخوات یان سەرئەکات بەناو قاچیا ، جۆرە رویشتنێکی سەیر بەپشتا رویشتن ٠٠ یان بەلادا کەوتنو گرمۆلە بون ، وهەلکەرانەوە ٠

هەندێ جاریش هەر نیشانە هەنا سەیبەکان دیاری ئەدات ، هەندی کاتیش نیشانە عەسەبیەکان ، ئەوانەی لەم نەخۆشیە چاك ئەبنەوە هەر بەلاوازی ئەمێننەوەو زۆر کەم کەورە ئەبن ٠٠ نیسبەتی مردن بەگوێرەی تونەدی نەخۆشیەکەو بەرەو پیرەوە چونیەتی ٠٠

مریشکی هیلکە کەر بەزۆری نیشانە هەناسەیەکانی تیا دیاری ئەدات ، هیلکەکەم ئەکەن یان هەر بەئەواوی لێ ئەچنەوە ، خۆراکیان کەم ئەبیتەوە ، بەشیکی کەم لە هیلکە کانیشیان هەڵدێ ، یان تویکڵێکی ئەرمی پیستی ئەبێ یان زبرو خوار ٠٠ سپینەکەشی مەیلەو ئاوی ئەبێ هەندێ جاریش نیشانە عەسەبیەکانیش لە مریشکی هێلکەدا دەرئەکەوێ ، بەڵام نیسبەتی مردنی مریشك لە هێنی جوجکە کەمترە ٠٠

لە بیرەوەری کۆن

بارەی خوێندن و رۆشنبیری لە تەوێلە

نووسینی :صفاءالدین نقشبندی

بەشی دووەم

لە ژمارەیەکی پێشووی هاوکاریدا بەشی یەکەمی ئەم باسەمان پێشکەش بە خوێنەرانی بە ڕێز کرد ، لەم نووسینەدا هەوڵ ئەدەین بەشی دووەمیان پێشکەش بکەین :

١ ـ قوتابخانەی کوڕان : لە ساڵی ٤٠/٤١ دا قوتابیەکانی هەر شەش پۆلەکەی نە ئەگەیشتنە (٦٠) قوتابی ، وە هەر پۆلێك یەك لق (شعبە)ی هەبوو ، وەکو لە بیرمە : قوتابیەکانی پۆلی شەشەمی (پێنج ـ شەش) قوتابی بوون ، وە مامۆستاکانی لەگەڵ بەرێوەبەر (٣) کەس بوون ٠ (بەرێوەبەر موسوڵمان بوو ، دوو مامۆستاکەی تر یەکێکیان فەلەو ئەویتریان جوو بوو) یەعنی مامۆستاکان سەر بە هەرسێ ئایینە ئاسمانیەکان بوون ٠٠

زۆر هەوڵمان ئەدا کە ژمارەی قوتابیەکان بتر بکەین، بەڵام چونکە سەرەتای گرانی بوو ، وە تەوێڵەش چونکە لە شوێنێکی کەم دەرامەتا هەڵکەوتوە ، لە بەر ئەوە باوکەکان منالەکانیان بە ئیشەوە خەریك ئەکرد بۆ ئەوەی نەختێ دەسکەوتیان ببێو بتوانن باری شانی کەسوکاریان سووك بکەن ، جا لەبەر ئەوە منالەکان بەشی زۆریان بە کلاش چنینو درست کردنی بنەکلاشەوە خەریك ئەبوون ، چکە لەوە بەشێك لە باوکەکان ئەوە چووبوە مێشکیانەوە کە منالەکانیان لە خوێندنا ناکەنە پلەیەکی ئەوتۆ کە کاربەدەستو مووچە خۆریان لێ هەڵکەوێت ، لە بەر ئەوە لە ناردنی منالەکان بۆ قوتابخانە سارد بوون ، بەڵام ئێمەی مامۆستایان هەر کۆڵمان نەئەدا چ بە قسە لەگەڵ کردنی باوکەکانو تێگەیاندیان و چ بە پەنا بردنە بەر بەڕێوەبەری ناوچەو بۆ زۆر کردنی قوتابیانی قوتابخانەکە ٠٠ گرانیش هەتا ئەهات هەر تینی ئەسەندو بێویستی باوکەکان بە ئیش کردنی منالەکانیان بتر ئەبوو ٠٠ سەرت نەیەشێنم ئەم حالە بەردەوام بوو هەتا تەواو بوونی جەنگی جیهانی دووەمو سووك بوونی گرانی ٠ نە بوونی مامۆستایش کۆسپێکی گەورە بوو لەڕێی گەشەکردنی قوتابخانەکەدا ، وە لەبەر کەمی مامۆستا کوردەکان بەشی زۆری مامۆستاکان لەبرا عەرەبەکانمان بوون ، ئەوانیش هەرچەن خوا هەڵناگرێ زۆر خۆیان ماندوو ئەکرد بەڵام لەبەر ئەوە کە زمانی کوردیان نە ئەزانی کەلکی ئەواویان لێ وەرنەئەگیرا ٠

ئەمە لە ڕووی قوتابیانو مامۆستایانەوە ٠٠ ئیتر کەمو کوڕی تر هەر مەپرسە ، لە ئەبوونو گرانی کتێبو قەلەمو دەفتەرەوە پێ بگرە هەتا ئەبوونی کورسیو ریحلەو تەختەی ڕەشو تەباشیر ، لە بیرمە زۆر جار لە بەر بێ ریحلەیی لەملاو ئەولا لەوحی دارگوێزو تووەمان بە ئەمانەت ئەخواستو بە ساده ترین شێوە ئەمان کرد بە ریحلەو قوتابیمان لە سەر دانەنا ٠

بۆ سووتەمەنی هەموو ساڵێك بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە بە پێی توانا پارەی بۆ تەرخان ئەکردین کە سووتەمەنی ساڵانەی پێ بکڕین ئەبەر کەمی پارەکە هەر لە سەرەتای زستانەوە سووتە مەنیەکە تەواو ئەبوو ، ئەمجا باوکی قوتابیەکان کە ئەیان بیستەوە سووتەمەنی قوتابخانە ئەواو بووە ، چەندیان بتوانیایە - پیاوانە - سووتە مەنیان بۆ ئەکڕین ، زۆر جار ئەویش ئەواو ئەبوو ، زستانی سەختو نالەبار هەر تەواو نە ئەبوو ، ئەمجا ناچار ئەبووین ئەکەوتینە فرۆفێڵ ، یەکێ لەو فرۆفێڵانە ئەوە بوو: ئەکامان لە مامۆستای وێنەو نیشی دەست ئەکرد کە داوا لە قوتابیەکانی بکات لە جیاتی تاقی کردنەوەی مانگانە هەر یەك لەم دارێك لە جیاتی تاقی کردنەوەی وێنەو لقێك لە جیاتی تاقی کردنەوەی نیشی دەست بهێنن چا ج قوتابیەك بڕە دارەکەی گەورەترو باشتر بوایە دەرجەکەی زۆر تر ئەبوو ٠٠بەم لقەدارانەش ماوەیەکمان ئەبردە سەرو چاوەڕوانی توانەوەی بەفرو ئەمانی سەمۆڵو بەستەڵەکمان ئەکرد ٠

لە بیرمە : ساڵێك چەن پارچە شووشەیەکی پەنجەرەکانی قوتابخانەکە شکابوون ، داوامان لە بەڕێوەبەرێتی پەروەردە کرد شووشەمان بۆ بکڕن ، ئەو سەردەمە کڕینو فرۆشتنی هەموو شتێك میری دەستی بەسەرا گرتبوو ، وە دەزگایەکی تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە دانرابو ، ئەبوایە لە ڕێگای ئەوانە وە داوای هەموو شتێك بکرایە ، جا دەزگای نیجازەی شووشە فرۆشەکە لە مووسل بوو ، تەوێلە لە کوێیتو مووسل تۆ لە کوێیت؟ وە ئەبوایە داوا کردنەکەمان بکەیشتایەتە مووسل ، لەپاش نووسینو وەرامدانەوەو چاوەڕوانی یەکی زۆر شووشە کەمان بۆ هات ، بەڵام کە کردمانەوە دیمان هێندێکی شکابوو ، ئەویتری لەو ئەندازەیە بچووکتر بوو کەئێمە داوامان کردبوو ، ناچار بووین بەنجەرەکانمان بە گوێرەی شورشەکان بە تەختە بینە کردن ٠

٢ ـ گۆڤارو ڕۆژنامەش هۆیەکی گرگ بۆ بڵاو کردنەوەی زانیاری : لە پێش کردنەوەی ڕێگای ئۆتۆمۆبیلدا هاتوچۆکردن لە بەینی تەوێلەو هەڵەبجەدا هەر بە وولاغ بوو ، وە هەڵ ڕۆژنامەو گۆڤارێك کە بهاتایە بۆ تەوێلە بە هۆی کاروانچیەکانەوە بوو، ئەو کاروانچیانە لەسەر داواکردنی موەزەفەکا دانەدانە ڕۆژنامەیان ئەهێنا ، ئیتر موزەفەکان لە ناو خۆیانا دەساو دەسیان پێ ئەکردو ئەیان خوێندەوە ، چونکە لە تەوێلەدا نامەخانە نەبوو کە ڕۆژنامە بهێنێو بیفرۆشێو کەسی تریش نەبوو ئەم ئەرکە بکرێتە ئەستۆ ٠

لە بیرمە : یەکێ لەو وولاغدارانە کە لەو سەردەمەدا هەموو ڕۆژێك هاتوچۆی هەڵەبجەی ئەکردو ڕۆژنامەی ئەهێنا ڕەشە خاڵان (حاجی حمە رشید خاڵان) بوو ، جا ئیمەی مامۆستایانو موەزەفەکانی تر هەموو ئێوارەیەك بە پیاسە هەتا (گەڕیات)(١) ئەچووین بەپیری ڕەشەخاڵانو ڕۆژنامەوە ، جارو باریش (حمە رشید) ڕۆژنامەکەی لە هەڵەبجە لە بیر ئەچوو ٠٠ ئیتر لە ئێمە بۆڵاندنو لەو عوزر هێنانەوە٠٠ وە کە ئەمان زانی ڕۆژنامەکەی لە بیر چوە ئەمجا دەنگو باسی رادیۆو (٣) جەنگی جیهانیمان لێ ئەپرسی ، ئەویش ـ خۆی ودینی ـ چی بیستبوو وەچی ئەزانی بۆی ئەگێڕاینەوە ٠

٣ ـ قوتابخانەی کچان : لە دەورو بەری ساڵی ٣٧/٣٦ دا قوتابخانەی کچانی تەوێلە کرایەوەو مامۆستایەکی لە خوشکان(٤) بۆ نێررا ٠٠وەکو بزانم قوتابخانەکە لەپاش ساڵێك لەبەر کەمی قوتابی داخراو ئیتر نەکرایەوە هەتا ساڵی ١٩٥٥ ، لەم ساڵەدا بۆ جاری دووەم کرایەوەو بەردەوام بوو ، هەتا ئیستەش هەر هەیەو لە گەشە کردنایە ٠

ووتمان قوتابخانەی کوڕانی تەوێلە هەتا تەواو بوونی جەنگی جیهانیو سووك بوونی گرانی گەشەیەکی ئەوتۆی نەکرد ، لە دەورو بەری ساڵی ٤٥ـ٤٦ دا لە سەر نووسینو داوا کردنی قوتابخانە ، لە قوتابیە دەرچووەکانی پۆلی شەشەم دوو قوتابی زیرەکی قوتابخانەکە لە (قسمی داخلی) لە سوڵەیمانی وەرگیرانو لە قوتابخانەی ناوەندیو ئامادەیی دەسیان کردبە خوێندنو بەرە بەرە لە خوێندنە کەیانا پێش کەوتنو بوون بە نموونەی ڕەوشت باشیو کوشش و زیرەکی ، داخەکەم یەکێکیان لەبەر زروفی ڕامیاری نا لەباری ساڵەردەمی ٩٤٨ سەری لێ نێك چوو ونەیتوانی خوێندنەکەی تەواو بکات ، بەڵام ئەویتریان خوێندنی ئامادەیی تەواو کردو لە پاش ماوەیك هاتەوە بۆ تەوێلەو بوونە مامۆستا لە قوتابخانەکەدا ٠ بە ڕاستی بە هاتنەوەی ئەم دوو وەجبە مامۆستایانە ئارەزوی خوێندن ئێجگار تینی سەندو قوتابخانەکە پڕ بوو لە قوتابی ٠٠ جاران ئێمە ئەپاراینەوە کەمنالەکان بێتن بۆ قوتابخانە ئەمجا باوکەکان لە ئێمە ئەپارانەوە کە منالەکانیان لە قوتابخانە وەر بگرین ، ئێمەش یا لەبەر ئەوە کە منال بوون ،یا لە بەر بێ جێگەیی هێندێکمان جواب ئەکردن ٠

کە زروفی گرانی باش بوو میری لە جاران زیاتر بە تەنگ خوێندەواریەوە بوو ، قسمە داخلیەکان زۆر ترو فراوانتر کرانو بە تایبەتی منالە لادێیەکان بە ئاسانی وە ئەگیران ٠٠ قسمە داخلیەکانی هەڵەبجەو سوڵەیمانی پڕ بوون لە قوتابی تەوێلەو لادێکانی تر٠٠ ئیتر قوتابیم ئەوێ بخوێنێو لە خوێندنو زیرەکیا خۆی دەربخاتو کێ وەلکێ (منافسە) بکات ، وە بە شانازیەوە ئەلێم قوتابیانی تەوێلە هەمیشە نموونەیەکی باش بوون بۆ قوتابیانی تر لە خوێندنو زیرەکیو ڕەوشت جوانیداو ڕووی خۆیانو کەسو کاریان سپی کردوە ٠

کە قوتابخانەی پێگەیاندنی مامۆستایان (دار المعلمین الابتدائیة)ە لە دەورو بەری ساڵی ١٩٥٦ دا لە سوڵەیمانیدا کرایەوە چەن وەجبەیەك قوتابی تەوێلە لە سووڵەیمانی خوێندنیان تەواو کردو بوونە مامۆستاو ڕوویان کردە تەوێلەو دێهاتەکانی تر بۆ فێرکردنو پێ گەیاندنی منالەکانی ناوچەکە ٠ وەختی خۆی مامۆستایان ئەمانیان پێگەیاندوە ، ئەمانیش ئەبێ ئەوەی تر پێ بکەینو ئەرکی خۆیان بەجێ بهێنن ٠ (دیارە ئەبێ وابێ) ٠

وەئەبێ قوتابیانی تەوێلە هەر مامۆستایان لێ هەڵکەوتبێ هێندێکی تریان چوونە کولێجەکانەوەو بوونە مامۆستاو ئەندازیارو پزیشکو ئەفسەرو کار بە دەستی تر ، وە هەی تریش بەڕێوەن خوێندن تەواو بکەنو ببنە پیاوی دوا ڕۆژو کار بە دەستی وولاتو بەم زوانە چاری کەسوکارو دوستانیان پێ تێر ئەبێت ٠

ئیستە لە تەوێلە دوو قوتابخانەی کوڕانو قوتابخانەیەکی کچانو قوتابخانەیەکی ئاوەندی هەیەو پڕن لە قوتابی ، وە بە سایەی کۆششی مامۆستا دلسۆزەکانەوە خوێندن لە تەوێلەدا زۆر گەشەی کردوەو کەم ماڵ هەیە یەك دوو خوێندەواری لە کچو لە کوڕ تیا نەبێت ، ئیتر وەکو جارانی زوو کەس دا نامێنێ بۆ یەکێ کە نامەیەکی بۆ بخوێنێتەوە ، وە دانیشتوانی تەوێلە ئەوانەشیان کە بۆیان ڕێك ، نەکەوتوە بخوێنن ، بە هۆی تێکەلی کردنی خوێندە بتەو بوو ٠ زروفی گرانیش بەرەو باشی زۆر فەرقی کردو هەوەسو ئارەزوی خوێندن لە ناو منالانو کەسوکاریاندا پلەی بەرز بووەوە ٠ چەن قوتابیەکی تر لە قوتابخانەی پێ گەیاندنی مامۆستایان (دار المعلمین الریفیة) کە لە ساڵی ١٩٤٨دا لقێکی لە سوڵەیمانیدا کرابووەوە وەرگیرانو دەسیان کرد بە خوێندنو لەپاش تەواو کردنی خوێندنەکەیان بوونە مامۆستاو لەپاش ماوەیەك هاتنەوە بۆ تەوێلەو بوونە مامۆستا لە قوتابخانەکەدا ٠ بە ڕاستی بە هاتنەوەی ئەم دوو وەجبە مامۆستایانە ئارەزوی خوێندن ئێجگار تینی سەندو قوتابخانەکە پڕ بوو لە قوتابی ٠٠ جاران ئێمە ئەپاراینەوە کەمنالەکان بێتن بۆ قوتابخانە ئەمجا باوکەکان لە ئێمە ئەپارانەوە کە منالەکانیان لە قوتابخانە وەر بگرین ، ئێمەش یا لەبەر ئەوە کە منال بوون ،یا لە بەر بێ جێگەیی هێندێکمان جواب ئەکردن ٠

کە زروفی گرانی باش بوو میری لە جاران زیاتر بە تەنگ خوێندەواریەوە بوو ، قسمە داخلیەکان زۆر ترو فراوانتر کرانو بە تایبەتی منالە لادێیەکان بە ئاسانی وە ئەگیران ٠٠ قسمە داخلیەکانی هەڵەبجەو سوڵەیمانی پڕ بوون لە قوتابی تەوێلەو لادێکانی تر٠٠ ئیتر قوتابیم ئەوێ بخوێنێو لە خوێندنو زیرەکیا خۆی دەربخاتو کێ وەلکێ (منافسە) بکات ، وە بە شانازیەوە ئەلێم قوتابیانی تەوێلە هەمیشە نموونەیەکی باش بوون بۆ قوتابیانی تر لە خوێندنو زیرەکیو ڕەوشت جوانیداو ڕووی خۆیانو کەسو کاریان سپی کردوە ٠

کە قوتابخانەی پێگەیاندنی مامۆستایان (دار المعلمین الابتدائیة)ە لە دەورو بەری ساڵی ١٩٥٦ دا لە سوڵەیمانیدا کرایەوە چەن وەجبەیەك قوتابی تەوێلە لە سووڵەیمانی خوێندنیان تەواو کردو بوونە مامۆستاو ڕوویان کردە تەوێلەو دێهاتەکانی تر بۆ فێرکردنو پێ گەیاندنی منالەکانی ناوچەکە ٠ وەختی خۆی مامۆستایان ئەمانیان پێگەیاندوە ، ئەمانیش ئەبێ ئەوەی تر پێ بکەینو ئەرکی خۆیان بەجێ بهێنن ٠ (دیارە ئەبێ وابێ) ٠

وەئەبێ قوتابیانی تەوێلە هەر مامۆستایان لێ هەڵکەوتبێ هێندێکی تریان چوونە کولێجەکانەوەو بوونە مامۆستاو ئەندازیارو پزیشکو ئەفسەرو کار بە دەستی تر ، وە هەی تریش بەڕێوەن خوێندن تەواو بکەنو ببنە پیاوی دوا ڕۆژو کار بە دەستی وولاتو بەم زوانە چاری کەسوکارو دوستانیان پێ تێر ئەبێت ٠

ئیستە لە تەوێلە دوو قوتابخانەی کوڕانو قوتابخانەیەکی کچانو قوتابخانەیەکی ئاوەندی هەیەو پڕن لە قوتابی ، وە بە سایەی کۆششی مامۆستا دلسۆزەکانەوە خوێندن لە تەوێلەدا زۆر گەشەی کردوەو کەم ماڵ هەیە یەك دوو خوێندەواری لە کچو لە کوڕ تیا نەبێت ، ئیتر وەکو جارانی زوو کەس دا نامێنێ بۆ یەکێ کە نامەیەکی بۆ بخوێنێتەوە ، وە دانیشتوانی تەوێلە ئەوانەشیان کە بۆیان ڕێك ، نەکەوتوە بخوێنن ، بە هۆی تێکەلی کردنی خوێندە

بروانە ل ١١

جۆرەکانی هەنگ

هەنگ یەکێکە لە سامانە نیشتمانیەکانو تا ئیستە بەئەندازەی پیویست بایەخی پێ نەدراوە ٠٠ لەوڵاتی ئێمەدا پەروەردە کردنی هەنگ هەر بەو شێوەیە کە لە سەدەکانی بەرلە زایینیدا بەختیاریان ئەکردن ٠٠ لەم ساڵانەی دواییدا کومەڵەهەرەوەزکاریە کشتوکالییەکان کەلێك هەوڵیاندا کە جۆری پەروەردە کردنی هەنگ بگورنو ئەم سامانە نیشتمانیە بەرەوی پێ بدەن ٠٠

هەمو جۆرە هەنگێك لە تر ٠٠

هەمو زەمینەی ناوچەیەکدا ئەو جۆرە هەنگەی لە نازی وە یان بەر هەنگی عیراقدایە رەگەزەکەی نازانرێ زۆری نابێ ٠٠ بەڵام روخسارو شیوەیان لە هەنگی قەوقازیو ئیتالی ئەچن٠

هەنگی وڵاتی خۆمان :

وەکو وتمان جۆرەکانی هەنگی وڵاتی خۆمان تا ئیستە بە شێوەیەکی زانستیانە لە یەکتری جیا نەکراونەتەوە بەڵام بە شێوەی گشتی ئەگەر لە وڵاتی خۆماندا وە بەتایبەتی لە ناوچە شاخاویەکان ئەگەر بە شیوەیەکی زانستیانەی نرێ هەنگ پەروەردە بکرێ واتا گول و گولزارو باخی تایبەتی بۆ برازیتەوەو پلورەکانی لە جیاتی قوڕ لە دار بوی دروست بکرێو شانەی نایلونی بۆ دا بنرێ لە وانەیە بەرهەمی ساڵانەی هەنگیك بگاتە ١٠ ـ ٢٠ کیلو هەنگوین ٠

لەوڵاتە پیشکەوتوەکانا بایەخ بە بە خێوکردنی شاهەنگ ئەدەنو شاهەنگی لاولە جیگای شاهەنگیکی پیری ماندو دائەنین ٠٠ ئەم کارە ئەگەر لە وڵاتی خۆشمانا تاقی بکرێتەوە بایەخێکی زۆری ئەبێ ٠٠ ئاوو هەواو زەمینەی ئابوری وڵاتی ئێمە بەتایبەتی ناوچەی کوردستان کەلیك لە بارە بۆ پەروەردە کردنی هەنگو بەرهەم هێنانیان ٠

شاهەنگ دوجۆر هیلکە دائەنێ :

جۆری یەکەمیان هیلکەی تۆدار (البیضة الملقحة) کە ئەمە ئەبێ بە شاهەنگو هەنگی مێ ٠٠ جوری دووەمیان هێلکەی بێ تۆ (البیضة غیر الملقحة) ئەمەشیان ئەبێ بە هەنگی نیرە ٠٠ هەر شاهەنگیك ٤ـ٧ ساڵ ئەژی ٠٠ بەڵام هەر ساڵی یەکەمو دووەم ئەتوانی بەباشیو بەقەدەر پێویست هێلکە دابنێ ٠٠

ـ احمد قادر فرج ـ

Institut kurde de Paris

پاشماوەی کۆڕێك و شەش هونراوە

خۆی ڕستەکانی چڕو زەبەنگ کات بەتۆبەلێك واوی عاتیفەو یای (موزانو ئیلیە) هەر چەندە شاعیر لە میانەی هەڵچوونو داچوونی گوێ پێدان بەکێشو سەرواو ستاوە ، بەڵام لەو قەناعەتەدام کە نایەوێ بە یەکجاری رزگاری بێت .

ناونیشانی هونراوە کە (تیراژ)ە کە بریتی یە لەو (کۆلەکە ڕووناکی یەی کە لە کاڵو رۆژنەوە دێتە خواری) بەڵام وابزانم راستی یەکەی (تیرۆژ)ە ... (ڕوانە فەرهەنگی خاڵ لاپەرە ـ ٢٣٦) . ئەگەر تۆزێك بەراورد بکەین لە میانەی ناونیشانەکەو هونراوە کەوا هەست بەوە دەکەین کە تۆزەلێك بچرانێك هەیە ، ئەوتۆزە هیواو ئاوانەی کە شاعیر هەیەتیو لێکی چواندووە بە تیرۆژ ڕوە بە هێزێکی کاراو هەڵی ئەزنێنێ بەقوللەی قافی خەما ، کەچی لە لایەکی ترەوە بۆنو بەرامەی خەمێکی خۆش هونراوەکەی مەیاندووە .

بیرەوەری یەکانی شاعیر وەك شەنەی شەمالێك کووزەی دلی دەکە شێنێتەوەو ئەوەندەی تر دەیهێنێتە جۆش ، یادی ئەو دەسگیرانە خۆشەویستەی دەگاتەوە کە هەموو بەنجەرەکانی شار لە رووبا داخرابوو ، ئەو دەسگیرانەی کە شنەی شەمالی دارستانێکی نیجگار دوور بوو !.

ئەوندەی من بۆی چووبم شێرکۆ بێ کەس و ئەزەر قادر مجەمەدو عەبدوڵلا پەشێو زوربەی توانای شیعریان لە دروست کردنی تابلۆی هونەریدا تەرخان دەکەن بۆیە لە کاتێك داکە خۆمان دەکەین بە هەڵبەستەکانیاندا هەروەك دیدەنی پێشانگایەکی هونەری بکەین وایە .

هەمان ڕێزەو لە ئەوروباسەری هەڵداو کەشەی کرد بەناوی (ئیماجیزم) کەئەزرا باوەند داهێنەرو بەهێزکەری بوو ، ئەو نامەوێت لێرەدا بەراوردێ لە میانەی تابلۆکانی ئەم سێ شاعیرەدا بکەم وەرسەنی و لە پێشی خاوەنەکانیان بە دەربخەم ، بەڵام ئەوەندە دەڵێم کە ئەنوەر هەندێك جار وێنەی جوانی دڵفرێنی هەیە کە پڕە لە جووڵەو جوانیو ڕەنگەکانیشی زاڵێنراوەتەوە بەتالی هەستو سۆزی تایبەتی خۆی ، خۆ لە هەندی شوێنی تردا تابلۆکانی تاڕادەیەك تۆزە تەکەلوفو داتا شێنێکی تێدایە بۆ نموونە (ئەی ئەوگەسەی خەمی خۆت ئەکەیتە کەڕێو بیابا هەل ئەزێی ، تا ئەگەیتە لوتکەکەیی و لەوێ دەستێ بەروخساری ماتتا ئەهێنی وبەنگەزێرینەی تانگەی هەراسانی ڕەنگەکانی ئاسق ئەلاوێنی) خوێنەر زوو هەست دەکات کە هیچ بەیوەندیەکی عەروزی ئەماوەو بەخشانێکی سادەیە، کۆبلەکە شانو ملی هاتووەتە خواریو ڕەتاوە لە زێر باری ئەو هەموو واوی عاتیفەو یای موزافو ئیلیە ، ئەمە لە کاتێکدا کە بۆ خوێندنەوە دەست نادات و شاعیریش تووشی نەنگەنەفەسی دەکاتو ڕەنگە ئەنوەر لە من باشتر ئەوراستی بە بزانێت، کۆبلەکە تابلۆیەکی داتاشراوە کە چی لە هەمان کاتدا دەتوانێت تۆزێك هەستو هۆشمان بجوڵێنێ ، بەڵام مەودای زەمەنی کارکردنەکەتەمەنی کورتەو زوو کال دەبێتەوە ! . چونکە مەبەستی بنەڕەتی شاعیر قەبە کردنی بارستایی (حجم) خەمەکەبەو هیچی تر ، ئالێرەدا پرسیارێك بەر دەرکامان بێ دەگری ، تۆبڵێی ئەو تابلۆبە ئەوەندە بەهێزو بێز بێت هیچ جوار چێوەیەکی عەرووزی نەی گرتە خۆی ؟ یان تۆبڵێی تابلۆی زۆر لەوە بەهێز تر نەبێت لە جوار چێوەی کێش وسەروادا ؟! ئەم دێڕەی شاعیر بڕوابوونێکی سەرامە دانەبە بەباشە رۆژ :

گۆرانی بۆ وەرزی ئەڵێ ئەتبینیوە

ئەم بەر جاو ڕوونی یە سروشتێکی ڕەسەنی بیری شاعیرەو نموونەی ئەو دیاردە گۆڕانانەیە کە مرۆڤ دەوری تێدا دەبینێ ، ئینجاز دەڵێت (خەیاڵ کردنەوە لە گۆڕانی واقیع وزەیەکی نوێیە بۆ گۆڕینی ئەو واقیعە) فەیلەسوفی ئەڵمانی (کانت) هەر هەمان ڕای هەیە بەرامبەر بە خەیاڵ لە گەڵ گرنگی دانێکی زیاتر بەبارە تەجریبی یەکە .

شاعیر دەستێکی باڵاو کارامانەی هەیە لە داڕشتنو وشە سازیداو زۆر لە سنگو بەرۆکی رستەکانی دەرازێنێتەوە بە وشەی خۆمالی ڕەسەن (تیراژ ـ کلاویۆرگە ـ نامۆ ـ زریان ـ تەروەنە ـ کۆترە کەژی)و گەلێ وشەی بەتامو بۆی بەکار هێناوە ، هەرچەندە هەندێك لە زمان ناسەکان ئەم بەکار هێنانە نارچەیی یە بەشیاو دانانێن چونکە دەبێتە هۆی زاڵ بوونی یەکێ لە دیالێکتیکەکانو پرۆکانەوەی لە سەرخۆی ئەوانی تر !

یارە ڕەنجاوەکەی شاعیر گلەیی دەکاتو بەرمردەیی خۆی بە دەردەخات :

هاورێ هەموو هەورێ بووم
وەختێ نەبارین
دوویسێ دڵۆپ بارانیان
بەسەر دەروونی تینوویەتیمانە ئەبارین جارێ

مەسەلەی هەورەکانو چاو چنۆکیان ڕاست نییە ئەوەندە بایەخی بێ بارێ ، چونکە بارانو نەبارانی هەور بەدەست خۆیەتیو هاوڕێ یەتیش بە زۆرنییە !! (ابو الفراس الحمدانی) لەمەمان بۆنەدا دەڵێت :

معللتی بالوصل والموت دونه اذا مت ظمآنا فلا نزل القطر

ڕەخنەگری بە ناوبانگ آرنولد دەڵێت (یەکێك لە ئافاتەکانی شیعر تیشکدانەوەی سەقافەتی شاعیرە بەخەستی) ئەم ڕاپەی آرنولد هەتابێ بەبایەخو وردە ، ئەو هێزانەی هاوبەشی دەکەن لە دروست کردنی شیعردا زۆرن ، بەڵام بەیەك ڕێژە (المسبة) بەڵکو بە شێوەیەکی جیا جیا دەوری کارامەی خۆیان دە بینن بێ ئەوەی پەیوەندی بیر کردنەوە لە نیوانیانا بپچڕێ ، بەڵام زۆربەی دەورەکە سۆزو ناوچەی نەست (لا شعور) دەبینن لە گەڵاڵە کردنو مەبینی شیعرەکەدا ، کەواتە هۆش و بیر زۆرتر دەور لە دروست کردنی تابلۆکاندا دەبینن ، کەچی سۆزو هەستو نەستو ڕاچەنین تابلۆکان ڕەنگ دەکەنو جوولەی دەدەنێ ، ئەگەر چاوێك بە زۆربەی بەر هەمەکانی ئەنوەردا بگێرین زۆر زوو بۆمان دەردەکەوێت کە شیعرەکانی تیشکدانەوەی سەقافەتێکی خەستی شاعیرە کە پتر باڵ بە شیعرەکانەوە دەنێ بۆ خۆهاویشتنە دنیای بە خشمانەوە ، لای ئەنوەر شاعیری بەتو سەقافەتە شیعریو فرە چەشنەکەی لە زۆران بازی یەکی بە هێزدانو هیوادارم لای شاعیری یەتێکەی سەر کەوێت ، ئەمەبەچی دەبێت .. تۆ بڵێی بەوە بەئەنجام بێت کە ئەنوەر بوەستێ لە خوێندنەوەو خۆ بەروەردە کردن ؟! بی گومان نەخێر ، بەڵام بەڕای من لە کاتێکدا شیعر بنووسی کە تەوژمی هەستو سۆزو ڕاچەنین پاڵی پێوەبنێو زۆری بۆ بینی بە شێوەیەك کەئەوەندە ڕێگا بەهۆشی قوول نەدات بۆ خۆ هەڵقور ناندنە ناو شیعرەوە ، بۆ ئەوەی شیعرەکە هۆرکی خودی پێرەبێت وەك توخمێکی جیاواز !!

ئەم کۆبلەیەی شاعیر جێگایەکی تایبەتی هەیە لە دڵمداو لە ناخەوە مرۆڤ ئەهەژێنێو دەی خاتە جیهانی جوانی ناسینو شیعری ڕەسەنەوە ، بەڕاستی تاڵێی ڕامێنم پتر ئەلی ئارەزوو جوانی ناسینم دەجوولێ بەو پەنجە نهێنی یانەی کە ئوکسترایەکی خەمی خۆشمان دەداتێ .. ئەو خەمەی کە هەوێنی هونراوە کەیە :

من هاورێی ئەو ئافرەتانەم
ئەروەنەی شەقامو کۆڵانن
هی ئەو درەختە ڕووتو قووتانەم لە بەر لێزمەی رەهێڵەدا
ئەجازی مەرگ و گریانش
هاوڕی ئەوچۆڵەلانەم بەزەو دەریا سەر هەل ئەگرن
ڕامو سۆزیان هێندە قووتە ناکەن ئەسووتێنو ئەمرن

لە رستەی (سەر هەل ئەگرن)دا (حوسن تەعلیلێکی) جوانی تێدایە ، لە گەل تۆزە بێزار بوون ڕەش بینی یەك ، بەڵام ئەو تۆزە ڕەش بینی یە بە تامەو دەستو دەمی پێوە دە خوێو هۆداریشەو (مبرر) .

لە رستەی (بەمزە شەوی دوورتا) شاعیر خزاوەتە لارێی درشت بینی یەوەو وادەزانم کورد دەڵێت .. شەوە بەفر ، شەوە باران بەڵام شاعیر ڕەنگە بڵێ لە سەر وەرنی (مانگە شەوە) ، کە ئەمە هەڵەیەکی زەقە ، خۆ بە ناشکوری نالێم وەزن و قافی یەیەکی ئەوەندە بەزەبریش نی یە تا بڵێین (ئەوەی بۆ شاعیر دەست دەدات بۆ کەسی تر دەست نادات)و هەڵەکە مەشروعە !!

لە یەکێك لە کۆبلەکاندا باسی ئاوابوونی خۆیو یارەکەی ئەکاو بەوبەری بێزاری یەوە دەڵێت :

تۆ ئەنیا بوویت ... هێنش ئەنیا
تۆ ئاوابویتو من ئاوا

مرۆڤ دروست کەری هەموو شتێکەو سەر چاوەی هەموو خۆشیو ناخۆشی یەکە ، ئاوا بوونی ڕۆژی خۆشەویستی شاعیر مانای ئاوابوونو ئەمانی مرۆڤ نی یە .. (مرۆڤ بە نرخ ترین سەرمایەیە) کەواتە شاعیر بۆ ئاوا دەبێو دروشمی نائومیدی دەنێ بە ناوچەوانی چامەکەیەوە ؟!

لە دوا کۆبلەیا شاعیر تابلۆی تەجسیمێکی شەوری بەهێزی درکاندوە :

وەك ئازیزی مەولەوی وای ، مەلێکی سبەینو نووراتیت
کاتێ ئەمەوێ بنگرمە باوەش
ئەدەی لە شمەقەی باڵو ون ئەبێ

هیوادارم ئەوکۆترە سپی یەی کاك ئەنوەر ئەگەر بۆیشی نەلوێت بیخاتە باوەشی ، بتوانی لە هێلانەی سنگی کون کونیا وشەی ناسك بتکێنێتە ناو دڵە بچکۆلەکەی بۆ ئەوەی لە کاتێکدا کە ئەدا لە شمەقەی باڵو وشەکانی ئەنوەر بگەیەنێ بە هەموو کۆ ترێکی ئەم زەمینە فراوانە ، ئەم کۆبلەیە لە واتادا دەمان گەڕێنێتەوە بۆ فەلسەفەی (وحدة الوجود)و(سامی شۆرش) لە هەمان واتادا دەڵێت :

ئەیرین وەك چەپکێ هەتاو
کە ئەی گرن ئایەتە دەست
کاتێ بەرەڵلاشی ئەکەن
لە لە پی دەست نایێتەوە .

نوری حەیران و هونراوە کەی (کۆرانی یەك بو چاوەکانی نازەخان) کاك نوری دەنگێکی ساکو دڵگیرەو زۆر جاریش لە سەر لاپەڕەکانی هاوکاری وبەیانو ڕۆشنبیر .. تاد هەڵبەستەبە سۆزەکانی دە خوێنینەوە، نازەخان پەنجەیەکی سپیو خەپەراتەیەو تاڵی دڵی شاعیر دە لەرێنێتەوە ، ئاوازی خۆشەویستیو دووری . ترسی بۆیەك نەبوون دەنگ دەداتەوەو ئەوەندەی تر شتاعیر دەهێنێتە جۆشو خرۆش .

شاعیر ئەی ویستووە بیچڕی لە جیهانی کێشو سەروادا بۆیە دۆزراوەتەی لە سەر کێشی (٤ـ٨ـ١٢) بڕگەیی یەو سەروا کانیشی (ان ـ نم)ە کە ئەم سەروا یەو کێشەکەیش لە بارن لەمەیانی هەڵبەستدا .

بەڵام ئەمەوێ ئەوە بڵێم کە هەق وابوو هەر لە بەر خاتری چاوە ڕەشەکانی نازەخان شاعیر ئەو دوو سەروا نامادە کراوە (مجهز)ی ئەوەندە بەکار نەهێنایە چونکە ئەم وشانەی کە کۆتایی دێن بە (ان ـ نم) زۆرنو لە واتەیشە یلەی هونەری هەڵبەستەکە کەم بکەنەوە . وادیارە کاك نوری تروسکەی هیوای لاوازەو کزکز دەسووتێ لە بەر چرای ئەم گرتووی نومیدی یا بۆیە دەڵێت :

تۆ وخۆشتیو هەموو هیوایەك
سەرباری گشت نیشتمانم
دوورن
دوورن
هێندەی چاوی ئەستێرەکان
هێندەی مردن
هێندەی ژیان

لەوانەیە بۆ مردنەکە لە گەل شاعیر نەبم چونکە مردن نزیکەو (انه اقرب من حبل الورید) ئامادەیە دەستە ڕەشەکانی گیرکات لە گەردنی ژیان ، بەڵام مردنێك کە بمانەوێو داوای بکەین لە کاتی نەمامەتیدا نەوەو دە چێتە قاتیو لێمان دەبێتە هەنگوینی شەمە تلێنکە هەر بە دوای هەمان کۆبلەدا شاعیر دەڵێت :

ئەفرۆدیتی پەر سنگاکەی پڕپایزم
نازەخانم
نازە خانی لە سەدا حەفتای ژیانم

نازانم شاعیر چۆن حیسابێکی کردووە بۆ خۆشەویستی یەکەی ؟!!

ئەگەر لە سەدا حەفتا بۆ نازە باوان وێران بێت !! ئەی بۆ ئەو ڕۆژەیەی کە خەوی پێوە دەبینێ :

بیتە دایکی شۆڕشگێرێك
خۆشەویستی یەکەی چەندە .. بەڵام وادیارە چرا هەڵمری .. تیاماوە .

یەکەم جار من حیسابی (س ـ ص) وموعادەلەی ئاینم بۆکردو وام دانا کە لەسەر بنەرەتێکی ریازی یە کەچی لە دوایدا گەیشتمە ئەوقەناعەتەی کە شاعیر زیانی تێدا دەکات ، بۆیە بۆ خۆیم هێشتەوە ... هەر لەم بۆنەیەدا عەبدوڵلا عەباس نیسبەتیان ناداتی بەڵکو شتی موتلەقمان دەداتیو دەڵێت :

کچە کە ... بەقەدەر خۆت خۆشم دەوێیت
بەقەدەر خۆم خۆشم دەوێیت

کە ئەم خۆشەویستی یە چڕ ترەو نموونەکەیشی بەهێز ترە .

ئەوراستی یە نەکۆرەی کە هەستی شاعیرمان بۆ دەر دەخات ئەوەیەکە ناچێت سوێند بە هەندێ شتی بێ بێز بخوات بەڵکو یەکسەر دەڵێت :

بە قەبری باوکی هەردوکمان

خۆشم ئەوێیت

هەرچەندە ئەم سوێندە تۆزێك شنەی ڕەشۆکی داوەو پاراوی کردۆتەوە ! بەڵام خۆشو بەتامەو گوێ گرو خوێنەر لێ یان نابێزێ .. لە لایەکی تریشەوە شاعیر دەیەوێت هەبوی و بێ باوکی دووکیان بێ بە بال پێوەنەرێك بۆ نزیك کەوتنەوە لە یەك چونکە (کل غریب للغریب نسیب) .

شاعیر هەشت جار وشەی نازەخانی لە هونراوەکەیدا بەکار هێناوە بەڵام لە کۆرەکەدا (١٦) جار هەمان وشەی وتەوە .. ئەم چەند جارە کردنەوەیە لە یاسای زمان پاراوی دا بۆ دوو شتە .. یەکەم خۆش ویستن (نجیب) دووەم داوای فەڕ کردن ـ التبرك ـ بەڵام ئەوەی لە هەمووی بەتام ترە ئەگوێ گرونە شاعیر وەرسی یاز نەنواند لەووتنەوەیە چونکە هەوێنێکی پاك و بێ گەرد بوو .

شاعیر لە دوا کۆبلەدا دەڵێت :

چونکە هیوام هێندە بێتە
بیتە دایکی شۆڕشگێرێك

وا دیارە شاعیر دەست گەرم کەرەوە وکات بەرە سەرنی یە ، بۆیە داوا دەکات کە نازەخان ببێ بە دایکی زارۆکان ، ئەمەش مەرنیشانەی دەستو دل پاکی یە .. ئینجا نازانم نازەخان تاج سنووزێك بڕوای بە قسەکەی کاك نوری یە ؟! شاعیر وتی(بەقەبری باوکی هەردوکمان) کەواتە باوکی نازە خان نەماوەو بە دەست براو دایکیشی بۆ یە هیوادارم ئەوانیش بۆی بخوسینو کاك نوریش ببێتە یەك شەوە !

-- ماوەتی --

پاشماوەی : باری خوێندن ...

وارانو ڕۆشنبیرانەوە هەموو چاویان کراوەتەوەو بە ئاسانی باشو ناباش ڕاستو درۆ لێك ئەکەنەوەو ڕۆژ بە ڕۆژ ڕۆژنامەکان بە ڕێکو پێکی ئەگەنە تەوێلەو ئەخوێنرێنەوە، بە کورتی تەوێلەی ئەمڕۆ لە چاو تەوێلەکەی جارانا فەرقی زۆرە . وە لەم ساڵانەی دوایی یەدا نامەخانەیەکیش لە تەوێلە کرایەوە ، نومید ئەکەین ئەو نامەخانەیە لە سایەی دەسەڵاتی نیشتمانی (السلطة الوطنیة) دا وە بە یارمەتی خوێنەواران و دلسۆزانو هەموو لایەکی تر ، بڕ بکرێت لە کتێبو سەرچاوەی بە کەلکو نایابو ببێتە مەشخەلێك بۆ بڕاو کردنەوەی زانیاری لە ناوچەی هەوراماندا .

ووشە دیاری کراوەکان :

١ ـ ڕێکای ئۆتۆمۆبیل لە بەینی تەوێلەو هەڵەبجەدا سالی ١٩٥٤ کرایەوە .

٢ ـ گەڕیات : شوێنێکە لە خوار تەوێلەوە ، چایخانەیەکی خنجیلانەی تیایە ، ڕێبواران و ئەو کەسانەی کە لە ناو باغی دوورەوە بەیانیان و نیوەڕان ئەگەڕێنەوە بۆ ناو دێ ، زۆر جار لەم چاخانەیە لا ئەدەنو چا ئەخۆنەوەو پشوویەك ئەدەن . دوور نیە ووشەی (گەریات) لە (گەریان)ەوە هاتبێ .

٣ ـ هەتا دەورو بەری ساڵی ٤٢ـ٤٣ لە تەوێلەدا تەنها یەك ڕادیو هەبوو، ئەویش هی قوتابخانەی کوڕان بوو ، نیواران موەزەفەکانو کەسوکاری قوتابیەکانو دانیشتوانی تری دێ ، کۆ ئەبوونەوە بۆ گوێ گرتن لە دەنگوباسی ڕوو دوای جیهان ـ و جەنگی دووەم . ئەم ڕادیویەش زۆرجار باتری یەکەی تەواو ئەبوو ، ئیتر هەمووەمان لە دەنگوباس بێ ئاگا ئەماین .

٤ ـ ئەو خوشکەی کە بۆ یەکەم جار قوتابخانەی کچانی تەوێلەی کردەوە ، وەکو بزانم خێزانی مامۆستا (نوری صالح ئاغە) بووە، داخەکەم لە نووسینی پێشدا لە بیرم چوو لە لیستەی ناوی مامۆستاکانی قوتابخانەی تەوێلەدا ناوی (مامۆستا نوری)ش بنووسم ، هەر وەها ناوی یەکێ لەمامۆستاکانم لێ تێك چوو ، ناوەکەی (رمزی بکر)ە نەك (فوزی بکر) داوای لێ بوردن ئەکەم .

بۆزانین

وەزارەتی ئیش و خانەسازی بەریوەبەرایەتی گشتی ئیش کردن

مناقسەی نهینی ژمارە(٧٤/٢٦) بۆکردنەوەی سەرای ناحیەی ربیعە نە پاریزگای نەینەوا .

بڵاوی ئەکەینەوە کە مناقسەی نهینی سەرەوە بەم جۆرە ئەبێ :

١ ـ ئیستمارەکانی مەرجی مناقسەکە لەبەریوەبەرایەتی ئیش کردنی پاریزگای نەینەوابە (ـ٣)سێ دینار دەست ئەکەوێ ئەم بارەیەش نادرێتەوە ئەبێ قونتەراتچیەکە مەرجە گشتی یەکانو مواصفاتە فەنیەکان بگرێ ئەگەر قونتەراتەکەی گرتە دەست .

٢ ـ دواکاتی پێشکەش کردنی عەتاتات تاکو سەعات ١٢ی سەر لە نیوەڕوی ڕۆژی سێ شەممەی ریکەوتی ٣٠ـ١٢ـ٩٧٥ ئەبێ وەپێشکەش بە سکرتیری لیژنەی کردنەوەی عەتاتات ئەکرێ لە بەریوەبەرایەتی گشتی ئیش کردن الحقوق والعقود ، وەئەبێ لەماوەی ١٥ پازدە مانگدا ئەوئیشە تەواو بکرێ .

٣ ـ ئەمانەش لە گەڵ عەتاتاتەکان ئەبن :

ا ـ تەئمیناتیکی سەرەتایی (ـ٦٤٠٠) شەش هەزارو چوارسەد دینار بەشیوەی کەفالەتی مەسرەفی کە بۆ ماوەی شەش مانگ کار بکات لە ڕۆژی وەرگرتنی مناقسەکەوە یان چەکیکی ئیمزا کراو .

ب ـ شوناسنامەی زوری بازرگانی لە گەل پسولەی بەریوەبەرایەتی باجی ضریبة الدخل کە بۆ ئەمسال تازە کرابێتەوە .

ج ـ لیستەیەکی ئەوکارانەی لەمە ئەچن .

د ـ شوناسنامەی قونتەراتچیتی .

٤ ـ هەر عەتاتاتێك لە کاتی دیاریکراوا پیشکەش نەکرێ وەرناگیرێ .

٥ ـ ئەم بەریوەبەرایەتیە ملزم نیە بە وەرگرتنی بچوکترین عەتاتات یان هەرعەتاتاتیکی تر .

٦ ـ عەتاتاتەکان لە ڕوی قونتەراتچیەکانو لە کاتی دیاریکراوا ئەکرینەوەو ئەنجامەسەرەتاییەکانیان لە لەوحەی ئیعلانات دا بڵاو ئەکرێتەوە .

٧ ـ هەر ڕۆژێك دواکەوتن ١٠ دەدینار سزایەتی ، ئەبێ قونتەراتچی یەکە لە گەل قونتەراتەکەی وەرگرت ئەندازیاری سەربەرشتی کردن دیاری بکات .

بەریوەبەری گشتی ئیش کردن
عبدالوهاب المفتی

بۆزانین

وەزارەتی ئیش و خانەسازی بەریوەبەرایەتی گشتی ئیش کردن

مناقسەی نهینی ژمارە٧٤/١٣٧ بۆ کردنەوەی بەشی ناوخۆیی لە ربیعە پاریزگای نەینەوا .

بڵاوی ئەکەینەوە کە مناقسەی نهینی سەرەوە بەپێی ئەم مەرجانەی لای خوارەوەیە :

١ ـ ئیستمارەکانی مەرجی مناقسە کە لە بەریوەبەرایەتی ئیش کردنی پاریزگای نەینەوابە (ـ٥) پینج دینار دەست ئەکەوێ ئەم بارەیەش نادرێتەوە ، ئەبێ قونتەراتچی یەکە مەرجە گشتی یەکانو مواصفاتە فەنیەکان بگرێ ئەگەر قونتەراتەکەی گرتە دەست .

٢ ـ دواکاتی پێشکەش کردنی عەتاتات تاکو سەعات ١٢ی سەر لە نیوەڕوی ڕۆژی سێ شەممەی ریکەوتی ٢٧ـ١٢ـ٩٧٥ عەتاتات وەرئەگیری وە پێشکەش بەسکرتیری لیژنەی کردنەوەی عەتاتات ئەکرێ لە بەریوەبەرایەتی گشتی ئیش کردن ـ الحقوق والعقود ، وە ئەبێ لەماوەی ١٠ دەمانگ دانەم کارە تەواو بکرێ .

٣ ـ ئەمانە لە گەڵ عەتاتاتەکان ئەبن :

ا ـ تەئمیناتیکی سەرەتایی (ـ٤٥٠) چوار سەدو پەنجا دینار بەشیوەی کەفالەتیکی مەسرەفی کە ماوەی شەش مانگ لەڕۆژی وەرگرتنی قونتەراتەکەوە کار بکات یان چەکیکی ئیمزا کراو .

ب ـ شوناسنامەی زوری بازرگانی لە گەل پسولەیەکی باجی ضریبة الدخل کە بۆ ئەمسال تازە کرابێتەوە .

ج ـ لیستەیەکی ئەو ئیش وکارانەی لە مەئەچن .

د ـ شوناسنامەی قونتەراتچیتی .

٤ ـ هەر عەتاتاتێك لە کاتی دیاریکراو پیشکەش نەکرێ ئەخرێتە پشت گوێ .

٥ ـ ئەم بەریوەبەرایەتیە ملزم نیە بەوەرگرتنی کەمترین عەتاتات یان هەر عەتاتاتیکی تر .

٦ ـ عەتاتاتەکان لە ڕوی قونتەراتچیەکانا ئەکرێتەوە لە ڕۆژی دیاریکراوا وەئەنجامەسەرەتاییەکانی لە لەوحەی ئیعلانات دا بڵاو ئەکرێتەوە .

٧ ـ هەرڕۆژێك دواکەوتن ٤٠ چل دینار سزایەتی وە پیویستە لەسەر قونتەراتچیەکە ئەندازیارێکی سەربەرشتی کردن لە گەل وەرگرتنی قونتەراتەکەدا دیاری بکات .

بەریوەبەری گشتی ئیش کردن
عبدالوهاب المفتی

Institut Kurde de Paris

پیشانگایەك بە بۆنەی کۆتایی ساڵی ئافرەتانەوە

دوو سبەی ٢٨ـ١٢ـ١٩٧٥ مامۆستا ، طارق عزیز وەزیری راگەیاندن ، پیشانگایەکی تایبەتی ساڵی ئافرەتانی جیهان ئەکاتەوە • ئەم پیشانگایە لە هۆلی کۆمەڵەی هونەرمەندانی عیراق لە مەنسور ئەکرێتەوەو سێ ڕۆژ بەکراوەیی ئەمێنێتەوەو ئەو بەرهەمە ئەدەبی و سیاسییانەی تیا بەرچاو ئەخرێ کە بەبۆنەی ساڵی ئافرەتانی جیهانەوە دەرچون • بێجگە لەو خواستو بریارانەی کە لە کونگرە جیهانیەکاندا بەم بۆنەیەوە دەرچون •

هەروەها ، لەپیشانگاکەدا ، چەندان تابلوی فۆتۆگرافی و پۆستەری دیوارو تابلوی هونەری پیشان ئەدرێن کە هەموویان تێکوشانی ئافرەت ئەنوێنن و هاوکاری کردنی ئافرەت لە بنیاتنان و گورانی بەرەو سۆشیالستی دا ئەسەلمێنن •

ئەدەبی گەلان

نامەیەك بۆ شاعیرانی پاشەڕۆژ

هونراوەیەك لە « پیرۆ »وە شیعری « مانوئیل سکورسکا » بەهرە « کردویەتی بەکوردی

لەوانەیە شاعیرەکانی دوارۆژ لێمان بپرسن :
« بۆچی ئێمە گۆرانیمان بۆ جوانی کچەکانمان نەئەوت ؟
یان ، بۆچی شیعرەکانمان ڕەگەمەیدانێکی پڕ لە توڕەیی بو ؟!»
من ، وەڵامیان ئەدەمەوە :
« لە هەمو لایەکەوە ، گوێمان لە گریان بوو •• لە هەمو لایەکەوە ، شەپۆلە ڕەشەکان کەمارۆیان دابوین •• ! »
کە ئینسان لەئیشوونازارا ژیا ••
هەست بە جوانی گوڵ ناکا ••
کە ئینسان برسی بوو :
« کیلگەی کەنم ، لە ژێر ڕوناکی مانگەشەوا پێ ناگا ! »
مادەم بێ دەرەتانەکان بەباران تەڕ ئەبن !
« دڵم تامی خۆشی نازانی ! »
ئەی شاعیرەکان :
« ڕۆمانسیەت »ە کەتان بۆ« گوڵەباخ » چ نرخێکی هەیە ؟!
دەنگی گەڵێکی ڕاپەڕیو ••
لە شنەی دەرختێکی بەشەونم تەڕ بوو پیرۆز ترە
ئەی شاعیرەکان :
مەشخەڵ لەژێر ژیلەمۆدەربێنن ••
با کڵپەی ••
ئەم دنیا تارە ڕونـاك بکاتەوە ••

جیهانی سینەما

تێکوشانی گەلی تشیلی لە سینەمادا

کارەساتی شەهید کردنی سەرۆکی کوچ کردوی تشیلی « ئەلیندی » لەتشیلی و ئەوخوازەکانی دنیای و سینەماو کارەساتە بەسەر گەلی ئەووڵاتەدا هات بۆتە کەرەستەیەکی بەهێزی هونەرمەندە پێشکەوتو بەناونیشانی « ئەی سەرۆکی تائیستا سێ فلیمی سینەمایی لەم بارەیەوە دەرچوە یەکەمیان بەناونیشانی « ئەی سەرۆکی عاورێ »و دووەم بەناونیشانی « بەربەرەکانی زیرەکی » کە هەردوکیان هونەرمەندە « کارلوس ئورتیز » دەری هیناون و فلیمی سێیەم بەرهەمی هونەرمەندە « کارلوس خیلو »ەو ناونیشانەکەی « زانکوی مولتزمە » •

ئەم فلیمانە سەرگوزشتەی خەباتی گەلی تشیلی ئەگێڕنەوە هەتا هاتنی « ئەلیندی »لەڕێگای هێزی « یەکێتی گەل »ەوە دوای ئەوە کودتا ناشستی یەکەی ئەیلولی ١٩٧٣ لە فلیمەکاندا ، هەندێ لەوتارەکانی سەروکی کوچ کردو « ئەلیندی » تۆمار کراوە • هەروەها تۆماری ناشتنی شاعیری مەزن « پابلو نیرۆدا » کە دوای کودتا فاشستیەکە کوچی دوایی کرد • هەروەها لەو فلیمانەدا ، چەندان وێنەی بەرگری نازایانەی گەلی تشیلی دژی تاقمە فاشستەکەی نیستا تۆمار کراوە •

کۆڕی لیژنەی ڕۆشنبیری مامۆستایان لە سلیمانی

لیژنەی ڕۆشنبیری مامۆستایانی کوردستان لە سلیمانی ڕۆژی ١٩ـ١٢ـ١٩٧٥ کۆڕێکی بۆ چیرۆك خوێندنەوە ڕێکخست لەم کورەدا دوو چیرۆك خوێنرانەوەو لەلایەن مامۆستایان ساجد ئاوارەو محمد امین احمدەوە لێکۆڵینەوە دەربارەی چیرۆکەکان پێشکەش کرا • دوو چیرۆکەکەش لە نوسینی « سوران مەحوی »و « زاهیر سەوز » بوون •

بلاوکراوەی : دەنگو باسی زانکۆ

ژمارە «٤»ی بلاوکراوەی لقی ڕاگەیاندنو بلاوکردنەوە لە سەرۆکایەتی زانکوی سلیمانی دەرچوەو لەم ژمارەیەدا چەند باسێکی ڕۆشنبیری و دەنگوباسەکانی چالاکی و جموجولی زانستی و زانیاری و وەرزش و هونەرو کۆمەڵایەتی لە زانکۆدا بلاو کراوەتەوە •

ئاوڕێك لە ڕابوردوو / ئامادەی کردووە

لە هەندێك ژمارەی ژیانی لەمەوپێشدا باسی کۆکردنەوەی پارەو لێ پرسینەوەی تیا بووکە خستمانە پێش چاو • ئەم جارە شتێکی سەیر هەر لەمبابەتە کە لە هەمان کاتدا شایانی نرخاندنو بەرز بیاروانینی ئەو هەوڵو تەقەلایەیە کە لەم ڕووەوە دراوە ، کە ئەمەیەو وەك خۆی لە ڕۆژنامەی ژیان ژمارە (٣٥٢) ڕۆژی دووی شباط ١٩٣٣دا وەرمان گرتووە •

هیوای ژیان

ئەوەندمان پیتاك وپیانقۆو بلیتی تیاترۆ بۆ (منفعتی عمومیە) بە سەر خەلکدابری و هیچیشمان دیار نەبوو، هەموو وەرست بوون • بەڵام ئەم جارە ژیان دەست لە بەر بوە شەوی ئەم جوعمەیە تیاترو بۆ حروفاتی ژیان یاری بکات ، پارەی ئەم جارە لەگەڵ پارەی پێشودا کە لە صندوقی بلدیەدا هەڵگیراوە ، حروفاتی پی بکرێتو ژیان وای لێ بێت کە بخوینرێتەوە • بەڵێن ئەدەین کە ئەم پارەیە هیچی لێ نەیەتو بدرێ بەحروفاتی خۆشمان چەندو چوونی پارەکە لە غەزەتەدا دەنوسین وهەرچی پارەی داوە ئەتوانێ لێمان پرسێتەوە تووڕە نابین •

سێ هەواڵی جیاواز

باوەڕ بە ژیان

● « جونی » کیژۆڵەیەکی لاوە ، تەمەنی «٢٦» ساڵەو چەند ساڵی لەمەوپێش پاڵەوانی وەرزشی مەلەو ڕاکردن بوو ، لە یاریەکی مەلەوانیدا ، بڕبڕەی پشتی شکاو توشی « ئیفیلجی » بو ، بەڵام • ئەم کارەساتە باوەڕی بەتوانای خۆی و بەدەوامی ژیانی نەبڕی • ئەوەتا بەدەم •• کە تەنیا شوێنێکی لەشیەتی توشی ئیفلیجی نەبوە ، جوانترین تابلۆ ئەنەخشێنێ !

بریجیت بەپیری

● هونەرمەندێکی « کاریکاتێریست »ی ئەوروپایی دەستی کردوە بە کێشانی وێنەی ژمارەیەك لە ئەکتەرە ناسراوەکانی دنیا بە ناونیشانی « کە پیربون وایان لێدێت ! » لەو وێنانەی بڵاوی کردونەتەوەو لەگەڵیا دەست کردەکەی خۆی « گوایە لە کاتی پیربونداەیە ئەکتەری سینەمایی ناسراو « بریجێت باردۆ »یە •

ئەسپێ لە فەرەنسا !

● لەم ڕۆژانەدا ، لەشاری پاریس ، نوسراوی سەیر لەسەر دیوارەکان ئەبنیرێ ، ئەو نوسراوانە ، داوا لە خەڵکی ئەکەن بایەخ بە پاکو خاوێنی منالەکانیان بدەن ، بۆ نمونە یەکی لەونوسراوانە ئەڵێ « دایەگیان : سەری منالەکانت بدۆزە ، قوتابخانەکان پڕ بوون لەئەسپی ، فریاکەوە ، دەرمانی باش لە دەرمانخانە بکڕە ! » • ئەم دیاردە نوێیە لەفەرەنسا لەئەنجامی ئەوە دابوەکە قوتابخانەیەك لە ناوچەی ژوروی فەرەنسا دەرکەوتوە لە ٢٥٠ قوتابی منال لە ١٠٪یان ئەسپی تێی داون !

گۆشەی منداڵان ••

چیرۆکش گۆشە

گۆڕینی
احمد سید علی بەرزنجی

● ڕۆژێك (هەتاو)هاتە خوارەوەو چووە لای بەرگ درویەك تا دەستێجلی بۆ بکا •• بەرگ دروش ئەندازەکەی وەرگرتو بۆسبەینی بۆی تەواو کرد •

هەتاو بەرگە نوێیەکەی لەبەرکردو لەخۆشیدا بەئاسماندا لە ڕۆژ هەڵاتەوەبەرەو ڕۆژئاوا ئەفڕی و ئەتریقایەوە •

لەڕاستیشدا چەندە هەتاوخۆی جوان بوو ئەوەندەش بەرگەکەی جوانو ڕێکو پێکبوو !! ئەستێرەکان وەقیان وڕمابوو لەجوانی هەتاووهەموان تێیان ئەڕوانی بەتایبەتی کە ئەو دەستەبەرگە جوانەشی لەبەرکرد بوو •

لەوڵاوە (مانگ) ناوچەوانی گرژ کردو لجی دابەیەکداو خەم دایگرت •• چونکە ئەستێرەکان ناوڕیان لێ ئەئەدایەوەو هەموان ڕویان لەڕۆژ کرد بوو •

ئەویش بۆ سبەینێ هانەخوارەوەو چووە لای بەرگ درووەکەو داوای لێکرد کەدەستێ جلی جوانی بۆ بدورێ •• زۆر جوانتر لەوەی هەتاوبۆ ئەمەش پارەیەکی زۆری دایە • بەرگ دروش ئەندازەکەی وەرگرتو گفتی دایە کە سبەینێ تەواوی دەکا •• بەڵام ئەسبەینێو نە دوو ئەسێ ئەجوارو ئەسالێ نە دووان ونە •• ئەم بەرگەی مانگ تەواو نەبوو • مانگ لەمە توڕە بوو و لە دادگا شکاتی کرد •

● دادگا ••

(مانگو بەرگ درووەکە لە دادگادا وەستاون) • سەرۆکی دادگا : ئەی مانگ تۆ چیت لەم بیاوە دەوێت ••؟

مانگ : قوربان سێ ساڵە دەستێ جلم لەلایەتیو هێشتا بۆی تەواو نەکردووم !!

سەرۆکی دادگا : تۆ ئەڵێی چی کاکی بەرگدرو ؟

بەرگ درو : قوربان •• خۆشم تیا ماوم و شیت بووم بەدەست ئەم مانگەوە ، ئەمڕۆ ئەندازەکەی دەگرم و لەتافی چواردەمیندایەو خڕو جوان •• بەڵام بۆسبەینێ دێتو لێم بووە بە دەمە داستێك بۆ دووسبەی بووە بە نیو بازنەیەك •• ئیتر ناوا هەر ڕۆژەی بە چەشنێ دێتە لامو منیش نازانم بەکام ئەندازە بەرگەکەی بۆ بدورم !!

داواکەری گشتی : قوربان جەنابی سەرۆك ئێمە کەسانی وەك مانگمان ناوی کە هەر ڕۆژەی لەسەر شێوەیەکە •

سەرۆکی دادگا : (بریاری دادگا) بەرگدرو بەزویی بەرەڵا دەکرێو داواکەی مانگیش پشتگرێ دەخرێ چونکە لەجێی خۆیدا نییە •

مناڵە خۆشەویستەکان بۆتان ئەگێڕمەوە :

هاوکارێك

ڕۆژێکیان ڕوناك یارمەتی دایکی ئەدا لەئیش وکاری ناومال وەداوای لەگوزرانی برای کرد کە ئەویش یارمەتیان بدات بەڵام گوزران گوێی ئەدایەو چوە ناو باخچەی ماڵەکەیان لێی دانیشت •• پاشماوەیەك سەری بلند کرد •• سەیری کرد دوچۆڵەکە (نیرو مێ) لەسەر چڵی دارێك خەریکی دروست کردنی هێلانەیەکن •• کە گوزران سەرنجی دا بینی چۆڵەکەیەکیان زۆر بە بەرۆشەوە خەریکی پوش کێشانو ئیش کردنە هێنەدەی پێ نەچو گوزران سەیری کرد هێلانەکەیان تەواو کرد باش ماوەیەك بیرکردنەوە گوزران لە بەر خۆیەوە وتی : بزانە هاوکاری وەهایە چەند زوو هێلانەکەیان تەواو کرد •• ئەمەی ووت •• و •• خێرا گەڕایەوە لای ڕوناکی خوشکیو داوای لێ بوردنی کردو ئیتر دەستی کرد بەئیش کردن لەگەڵی •

ـ گوشاد ـ

یەکتری ناسین

١ ـ ناو : دڵشاد نوری
تەمەن (٥) ساڵ
ئارەزوو: چیرۆك و گۆرانی

٢ ـ ناو : عەباس صلاح
تەمەن : (٢) ساڵ

● لە خەوما ●

لەم هەفتەیەدا ئەکەوێتە بازاڕەوە • چاوەڕوان بن

٣ ـ ناو : سەناریا فوئاد
تەمەن : (٤) ساڵ
ئارەزوو : حەزی لەهاوڕێیەتی یە • •

٤ ـ ناو : نیازی فوئاد
تەمەن : (١٠) ساڵ
ئارەزوو : فلیمی کارتۆن

● نادیشا دابافلوفا) هونەر مەندی سەمای بالیە کە لەیەکێتی سوفیەت بە « پەپولە » ناو ئەبرێ • شوی کرد بە «شیسلاف جوردبیف»ی هاوڕێی • ئەم دوو هونەرمەندە ماوەیەکی زۆر لەسەر شانۆکانی سەمایی بالیە لەیەکێتی سوفیەت پێکەوە چەندان تابلوی سەمای بالیەی جوانیان پێشکەش کردوەو هەموو جار ڕایان ئەگەیاند کە بیر لەوە ناکەنەوە بچنە قەفەزی ئالتونی ژنو مێردایەتیەوە ، بەڵام • لەم دواییەدا • خۆشەویستی گەیاندنیە ڕادایەك ، ئەیان توانی چارەڕێ درێژە پێ بدەنو سەبریان سوا لەم دوو وێنەیەدا « ویشاو »و « شیسلاف » ئەبینرێن • یەکەم لەسەر شانۆ سەما ئەکەن ، دووەم نوسراوی ژنو مێردایەتی مۆر ئەکەن •

Institut Kurde de Paris